# حەسەن حەیران

## حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

# حەسەن حەیران

## حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

جەمال گردەسۆری

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **حەسەن حەیران (حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری)**
- نووسینی: جەمال گردەسۆری
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: (ماد)
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٣٧٠) لەساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (١٠٦١)



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## پێرست


– پێشەکی ........................................ ٧
– کورتەی ژیانی ........................................ ٩
– دەربارەی حەیرانەکان ........................................ ١٠
– حەیرانەکان ........................................ ١١
– لاوکەکان ........................................ ٤٧
– دەڵێ وایێ ........................................ ٤٨
– سمایلۆ ........................................ ٥٦
– گورێ ........................................ ٦١
– دوا لاوکی تۆمارکراوی ........................................ ٦٦
– دوا لاوك دەربارەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن .................... ٦٧
– مێوان مێوان ........................................ ٦٨
– بەستە ........................................ ٧١
– دەڕژێ و دەڕژێ ........................................ ٧٢
– لە گوندان کێندەر خۆشە ........................................ ٧٤
– کاکە سەرم زۆر دێشی ........................................ ٧٦
– وەمەکە ........................................ ٧٨
– دواندنی چەند هاوڕێیەکی نزیکی حەسەن حەیران .................... ٧٩

– خورشید شێره ........................................ ٨٠
– ئاودەڵ ............................................... ٨٤
– بارزانی مەلا خالید ................................... ٩٢
– موحەممەد ئەمین ڕۆژبەیانی ........................... ١٠٣
– ئیبراهیم حاجی عەلی ................................... ١١٠
– ئەو نووسینانەی لە یادی حەسەن حەیران نووسیومن ................ ١١٣
– حەسەن حەیران ڕوحی مقاوەمەتی پێشمەرگەو شۆڕش ............... ١١٣
– حەسەن حەیرانی ورە بەرز ................................ ١١٥
– حەیران بێژی شۆڕش و مقاوەمات حەسەن حەیران .................. ١١٧
– حەسەن حەیران دەنگێکی نەمر ............................ ١٢٣
– لە یادی ٢٦ ساڵەی شەهید حەسەن حەیران........................ ١٢٨
– حەسەن حەیران قاڵبوو لە شۆڕش و حەیراندا ....................... ١٣٠

# پێشەکی

حەسەن حەیران ئەو مرۆڤە بوو، کەتوانی مێژوویەك بۆ خۆی دروست بکات نەوەی ئێستاو دوارۆژ شانازی پێوە بکەن، وەك کەسێکی کورد پەروەرو حەیرانبێژێکی لێهاتوو هەریەکەی لەم بوارە ئەو مرۆڤە دەناسن، عیشق و ناسینی بەندە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مندالّیم لە یادمە لەسالّی١٩٧٥ بەر لە نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەلّ دایکم و کاکم کەمال لە گوندەکەمان گوندی گردەسۆر دەچووینە گوندی سۆفی ئیبراهیم مالّی خالّمان لەوێ بوو لەنزیك گوندی سۆفی ئیبراهیم چەند چەکدارێك لەسەر ڕێگا دانیشتبوون بە موسەجەل کاسێتی حەسەن حەیران خرابووە سەر دەنگی لەدوورەوە دەهات .

دایکم گوتی: ئەوانە دەبێ جاش نەبن ؟

بەندە گوتی: ئەمانە پێشمەرگەن.

گوتی: چۆن دەزانی ؟

گوتم:

لەبەر ئەوەی گوێ لە دەنگی حەسەن حەیران ڕادەگرن، کاتێ کە گەیشتینە لایان ڕاست دەرچوو پێشمەرگە بوون، ئەم بۆچوونەی بەندەیان بۆیان گێڕانەوە ماچیان کردم.

دەنگی حەسەن حەیران دەنگی بەرگرییە جیا لەهەر دەنگی دیکە لەبەر ئەوەی ئەو زاتە لەکاتی بەرگری کردنی لەخاك و شەرەف و کەرامەتی کورد حەیرانی دەچڕی کەورە بەرزی دەبەخشییە پێشمەرگە، کەواتە ئەو پێشمەرگە ورە بەخش و بیرو باوەڕێکی پتەوی کوردایەتی دلّسۆزو پاك بوو تا ڕۆژی کۆچی دوایی چەکی کوردایەتی لەشان بوو، ئەمە بوو بۆیە کەسێك نەبوو لەحەیران گوتن

خۆی لەقەرە بدات، بەندەش لەبەر ئەو هۆکاران عەشقی دەنگی و بە ئومێدی ئەو ڕۆژە بووم بەرۆژێکی وەك ئەمڕۆ بگەم کتێبێك دەربارەی ژیان و حەیران و لاوك و بەستەکانی کۆبکەمەوەو بە چاپی بگەیەنم ئەگەرچی ئەم بەرهەمە چەند ساڵێکە ئامادەی چاپە، بەڵام دەرفەت نەرەخساو هۆی سەرەکیش گەڕان بەدوای ئەوەی بەڵکو لەلای دڵسۆزیك حەیرانێك یاخود لاوکێکی دیکە بکەوێتە بەردەستمان بەڵام لەمە زیاتر نەبوو، بەو باوەڕە هێندە لامان بەنرخ بوو، هەمیش دەربارەی ژیان و مەردایەتی و باوەڕە پتەوەکەی کوردایەتی بنووسرێت تەواو نابێت لێرەدا کۆتایمان پێ هێناو بەو ئومێدەم خزمەتێکی بچووکم کردبێت و لێم ڕازیبن

## کورتەی ژیانی

ناوی تەواوی حەسەن قادر خەلیل، لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی تەلەرخێمی گەورە لە دایك بووە، لەهۆزی ڕۆژبەیانیەو لەساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کردووەو بۆتە پێشمەرگە، پلەی پێشمەرگایەتی سەرپەل و دواتر دەکرا بە سەرلق بەلاّم بەهۆی نەخۆشی تەنگەنەفەسی ئەو پۆستەی وەرنەگرتووەو لەجیاتی ئەو ئاودەڵ ڕۆژبەیانی کە خزمی بووە کراوە بە سەرلق، وەك پێشمەرگە بەشداری شەڕەکانی بەشی هەرەزۆری شەڕەکانی دەشتی هەولێری کردووە، لەو کاتیش بۆ ورە بەرزکردنەوەی پێشمەرگە حەیران و لاوکی وتووە، هەروەها هەردەم لە سەرکەوتن خاوەن باوەڕ بەخۆی بووەو چەندین جار بریندار بووەو بەلاّم بە هۆیەوە ورەی بەرنەداوە، هەروا بەهۆی ئاستی ئازایەتی و پاك و مەردایەتی چەندین جار لەلایەن بارزانیی نەمر بانگ کراوەو ڕێزی لێنراوەو خۆشەویستی بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو سەرۆك مسعود بارزانی بووەو هاموشۆی کردوون و زۆر ڕێزی لێ گیراوە، لە تەمەنی ژیانی ٤٧ ساڵ ، ٢٣ ساڵی ڕەبەق لەنێو شۆڕشدا بووە، تاوەکو لەڕێکەوتی ١٦- ٧- ١٩٨٤ لە گەشتێکی نێوان نەغەدەو ڕەزایە بە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەست دەدات، لەسەر وەسیەتی خۆی لە ساڵی ١٩٩١ تەرمەکەی دەگوازنەوە گوندی تەلەرخێمی گەورەو دەنێژرێت، لە بواری لاوك و حەیرانەکانی بەشی زۆری لاوکەکانی باس لە ژیانی قارەمانیەتی چەند شەهیدێك دەکات، لە حەیران زۆربەی بۆ هاندانی ئاستی ورە بەرزی بۆ پێشمەرگە بووەو لە گەرمەی شەڕدا حەیرانی چڕیوە، لە بواری ژیانی هاوسەری دووجار ژیانی هاوسەری پێك هێناوەو باوکی چوار کوڕو چوار کچ-ە ، کوڕەکان چەتۆ، ئەمیر، هیوا، ئومێد، کچەکان مەهان، خەرامان، پەیمان، شیلان.

## دەربارەی حەیرانەکان

حەسەن حەیران حەیرانی بۆ ئـەوە نەچڕیوە پێـی بناسـرێت و شـانازی پێـوە بکات، ئەو حەیرانی بۆ هەوەسی دڵی خۆیی و لەوکاتەی کە بەشداربوو لـە ڕوو بـە ڕووی دوژمن لە هێرش بردن و بەرگریدا لەبـەر ئـەوەی ئـەکات لای ئـەو خۆشـترین کاتە بۆیە گەرم دەبوو بە وتنی حەیران و بەشدارییەکەی لە شەڕدا کە گەورەترین شەرەفە لەلای کورد پەروەران بۆیە ئەوکات شەرەفمەند دەبوون کە یەکەم کـەس بن بـۆ چـوونە نـاو بارەگـای دوژمـن و یـاخود بەرپەرچـدانەوەی هێرشـی دوژمـن، هەڤاڵەکانی شایەدمانی ئەو ڕاستیەن کە بەردەوام لە بەشـداری شـەڕەکان بـووەو لە گەرمەی شەریشدا حەیرانی چڕیوە، کەواتە حەیرانەکانی بۆ شۆڕش و بەرگریـدا بووەو بە دوور لەوەی بە حەیرانبێژ بناسرێ و حەیرانەکانی تۆمـار بکـات، ئـەوەی بە باش نەزانیوە هەربۆیەش حەیرانی تۆمار کراوی کەمە.

# حەیرانەکان

-١-

دەرێم ئەوە دیسان ڕۆژم لێ هەرات گەزەنگان داوێ.
لە بۆت بمینێم بەژن باریکی بێ پەرە،
دەرێم ڕۆژم لێ هەرات گەزەنگان داوێ.
ڕۆن دەکاتەوە سەرێ سەفینی،
دەداتەوە لە قەراتی پیرە هەولێرێ،
سەرێ قەرەچوغا ڕەنگین لە کۆرپە کیژۆرەکانی کەندێناوێ.
دەبا بەژنێ ئەوی غەداری غەدار داك ،
لە بۆمن بمینێ بەشترە نەمامەکانی وەکی هەموو فەسری دەری بواران
شین دەبی لە باغی حاجی مستەفای
مار لە شەقراوێ .

-٢-

چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ
دەرێم غەم دری گرتیمە
ئەوەلەن لەبەر خۆفی خودای گەورە
دووەمین لەبەر لۆمەیێ عەبدان سینگم گیرایە
وەللا دەریم ناوێرم هەرینم دەنگێ
ئەوە چەند شیرن لە بۆیان

خۆزی بە خۆزی عەوەت عەوەتیٚ دایمە سواران
فرمەییٚ مامزان
نوسکەی تاژییان
برا دەریٚم کۆرپە کیژۆرەکانی دربەغەم
یان لەگەر فیتەی شوانان
چاوەکەم دەریٚم لەگەر قاژەییٚ تڤەنگیٚ.
ئەمن هەنگینیٚ تەرکی دوو چاوی بەرەك و گەردەنی زەردی بە خاری دەکەم
هەتا ئەویٚ ڕۆژیٚ بە کۆمەرەکیٚ برادەران
سەرم دەدورنەوە لە جەنگیٚ.
تەسلیمم دەکەنەوە بە خاکی گری
لە بۆ خۆ گەلە گەلە بە درەکی غەمبار
دەبا لە بەقەفا سمیٚری سوسنیٚ
هەرگرم مەرامە بەژەنگیٚ .

-٣-

دەریٚم بابە ئەوڕۆ بەویٚ هیٚواریٚ
دەریٚم گەلە بریندارم لەبەر غەمیٚ پیرە دونیاییٚ
دەریٚم برینی کەون و نوم هەموو لیٚکڕا کولاوە.
لە بۆت بمینیٚم باریکی بیٚ پەرە
دەریٚم گەلە بریندارم لەبەر غەمی پیرە دونیاییٚ
برام دەریٚم برینی کەون و نوم هەموو لیٚکڕا کولاوە.
ئەمن قەت برادەرەکیٚ هەند در بەقاو متمانم نەبوو
لەبەر غەمیٚ پیرە دونیاییٚ درم گەلە گەلە بە خەمە
هەر بە خۆم دری خۆم دەداوە.
سەبارەتیٚ بە دوو چاویٚ بەرەك و
گەردەنیٚ زەردی بەخاری بوویمە

ماسییەکانی دەرمان خواردی
سەریَ چەند سارە کەتیمە لەدەو ڕووبارە ئاوە.
دەبا پەرچەمیَ ئەوەی غەداری غەدار داك
لە بۆ من بمینیَ بە کارتە ڕەیحانەکانی
وەکی هەموو فەسلی دەرە بواران
لەگەر گەزەنگی ڕۆژیَ
گەلە گەلە بەنازی لیَ دەکەویَ
هوردە خوناوە.

- ٤ —

دەمگۆ بە چاویَ من بڕۆنیَ
دیسان دەرێم برام گەوارەکی دەهینا
چەند دوور دەباری.
لۆیە گەلە کەساردو
کەسەر داری دوو چاوی توومە گەردەن کێل
دەرێم گەوارەکی دەهینا
دەمگۆ براینە بە چاوی من بڕۆنیَ
دەرێم چەند دوور دەباری.
ئەوە شۆڕ دەکاتەوە دەو زێیە
کاولی عارەبان دەگرتەوە
دەشتیَ کاولە قەراجیَ
سەریَ قەرە بۆتك و قەرەبۆتکان
دەراویَ قورینگان
گۆمی مارواشان
دەوزێیە کا بادینان
گۆمەتەکەی سولّتان عبدوللّای عارەبی

سەریٚ قەراتیٚ پیرە مەخمووری
شۆڕ دەبتەوە لە دەرکی بازاڕگەی خۆمان
گەلە گەلە بەنازی تەڕدەکاتەوە
سەرو پەرچەمیٚ شەنگە بێری
گاوەرەو کەنداری.
ئەمن خۆزی بە خۆزی داران
باجگری ماچان بام لەسەر پردەکەی کاولە ڕواندزیٚ
ئەوەلەن لە کیژۆرە بارەکییان
گەردەن کێلی ڕەواندزییان
لەسەر بەتاسیٚ خۆشناوان
لەییٚخە بەسنجاقیٚ کۆییان
سەر بەمۆری سولێمانییان
لە عەبا ڕەشیٚ هەولێرییان
لە بسك قوتیٚ سارەییان
لە کیژیٚ خێرەکی و ڕەوەند و ئاکۆیی و مام ساری خەیلانیان
لە شل و مل و باغەر شۆڕیٚ دزەییان
وەکی فەسلیٚ دەرە بواران دێتەوە
لەسەر چاکەکەی سولٚتان عەوللاّی عارەبی
لە گۆمیٚ معیجیلەی
لە گۆمیٚ سیٚ قۆنیچکی
ناوەللاّ دەرێم لە کەندو لەندی مشاری .

— ٥ —

دەرێم بابە ئەورۆ بەویٚ هێواریٚ
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەرێم داریٚ شەکرانیٚ لەمن پیرە دارە.

ئەوە دەرێم چاوەکەم
دەنگۆ بە چاوی من بڕۆننیٚ
لەبنی یەکە
خۆ مەعلومە لەسەری هەزارە.
دەمگۆ بە چاویٚ من بڕۆننیٚ
ئەوی غەداری غەدار داك
سبەینان وەکی لەگەر گەزەنگی ڕۆژیٚ دێتەوە
لە ڕێی سراویٚ
زێدە لە کیژوکاریٚ گوندێمە
بە خودای دایمە بەدایم
دەوی بە پێکەنینەو
تیلاکەی خوارە.
-٦-
دەرێم ئەوڕۆ بەویٚ هێواریٚ
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
بابە دەرێم درم بە قونگرە قەراتە
سەبارەتیٚ بەدوو چاوی بەرەك و
گەردەنی زەردی بەخاری
قەت نابی ڕازی.
دەبا چاوی ئەو غەدار داکەی لەبۆ من بمینیٚ
بە چاوی کارو کار غەزالەکانی سورخنی
جا وەکی دەلەوەڕێتەوە لە بانی بۆران
لەبەر عەوەت عەوتیٚ دایمە سواران
فرمەییٚ مامزان
قاژەییٚ بڕنۆیان

دەرێم دەپەڕیەوە لە جۆگەی شا قازی.
ئەمن دونیَ لە مەرکەزیَ ژوانیَ
گەیمە دوو چاویَ بەرەك
دەمگۆ چاوەکەم دەبینە لەبۆ خۆ دەستەکی
باوێمە سەر ملیَ بەکەزی
بە دەستیَ دی دەربینم جۆتە شەمامە شەمامان
هەرمژم خاریَ گەردەنان
بۆنکەم گەرییَ خەناوکیَ مۆری و مەرجانان
گەلیَ عاشق سەریَ خۆیان نا لەبن گری
کیژ دەریَ درم گەلە بەخەمە یان دەستانم لیَ بەردە
یان لە بۆ بەدران بمخوازی .
-٧- -
دەرێم بابە ئەوڕۆ بەویَ هێواریَ
دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
درم قاسیدە
چاوێژگەم دوور بینە
دایمەن بە دایم بە دنیا دەنۆڕی.
لە بۆت نەمینێم باریکیَ بیَ پەرە
دەرێم درم قاسیدە
چاوێژگەم دووربینە
لە بۆت نەمینێم گەردەن کێل
دایمەن بە دایم دنیای دەنۆڕی.
ئەمن چاوی ئەو غەدار داکەم دەشوبهاند
بە چاوی کارو کار غەزالەکانی سۆر خۆنیَ
جا وەکی دەلەوەڕێتەوە لە دەشتی کاولە قەراجیَ

لەبەر عەوەتێ دایمە سواران
فرمەیێ مامزان
نوسکەی تاژییان
قاژەی برنۆیان
دەریم گەلە گەلە بەنازی لە دوای داکی دەقۆڕی .
ئەمن سەت حەیف ومخابنێ دنیاییم دەمینێ
لە بۆ کۆرپە کیژۆرەکانی پەرچەم شێ
وەکی شەو لە نیوەباری شەوێ گەلە گەلە بە درەکی غەمبار
هوردە فرمیسکان بەر دەدەنەوە لەسەر ڕومەتا سۆری گور گوری
بە خوای هەر بەتاقیتەنێ تەنها کەلەکان دەگۆڕی .

-٨-

خۆزیا بە خۆزی داران دەبا ئەمن کوریکەك بامایێ
لە کوریکی گاگرۆیێ.
شین ببامایە لەسەر هەیبەت سوڵتانا ڕەنگین
هەموو دانی سبەینان سەبارەتێ بە کۆرپە کیژۆران
پەرچەم شێیان
چاو بەکلان
دەبا بەرێ خۆم دابایە باخەکەی کۆیێ.
دەبا بەژنێ ئەوی غەدار غەدار داك
لەبۆ من بمینێ بەشترە نەمامەکانی
وەکی هەموو فەسلی دەری بواران شین دەبی بە خودای
لە باغی حاجی مستەفای مار لە شەقراوێ
سەبرۆکە لە سەری دەگری نارنجە
لە بنی دەگری لیمۆیێ.

-٩ -

دەرێم بابە چەندی گاز دەکەم
داری دێدەوان لەمن دوو لکە.
ئەمن لەبۆ خۆ
ڕەشە ڕەحانم دەچاند بەوێ فەسلی دەری بوارێ
نازانم تالعی من بوو
نە تالعی ئەو بابان وێرانەی
شین دەبوو سۆرە گورو هوردە پەلکە.
کیژ دەرێ چاوەکەم دەتوو وەرە
لە بۆ خۆت دەستەکی باوێ سەر ملی بەکەزی
بە دەستی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان لۆ خۆ
لە خەرك و عەوامێ گوندێمە ڕادیارە
ئەمن تازە دادەنێم بنێ سمێرێ
ئەتووش خڕ دەکەیەوە بنی مەمکە.

-١٠ -

ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ
چەندی گاز دەکەم لە زینان
لۆیێ گەلە کەسادو کە سەرداری دوو چاوی توومە
غەدار داك لە زینە تیرێ.
ئەمە چاوی ئەو غەدار داکەم دەشوبهاند
بە چاوی کارو کار غەزالەکانی سۆر خونی
چاو ڕەش وەکی دەلەوەڕێتەوە لەسەریێ سپیلکێ
لەبەر عەوەت عەوەتێ دایمە سواران
فڕمەیێ مەعنەگان

قاژەیێ برنۆیان
گەلە گەلە بەناز دەپەڕیەوە
لە جۆگەی هەریرێ.
ئەمن دەزانم داکی گەلە گەلە ئەسل زادەیە
گەردەنی خۆی هەردەکێشا
دەمن دەزانم بە چ پیسکە ڕاوکەرێ
گوندێمە نایەتە گرتن
بە خودای بەمن نەبێ
بە قەت کەسێ دی ناگیرێ.

-١١-

دەرێم بابە توخوا دنیا بوو ئەمن مردم
دەرێم دەگەلی برادەرینە
ئەنگۆ قەت مەرێن درەنگە.
قەبرەکی لەبۆ من لێدەن
لەسەر سینگ و مەمکی ئەوی غەداری غەدار داك
ئۆبار بە ملی مامۆستای
دەرێن لێمەدەن بە کورینگ و بێران
بێزاری گەلە گەلە تەنگە.
لۆت بمینێم دەوجا لە بۆم برێنەوە
کۆرپە کیژۆرەکانی در بەخەم
لەگەر میری کیژۆران
سوکە ژنەکانی دەست بەبازن
دەبا هەموو دانی هێواران
دەمەکێ بێنەوە سەرینم
شینەکم لەسەرینگانی دابەستن

هەر بە ئاوازو دەنگە.

-١٢-

دەرێم ئەورۆ بەوێ هێوارێ
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
نازانم بە کێندەرێدا هەر برێم
چاوەکەم دەرێم لە بانان لە بانی کۆڕێ.
دەبا گەردەنی ئەو غەدار داکەی لەبۆ من بمینێ
بە گەردەنی قورینگەکانی شاپەڕ بە خوناو
وەکی هەموو فەسلێ دەرە بواران
قیڕەی دێ لەساکە گۆڕێ.
ئەمن دونێ لە مەرکەزێ ژوانێ
گەلە بە درەنگەوە گەیمە دوو چاوێ بەرەك
دەمگۆ دەبینە لەبۆ خۆ
دەستەکی باوێمە سەر ملێ بەکەزی
بە دەستێ دی بترازێنم کلیلی سنجاقان
دەربینم جۆتە شەمامە شەمامان
دەچمەوە وراتەکەی غەریبان
درت گەلە گەلە ناسکە غەدار داك
نەوەك مەیلت بگۆڕێ.

-١٣-

چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
بابە ئەورۆ بەوێ هێوارێ
چەندی گاز دەکەم برام
سێتاقان لەمن ئەوبەر ئەوبەرە.
ئەوە دەرێم جادەکەی کۆیێ

لە من ئەوسەر ئەوسەرە.
کۆشکی ماری بابی نازدار حەیرانەکەی من
لە من بە تاق و پەنجەرە.
ئەوی غەداری غەدار داك
جۆتەکی تیرانیان لە جەرگی دایمە
یەکەکیان ناوی خەجیجە
ئەوی دی ناوی ئەسمەرە.
ئەمن دونیٚ گەلە بە درەنگەوە
لە مەرکەزی ژوانیٚ گەیمە دوو چاوی بەرەك
دەگۆ دەوەرە لە بۆ خۆ بترازێنە
کلیلیٚ سنجاقان
بە دەستی دی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان
ئەورۆ لەگوندەکەیمە
شایی و گۆوەندە
نازانی لە من و دری توو
ئاخە لەگەر کەسەرە.

-١٤-

دەرێم لە زووری
لەبۆت نەمینێم پەرچەم شیٚ
دەرێم لە زووری
وەللا دەرێم لە زووری ما زووری.
دەبا چاوی توو لە بۆ من بمینیٚ
بە چاوی کارو کار غەزالەکانی سورخنی
جا وەکی دەلەوەڕێتەوە لە دەشتی کاولە قەراجی

هەموو دانی سبەینان گەلە گەلە بە نازی
کێشتاوی خۆی دەخاتەوە
لە جۆگەی مەخموری.
ئەمن خۆزی بە خۆزی داران
جۆتەکی ڕاموسانم قەردبایە
لەویٚ غەداری غەدار داك
یەکەکیان وەکی سۆر دەبی لەبەر هەرمیٚ ئاگری
ئەوی دی دانی هێواران
وەکی دادەنیشی لەبەر تەونی
دەست دەگەینتە مقەسەکی ئینگلیزی
گەلە گەلە بەنازی
بە درەکی خەمبار فرمێسکان بەردەداتەوە
بەسەر ڕوومەتیٚ سۆری گور گوری
گەلە بە درەکی بەخەم
دەبڕی گورینگەی مافوری.

-١٥-

چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەرێم خۆزیا بە خۆزیاداران
دەبا ئەمن کوریکەك باما لە کوریکی لەیلاییٚ.
ئەوەل فەسلی دەرە بواران
شین ببامایە لەسەر قەراتی پیرە هەولێری !
هەموو دانی سبەینان
دەبا بەریٚ خۆم دابایە
هەردوو دەرکیٚ سەراییٚ.
ئەمن دونیٚ لە مەرکەزیٚ ژوانیٚ

له من وابی خەبەرەکیان دەدامێ
له من وایه دەگەمه مرازو مەخسودێ دنیایێ.
نەمدەزانی له پێیانم دەکەنەوە سندمێ
له دەستانم دەکەنەوە کەلەمچێ
گەله گەله بەدرەکی خەمبار دەمبەنەوە
له بۆ شارەکەی حەفت قۆناغ له خوار بەغدایێ.
-١٦-
دەرێم بابه ئەورۆ بەرێ هێوارێ
چەندی گاز دەکەم دەرێم
زێیێ بادینان له من دێیو دەسافێ.
له بۆت نەمینێم پەرچەم شێ
دەرێم زێیێ بادینان له من دێیو دەسافێ.
شەپۆلی خۆ دەداتەوە
له جسرێ کەرەکێ
له حاوێ مەلا عومەرو چەمه دوبزان
گوێرو زمارەو زماران
هەموو دانی هێواران گەله بەنازی
پارێ خۆ دەداتەوە
به گردەکەی کاوله کوشافێ.
دەبا سینگ و مەمکی
ئەوی غەداری غەدار داك
له بۆ من بمینێ
به گومەتەکەی سوڵتان عەوڵای عارەبی
وەکی هەموو فەسلی دەره بواران
جاحێرەکانی در بەغەم

لە بۆ خۆ گەلە بە درەکی بەخەم
لێ دەکەنەوە زیارەتا
لەگەر تەوافێ.

-١٧-

دەرێم بابە لەبەر گەلی دۆست و برادەران
ئەمن نازانم بە کێندەرێدا هەر برێم
چاوەکەم دەرێم لە سیلان لە سیلەی مزگەفتێ
ئەمن لەبۆ خۆم بەتەما بووم
بەوێ فەسلی دەرە بواران
بە مرازو مەخسودێ خۆم بگەم
لەگەر دوو چاوی بەرەك
ئەمن نەدەزانی پیرە کوردستان
کۆسپەی دەیەختێ.
ئەوە ماری بابی حەیرانەکەی من لێی دەناوە
دەپەڕییەوە لە کەندێ کەندێناوێ
شۆڕ دەبوونەوە لە کلکەیێ قەرەبێتك و قەرەبۆتکان
وەکی دەکێشی سەری شێوەرێ
دەرێی قورینگە گەردەنی خۆی هەر دەکێشا
دەزانم هەواریان گەلە دوورە
هەریان دەدا
لەدەو کاولە شەتێ.
دەوجا کیژ دەرێ
عەزیزێ بە درێ خۆم
بترازێنە کلیلی سنجاقان
دەربینە جۆتە شەمامە شەمامان

هەر مژە خاریێ گەردەنێ
بۆنکە گەڕی خەناوکان
بەینی مۆری و مەرجانان
گەلە عاشق سەری خۆیان نایەوە بن گری
گەلە مەترسیم هەیە
لەسەر درمان
ببیتە کولکە
لەگەر خەفەتێ.

-١٨-

دەرێم دیسان خەمی دنیایێ
ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ دەرێم
لە درێ کاکینگۆ دەیان کرد تەگبیرە
لەگەر هەرایە
لۆت نەمینێم گەردەن کێل
دەرێم خەمی دنیایێ
دیسان لەدرێ من دەیان کرد
وەللا تەگبیرە لەگەر هەرایە
ئەمن سەت حەیف و دوازدە مخابنێ
دنیاییێم دەمینێ
لە بۆ کۆرپە کیژۆرەکانی پەرچەم شێ
لە نیوەی باری شەوێ
هوردە فرمێسکان بەردەداتەوە
سەر ڕوومەتا سۆری گور گوری
گەلە گەلە بەدرەکی خەمبار
کەلەکان دەگۆڕی

هەر بە تەنهایە٠
دونێ گەلە بە درەنگەوە
لە زاری کۆرانێ گەیمێ
دەیگۆ لاوێ نەرمۆکە دەتو وەرە
لە بۆ خۆ بترازێنە
کلیلی سنجاقان
بە دەستی دی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان
ئەتو نازانی گولەکەی مێران
بە خودای بوویتە کندرەکی حەلەبێ
لەملان شەتایە.

-١٩-

دەرێم بابە ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ
دەرێم خۆزیا بە خۆزیداران
دەبا ئەمن کوریکەك باما
لە کوریکی نەورۆزێ
شین ببامایە لەسەر قەراتێ
نەوەللا بابە دەرێم شین ببامایە
ئەوەل فەسلێ دەرە بواران
لەسەر قەرەچوغا ڕەنگین
هەموو دانی سبەینان
سەبارەتێ بە کۆرپە کیژۆرەکانی دزەییان
شل وملان
پەرچەم شێیان
باغەر شۆڕان

دەبا ئەمن سەری خۆم دەربهینابا
لە بەینی غوبارەو تۆزیٚ.
ئەمن دونیٚ لە مەرکەزی ژوانیٚ
گەیمە ئەوی غەداری غەدار داك
دەبینە لەبۆ خۆ
دەستەکیٚ باوێمە
سەر ملیٚ بەکەزی
بە دەستی دی
دەرینم جۆتە شەمامە شەمامان
دەڕێن سبەینیٚ جێژنەیە
خەرك و عالەمیٚ گوندێمە
دەچنەوە سەر چاکەکەی
سوڵتان عەوڵای عارەبی
دەبا ئەمن و توو لەبۆ خۆ
گەلە گەلە بە نازی
لێرە بکەین جێژنە
لەگەر پیرۆزی.

—٢٠—

ئەوڕۆ بەویٚ هێواریٚ دەرێم
چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
بابە لەبەر غەمیٚ دنیاییٚ
ئەمن نازانم بە کێندەرێدا هەر برێم
چاوەکەم سبەینان لەگەر گەزەنگی ڕۆژیٚ
وەکی دێتەوە لە ڕێی سراویٚ
دەرێم رفت و ڕۆینی گەلە گەلە لەم گێزە

دەجا ئەمن دەمگۆتە گەلی دۆست و براو برادەران
دەمگۆ بە چاوی من بڕۆننێ
ئەوی غەدارێ غەدار داك
سبەینان وەکی لەگەر گەزەنگی ڕۆژێ
دێتەوە لەڕێی سراوێ
دەرێم ڕفت و ڕۆینی گەلە گەلە لەم گێزە
کیژ دەرێ چاوەکەم دەتوو وەرە
لەبۆ خۆت دەستەکی باوێ سەر ملێ بە کەزی
بە دەستەکی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان
هەر مژە خارێ گەردەنان
بۆنکە گەڕی خەناوکەو
مۆری و مرجانان
گەلە گەلە بەنازی
لەبۆ خۆ قەفا سمێرە سوسنی
لە بەینی گوارەو خەزێم سەر گۆزە.
-٢١-
کیژ دەرێ چاوەکەم دەتوو وەرە
لەبۆ خۆ بە دەستەکی بترازێنە
کلیلی سنجاقان
بەوی دی بگرە
جۆتە شەمامە شەمامان
گەلە گەلەك عاشق سەری خۆیاننا لەبن گری
گەلەك مەترسیم هەیە
نەوەك بەوێ فەسلی دەرە بواران

لەسەر درمان ببیتە كولاو ماخراتیٚ
بابە دەرێم سەریا من گەلە دێشی
درم دێی و دەلەكیٚ
دەمگۆتە گەلی دۆست و برادەران
دەوەرن بەویٚ فەسلی دەرە بواران
دەبا بە عام زەینیٚ خۆ بدەینە قەرەچوغا ڕەنگین
دەبا بزانین كوریك و حاجیلەو بەیبونان
بەویٚ فەسلی دەرە بواران
وەی بابە دەرێم
دارەبان لەگەر پەلكیٚ
ئەوجا كیژ دەریٚ حەیاتەكەم
بە دریٚ خۆم
ئەتوو وەرە
بە دەستەكی باویٚ سەر ملی بەكەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
خۆ لە خەرك و عالەمێمەدا دیارە
واتازە دادەنێی خەتی سمێرا
لەبۆ خۆ گەلە گەلە بە نازی
خڕ دەكەمەوە بنیٚ مەمكیٚ.

-٢٢-

دەرێم بە چاوی من بڕۆننیٚ سامارە
برام ساماری شینە
دونیٚ لە مەركەزی ژوانیٚ
گەیمە دوو چاوی بەرەك
دەمگۆ وەرە چاوەكەم

بزانم لۆچی عاجز و در بە غەم و غەمباری
گفتو گۆی جارانت لەگەر من نینە
چاوی ڕەشی هەر دەینی لاوی نەرمۆکە
وەمزانییە جۆتەکی یارانت
لەسەرە من گرتینە
دەرێم قسەی توو ڕاستە چ درۆی تێنینە
دەتوو وەرە
ناوی ئەوان کۆرپە کیژۆرانت لۆ بەیان کەم کێنە
یەکەکیان فاتمە سۆری خەیلانییە
ئەوی دی خەزارە شۆڕی مەلا نەبییە
ئێمەنی سۆرە گۆریێ چەلینە
ئەوە شەویێ زستانیێ ساردو سەرمایە
یەکت لۆ دەکەم بە کۆڵەواریێ چاوەکەم
بە خوای ئەویتکە دەکەم
بە لانك ژینە.

-٢٣-

بابە دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەرێم دری من بە خۆف و قەراتە
سەبارەتیێ بە دوو چاوی بەرەك دەرێم
قەت نابم ڕازی
ئەمن بە ژنی باریکێم دەشوبهاند
بەکارو کار غەزالەکانی سۆرخونی
چاو لەوەکی دەلەوەڕێتەوە
لە بانی گردەسۆری
لەبەر عەوەت عەوەتی برایمە سواران

فەڕمێ مامزان
قاژیێ بڕنۆیان
گەلە گەلە بەنازی
لە دوای داکە
بابە دەرێم دەپەڕییەوە
لە جۆگەی شاقازی
ئەوجا کیژ دەرێ شەوی زستانان
جۆتە شەمامە شەمامەکانی
ڕۆستەم بەگی
سەری مانگ و مانگان
لەبن کراس و کەوێیە
دەوەرە بەوێ فەسلی دەرە بواران
دەستانی لێبەردە
یان لەبۆ بەردا
یا ئەوەتانە بمخوازی .

-٢٤-

بابە دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ
کیژێ دەرێم
لەبۆت بمینێم چاوی بەرەك
دەرێم سامارە ساماری شینە
ئەمن دونێ لە مەرکەزی ژوانێ
گەیمە دوو چاوی بەرەك
دەمگۆ چاوەکەم دەتوو وەرە بزانم
لۆچی گفتو گۆیەکەت

چەند جارەت وەکی جارە
لەگە من نینە
کیژ چاوی ڕەشی هەر دەینی
دەریٚ کوڕە لاوی نەرمۆکە
ئەمن لۆییٚ گفتو گۆی چەند جارەم
لەگەر توو نینە
وەللا جۆتەکیٚ یارانت لەسەر من گرتینە
ئەوجا ئەمن دەمگۆتە دوو چاوی بەرەك و
گەردەنی زەردی بەخاری
کیژیٚ ماوە
دەتوو وەرە
ناوی ئەوان کۆرپە کیژۆرانت
لۆ بەیانکەم کێنە
یەکیان فاتمە سۆری خەیلانیان
ئەوی دیکە خەزارە شۆڕی مەلا نەبییان
هەمینی سۆرە چاوەکەم
دەرێم گورنیەو تەنینە
ئەریٚ حەیاتەکەی من
دەمگۆ شەویٚ زستانێیە
گەلە گەلە ساردو سەرمایە
ئەمن یەکت لۆ دەکەم بەکۆلەواریٚ
ئەوی دیکە لەبۆ لانك ژینە.

—٢٥—

بابە دەرێم سوندەکی دەخۆم بە موحەممەدی
ماری خۆ دانایتەوە لە مەکەو مەدینیٚ

ئەمن گەلە گەلە بریندارم
بە دوو چاوی ئامینێ
جۆتەکی تیرانیان لەجەرگی دایمە
ئەوەلی غەداری غەدار داك
سەری وان تیران
قولابی بنیان مایتەوە
لە گۆمی خینێ
ئەمن دەمگۆت
لەبۆم برێنە وان حەکیم و لوقمانان
دەبا دەمەکی بێنەوە سەرینێ
بە چاوانم بڕۆننێ
بەزارم لێبکەن خوێنێ
ئەمان برینانم گەلە گەلە دەهێشن
کە چارەم نەکەنێ
ئەوجا برێ کیژۆران
درێ دەستی گەلی خوشکینە
دەگۆ دەوەرن
دەبا مە بەعام قودیەکی مەرحەمێ بگرینەوە
لە هێلێ
لە زەترێ
لە تۆزی شەتێ
لە بن شۆراکی گوارێ
لەگەری خەناجیێ
لە قۆری مەرجانێ
ڕاستەو چۆپی قەنەفران

دەبا مە بەپەرگەل سۆری بەنانان
گەلە گەلە بە نازی
بنێمەوە لە قۆرتی گەردەنیٚ
لەبەر ئەوە کچ دەریٚ
شەوبای زستان گەلە سارد و سەرمایە
دەبا لەنێوەی
لەسەر مەرحەمیٚ بایە
حەیرانەکەی خۆم بنی گەلە دێشی
لەبەر خەم و خەیاری پیرە دونیاییٚ
گەلە مەترسیم هەیە
نەوەك تیران بەنەشاریٚ کێمان هەرینیٚ.

-٢٦-

دەرێم لە سینان
لۆییٚ گەلەك کەسارو کەسەر داریٚ دوو چاوی تورمە گەردەن کێل
لە سیلەی مزگەفتیٚ.
لە بۆ خۆ بە تەما بووم
بەویٚ فەسلیٚ دەرە بواران
بگەمە مرازو مەخسودی دونیاییٚ
نەمزانی پیرە کوردستان کۆسپەی دێختیٚ
ئەوە دونیٚ ماریٚ بابی حەیرانەکەمیان لیٚ دەناوە
ئاوا دەبۆوە لە زورگەزراوی خۆمان
دەپەڕیەوە لە کەندی کەندێناویٚ
شۆر دەبونەوە
لە کلکەییٚ قەرەبۆتك و قەرەبۆتکان
وەکی دەکێشی سەری نیوەران

دەرێ قورینگە گەردەنی خۆی هەر دەکێشا
دەزانم هەواریان گەلە دوورە حەیران
لە گاوەرەو کاولەشەتێ
دەوجا کیژ دەرێ چاوەکەم
دەتو وەرە لەبۆخۆ
دەست باوێ سەر ملێ بەکەزی
بەدەستی دی دەربینە
جۆتە شەمامە شەمامان
گەلەك عاشق سەری خۆیان ناوە لەبن گری
نەوەك لەسەر درمان ببتەوە کلا یا خەفەتێ.

-٢٧-

دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
چاوەکەم دەرێم لەبانان
دیسان دەرێم لەبانی مەرزان
ئەمن دەرێم خۆزییا بە خۆزییا داران
سەبارەت بە کۆرپە کیژۆرەکانی دزە ییان
شل و ملان
چاو بە کلان
باغەر شۆڕان
دەبا من سۆنە بامە
لەدەو زێیەکا بادینان
دەمگۆ بەچاوی من بڕۆننێ
ئەوی غەداری غەدار داك
شانی هەر ناستی
لەبەر شازولفی و

سۆر بەخەنەی ئاراموشا
بەخوای دەرێم چاوی هەر نایێ
لەبەر هوردە پەرچەمان.

-٢٨-

بابە دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەورۆ بەوێ هێوارێ
ئەمن نازانم بە کێندەرێدا هەر برێم
چاوەکەم دەرێم ڕفت و ڕۆنی
گەلە گەلە زەریفە
ئەوە کیژ دەرێ چاوەکەم
دەتو وەرە لەبۆ خۆ
دەستەکێ باوێ سەرملێ بە کەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
دەبا سینگت لۆ بکەمە دۆشەك
مەمکانم بالیفە
ئەمن دەمگۆتە دوو چاوێ بەرەك
کیژێ دەبینە لەبۆ خۆ بترازێنم
کلیلی سنجاقان
ئەتو نازانی لۆ داکت گەلە خێرە
ئەمان لۆ بابت
حەجە شەریفە.

-٢٩-

بابە دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
دەرێم کیژێ لە بانان
سەد جار دەرێم لەبانی کۆڕێ

له بۆت بمینێم چاوێ بەرەك
دەرێم له بانه بانه
لەبۆت بمینێم كار مامزی بوهارێ
دەرێم وەڵڵا لەبانی كۆڕێ
ئەمن گەردەنی ئەوی غەدار داكم دەشوبهاند
به گەردەنی قورینگەكانی شاپەڕ بەخوناو
وەكی هەموو فەسلی دەره بواران
گەله گەله بەنازی
قیڕەی دێ
له بانه گۆڕێ
دەمگۆته دوو چاوی بەرەكو
گەردەنی زەردی به خاری
كیژێ دەبینه لەبۆ خۆ
دەستەكێ باوێمه سەر ملێ بەكەزی
بگرم جۆته شەمامه شەمامان
گەله گەله مەترسیم هەیه
بەوێ فەسلێ دەره بواران
گەله منداری
نەوەك مەیلان بگۆڕێ.

-٣٠-

بابه دەرێم خۆزییا به خۆزی داران
دەبا من كوریكەك بامایه
له كوریكێ گاگرۆیێ
شین ببامایه لەسەر هەیبەت سوڵتانا ڕەنگین
هەموو دانی سبەینان

سەبارەت بە پەرچەم شێیان
چاو بە کلان
هێقە بە سنجاقان
دەبا ئەمن نەرمۆکە نەرمۆکە
بەریٚ خۆم دابایە باغەکەی کۆییٚ
دەبا بە ژنی ئەوی غەداری غەدار داك
لە بۆ من بمینیٚ بەشترە نەمامەکانی
وەکی هەموو فەسلی دەرە بواران
لەسەری دەگری نارنجە
لە بنی دەگری لیمۆییٚ.

-٣١-

بابە دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەوڕۆ بەویٚ هێواریٚ
ئەمن لەبە کەیفیٚ دریٚ خۆ
نازانم بە کێندەرێدا هەر برێم
چاوەکەم وەکی سبەینان دێتەوە لە ڕێییٚ سراویٚ
دەمگۆت بە چاویٚ من بڕۆننە میری کیژۆران
دەرێم ڕفت و ڕۆینی گەلە گەلە لەنگێزە
ئەوجا کیژ دەریٚ چاوەکەم
دەتو وەرە لەبۆ خۆ
دەستەکی باویٚ سەرملی بە کەزی
چەند بەخەم و خەیاری
ئەوی دونیاییٚ پێك نایی
بترازێنە کلیلی سنجاقان
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان لەبۆ خۆ

گەلە گەلە بە نازی
قەفا سمێرا سوسنێ
لە بەینی گوارەو خەزێم و سەرگۆزە.

-٣٢-

بابە دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەورۆ بەوێ هێوارێ
دەرێم داری دێدەوان
لەمن دوو لکە
لەبۆت بمینێم باریکێ بێ پەرە
دەرێ داری دێدەوان
لە من دوو لکە
ئەمن بەوێ فەسلێ دەرە بواران
ڕەشە ڕەیحانم دەچاند
نازانم نەتالعێ منە
نە تالعێ چاوێ بەرەکە
شین دەبوو سۆرە گور
هوردە پەلکە
ئەوجا کیژ دەرێ چاوەکەم
دەتو وەرە لە بۆ خۆ
دەستەکێ باوێ سەر ملێ بە کەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
خۆ لە خەرك و عالەمێ گوندێمە ڕادیارە
ئەتو واتازە دادەنێی
خەتی سمێران هەردێ
لەبۆ خۆ گەلە بە نازی

خڕ دەکەمەوە بنی مەمکە.

-٣٣-

بابە دەڕێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم
ئەوڕۆ بەوێ هێوارێ
دیسان دەڕێم سەرم گەلە دێشی
وەللا دەڕێم دێ و دەناری
دەڕێم سەرم گەلە گەلە دێشی
چاوەکەم دەڕێم درم دێی و دەناری
ئەمن بەژنێ باریکم دەشوبهاند
بە کارو کار غەزالەکانی سۆرخونی چاو لەوەکی
هەموو فەسلێ دەرە بواران دەلەوەڕێتەوە
لە کلکەیێ قەرەچوغا ڕەنگین
لە بە حەوت حەوتێ سواران
قاژیێ برنۆیان
چیلکەیێ دارکەران
لۆت بمینێم
دەڕێم شەو لەوەڕێی خۆی دەهاوێشتەوە
بەینی محێجیل و مشاری.
ئەوجا کیژ دەرێ چاوەکەم دەتو وەرە
دەستەکێ باوێ سەر ملێ بەکەزی
بگرە جۆتە شەمامە شەمامان
دەزانم درت گەلە بە خەمە
دەبا لەبۆ خۆ سارێژ کەی
درەکەی پڕ خەمە دووچاری.

-٣٤-

دەڕێم بابە دیسان سەرییا من گەلە گەلە دێشی

درم دەکاتن دایمە تەخمینە

دەمگۆتە گەلی دۆست و براو برادەران

دەوەرن بەویّ فەسلیّ دەرە بواران

دەبا مە بە عام بچینە سەر چاکەکەی سوڵتان عەوڵای عارەبی

خۆ لە دنیاییّ مەشهورە چاکەکی گەلە گەلە بەتینە

ئەمن وەکی شۆڕ دەبوونەوە

لە کەندیّ حوسێنی غازی

زەینی خۆمان بەردەداوە

دەشتی کاولە قەراجی

کلکەییّ مەخموری

ئەوسار دایمە بە دایم

لە من و بە ژنیّ باریك

سۆر بوو لە کەونی غەوێمە

ئەوجا کیژ دەریّ

چاوەکەم دەتو وەرە لەبۆ خۆ

دەستەکی باویّ سەر ملیّ بە کەزی

بگرە جۆتە شەمامە شەمامان

حەز لیّ کردنی کیژو کوڕی عالەمیّ

بەسارو مانگە

بەبیّ قەول و پەیمان

ئەمان حەز لیّ کردنیّ دوو چاویّ بەرەك

بە خوا هەر بۆ ئەوە بە مردن و ئاوات و ژینە.

-٣٥-

ئەدی نەم دەگۆ حەیران گەوارەکم گەیشتیّ

لۆییَ نەم دەزانی پیرە بوار

چەند درەنگم پێزانی

ئەوڕۆ بەویَ هێواریَ

دەرێم گەوارەکم پێگەیی

برام چەند درەنگم پێزانی

دەبا چاویَ غەدار داکە

لە بۆ من بمینیَ

بە بەردیلەکانی بەدمان و بەرۆك

وەکی هەموو فەسلیَ دەرە بواران

لەبۆ خۆ دەمگۆ

لەناو مەرکیَ و خەلەکی و خەیلانی

ناوەللا لەبۆ من بمینێتەوە

چاویَ بە کارو کار غەزالەکانی سۆرخونی

وەکی دەلەوەرێتەوە لەدەشتی کاولە قەراجی

هەموو دانی هێواران

ئاویَ خۆی دەخواتەوە

لەبن بەردو بیَ بەردان

چاوەکەم دەرێم ئاوڕیَ خۆی دەداتەوە

بەخوای لەسەر توخمیَ

مێردو کەلای ئاشقانی.

-٣٦-

بابە دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم

دیسان ئەمن لەبەر کەیفی دریَ خۆو

دری گەلی دۆست و برادەران

نازانم بە کێندەرێدا هەر برێم

دەرێم سەرم گەلە گەلە دێشی

درم دەکاتن گەداو تاوە

سەبارەتیێ بەدوو چاویێ بەرەك

سەریێ چەند سارە لەبۆ خۆ

بویمە لە دان و بەدەران کەتیمە بەناوە ناوە

ئەمن قەت برادەرەکیێ هەندە دڵ بەقاو متمانم نەبوو

دایمە بە دایم

دری خۆم دەدا بەخوناوە

-٣٧-

بابە دەرێم چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم

دەرێم قەرەچوغ لە من و لە بەژنی باریك

چاوەکەم دەرێم لەمن بە دارە بەنە

وردەکەی بیێ پەرە

وەڵڵا دەرێم قەرەچووغ لەمن بەدارە بەنە

دەمگۆ بە چاوی من بڕۆننیێ میری کیژۆران

سبەینان لەگەر گەزەنگیێ ڕۆژیێ

وەکی دێتەوە لە ڕێی سراویێ

زێدە لەکیژوکاریێ

دەرێم دایمە بە دایم

دەوی بە پێکەنیێ و

وەڵڵا دەرێم تیلاکەی خوارە

زولفی سۆری بە خەنە

ئەوجا بابە دەرێم

دیسان دەرێم قەرەچووغ لەمن بەدارە بەنە

ئاوا دەبۆوە دوو چاوی بەرەك

دەرێم زولفی سۆری بەخەنە
سەبارەتیٚ بە دوو چاوی بەرەك و
گەردەنی زەردی بە خاری
خۆی لەمن شین با بەو پایزی
سەریٚ چەند سارە
بەخوای لەمن بوویتەوە مەفتەنە.

-٣٨-

ئەدی نەم دەگۆ سامارە
لۆییٚ لۆت بمینێم باریکی بێپەرە
دەرێم سامارە ساماری شینە
دەمگۆتە گەلی دۆست و براو برادەران
دەبا بچینە سەر زورگی
چاوگ و کەونە بەنان
زەینیٚ خۆ بدەینە زێیەکا بادینان
چەند شیرین پێدادیٚ
کەرەکە لەگەر هوردە گەمینان
ئەریٚ برام ئەنگۆ نازانن
گەلە عاشق بریندارن
بە شیران و بە تیران
ئەمان کاکینگۆ بریندارە
بە دوو چاوی چاوکاریٚ
دایمە بەدایم لە برینانم دێتن خیزاو خینان.

-٣٩-

بابە دەرێم ئەمن لەبە کەیفیٚ دریٚ خۆو
دری گەل و دۆست و براو برادەران

نازانم بە کێندەرێدا هەر برێم

چاوەکەم دەرێم بە مەزنایێ قەنتەرێ

ئەمن دونێ دانی سبەینێ

وەکی زەینی خۆم دەدا

دوو چاوی ڕەشکۆکەو

قەدو قامانا شیرین

چەند شیرین دەڕێسی ئارموش و کەتان

بەشلکەیێ ڕانی

فرمێسکان بەردەداتەوە

بەسەر ڕوومەتا سۆرێ گور گوری

دەزانم دری گەلە گەلە بە غەمە

گەلە بە نازی خۆ دەلەنگێنی

لەسەر پانی قۆندەرێ

ئەوجا کیژ دەرێ

گەلە بە نازی

چاوی ڕەشی هەر دەینی

دەرێ حەیران دەوەرە

لەبۆ خۆ غەمان هەر مەگرە

چ بەخەم و خەیارێ

ئەوێ دنیایێ پێك نایێ

لەبۆ خۆ بە دەستەکی

بترازێنە کلیلی سنجاقان

بەوی دی بگرە جۆتە شەمامە شەمامان

هەر مژە خارێ گەردەنان

بۆنکە گەرێ خەناوکەو مۆری و مەرجانان

ئەمن دەڕێم دەڕوێشم
لەبەر کەیفا دڕا توو نەبی
قەت ناکەم نەزەرێ.

# لاوکەکان

## دەربارەی لاوکەکان

حەسەن حەیران شارەزاییەکی زۆر باشی دەربارەی وتنی لاوك هەبووە، بەڵام ئەو لە حەزی تۆمار کردن نەبووە لەبەر ئەوەی نەیویستووە وەك لاوکبێژو حەیرانبێژ بناسرێت، ئەوانەی کە وتویەتی لەپێناو خۆشەویستی برادەرە خۆشەویستەکانی بووە، بە نمونە بەشێك لە لاوکی دەروێشی عەبدی و چەتۆ و فەرعۆ و غەزاڵ غەزاڵ، عەلۆکە شێخانی، ئەمان گوریێ، حەسۆ، نازیێ نازیێ، سوارۆ، زەینەب خان، میر موحەممەدی وتوە، هەر بۆیەش ئەوانەی تەواوی نەکردووە بە پێویستم نەزانی بە ناتەواوی بینووسم ئەوانەی بە تەواو وتیەتی دەڵێ واییێ، سمایلۆ، مێوان مێوان، گوریێ.

# دەلێ وایێ

**دەربارەی دەلێ وایێ**

بە کورتی ئـەم لاوکـە گوزارشـت لـە قارەمـانێتی سـێ پێشـمەرگەی شـەهیدی کوردستانی دەشتی هـەولێر دەکـات کـە چۆن قارەمانانـە بـە ورەیـەکی پـۆلاینی بـەرەنگاری دوژمـن بوونەتـەوە، نەبـەردو ئـازاو چـاو نـەترس بوونـەو سـەنگەری دوژمنیان چۆل نەکردووە تاوەکو خـوێنی گـەش و پیرۆزیـان بەخشـیوە لـە پێنـاو خاکی کوردستان، لەم لاوکە ڕاستیەکان دەخاتە ڕوو شەهیدەکانیش عەلی حوسێن ناسراو بە عەلی تەکتریۆف لەسەر شەقامی کەرکووك شەهید بـوو، حەمیـد مـەولود لە چیای هەیبەت سوڵتان کە دوژمن هێرشی یەك لە دوا یەکی بۆ هێنان و ئابلوقـە درابوون لەوێ شەهید بوو، ڕۆستەم لە گیلەی ڕەش شەهید کرا.

-١-

## دەلێ وایێ

دەلێ وایێ، دەلێ وایێ
دیسان من گۆ برا
شەڕەکێ گەلە گران کەتە دەشتێ هەولێرێ
بوارە وەختێ کوریك و نێرگزانە
بەرێ سبێ من گۆ
براکەتە دەشتێ هەولێرێ
بوارە وەختێ کوریك و نێرگزانە
بە خودێ من گۆ عەردی پانە
قالەکێ گەلە گران
بەرێ سبێ من گۆبرا
کەتە دەشتێ هەولێرێ
بوارە وەختێ کوریك و نێرگزە
ئێ بە خودێ من گۆعەردی پانە
ئەورۆ وا هاتە سەرمان
سێ لیوا عەسکەرێ
سەلامێ دەنگی تۆپان و جبەخانان
شرقێنێ مەترە لۆزان
گڕینێ تەیاران
دەنگە دانێ پێشمەرگانە

بەریٚ سبێنیٚ وا هات و لەسەردانە
کاکیٚ من فارس بە سیٚ دەنگان
دەکرد گازی گەلیٚ کەو کوژان گورگیٚ بەرخان
کلیٚ چاویٚ میران
دەست هەرێنا
کیٚ بکەن مەعلومە ئەوڕۆ
ڕۆژی مێرانە
دیٚ برا مە
سبەینیٚ لەگەر گەزەنگیٚ ڕۆژیٚ
ڕابینە سەریٚ مەیدانیٚ
دەبا بزانین لەگەر هێزی خائینان
کیٚ بەرخەو کیٚ بەرانە
دەلیٚ واییٚ، دەلیٚ واییٚ،
دەلیٚ حەیفە لە پاش خینیٚ
شەهیدیٚ کوردستانیٚ
برا لەخۆ حەرام نەکەین
ڕووناکاییٚ لە دنیاییٚ
* * * * *

دەلیٚ واییٚ، دەلیٚ واییٚ، دەلیٚ واییٚ
دیسان من گۆ برا
شەڕەکیٚ گەلە گران
کەتە دەشتیٚ هەولێریٚ
بوارە وەختیٚ کوریك و نێرگزە
لە سەریٚ گیریٚ ڕەش
وەی بە خودیٚ من گۆ

لەپار گری قالەکێ گەلەك گران
کەتە دەشتێ هەولێرێ
سەرێ گیرێ ڕەش
وەی بە خودێ من گۆلە پال گری
ئەورۆ وا هاتە سەرمان
دوو لیوا عەسکەرێ خائینێ میللەتی کوردان
بەرێ سبەینێ وا هاتوو
بەرێ خۆدا بەر تۆپ و ئاگر
لێ دەوری دیسان گەلێ عەگیدان
بە سێ دەنگان دەکرد گازی
برا دەست هەرینانەکێ بکەن
ئێوە نزانن برینێ کاکێ من ڕۆستەم
گەلە قورە
هاوارە خینێ سور خۆ لێ ناگری
دەلێ وایێ، دەلێ وایێ، دەلێ وایێ
حەیفە لە پاش خینێ شەهیدێ کوردستانێ
برا لەخۆ حەرام نەکەین
ڕووناکایێ لەدنیایێ
* * * * *

دەلێ وایێ، دەلێ وایێ، دەلێ وایێ
دیسان من گۆ
شەرەکی گەلە گران کەتە ڕێگاکا کەرکووکێ
وێ برا من گۆ بە هوردە بەردە
قالەکێ گەلە گران
بەرێ نیوە ڕۆیێ

کەتە ڕێگاکا کەرکووکێ
وا بە خودێ من بەهوردە بەردە
ئەوڕۆ بابێ نازم
بە سێ دەنگان دەکرد گازی عەگیدان
گورگێ بەرخان کلێ چاوێ مێران
دەست هەرینانەکێ بکەن
بەرێ سبەینێ دێ ڕابن
سەنگەر لێدەن
سەعات لە یازدەی ڕۆژێ
بەرازێ لە بابێ بەراز
لەمە ڕابوو
کەتەریدا دیسان کاکێ من عەلی
بەسێ دەنگان دەکرد گازی
گەلی کە کوڙان گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ مێران
دەست هەرینانەکێ بکەن
مەعلومە ئەوە خائینی کوردە
چ گاوێ گەلێ عەگیدان
دیسانێ پلینگێ شاخان
چاوێ چۆپە نوقاندن
چاوێ ڕاستە دانا سەر تڤەنگێ خۆ داگرتن
ئەو وەلێ سەلیێ ڕەشاشێ برنۆیێ
ئاگر لەسەرێ وێ سەبابێ بەردا
دەوجا دەلێ وایێ، دەلێ وایێ، دەلێ وایێ
حەیفە لەپاش خینێ شەهیدێ کوردستانێ

لەخۆ حەرام کەین

ملك و ژینیٚ ویٚ دنیاییٚ

*   *  *  *  *

دەلیٚ واییٚ، دەلیٚ واییٚ، دەلیٚ واییٚ، دەلیٚ واییٚ

کاکیٚ من فارس دەبیٚ حەکیم و واییٚ لوقمان و واییٚ

کەتمە تۆڕیٚ بیٚ تۆڕیٚ

بە ژنیٚ بابیٚ نازم کەلکەکە ڕیحانیٚ شینە لە دنیاییٚ

گەرتو برینیٚ کاکیٚ من عەلی سارێژ بکەی

بخوازە لە مالیٚ ویٚ دنیاییٚ

حەکیم و دبیٚ سوندەکا دەخۆم

بە قورئانیٚ

بە قەسەمیٚ

بە شێخی مار لەبەغداییٚ

برینیٚ کاکیٚ من عەلی گەلە قورە

بە چ تەبیب و حەکیم و لوقمانیٚ دنیاییٚ

بنی نابیٚ

ئەوجە کاکیٚ من عەلی چاویٚ خۆ برند کرد

دوو چاوەکە خەما باراندینە

دەبیٚ حەیفیٚ کوشتنیٚ خۆ دانیمە

حەیفیٚ من دەمینیٚ

عەلەمیٚ کوردستانیٚ نەدی

بە چاویٚ خۆ بلقیینە

دەلیٚ واییٚ، دەلیٚ واییٚ، دەلیٚ واییٚ

حەیفە لەپاش خینیٚ شەهیدیٚ کوردستانیٚ

لەخۆ حەرام نەکەین

ڕووناکایێ له دنیایێ٠

* * * * *

دەلێ وایێ، دەلێ وایێ، دەلێ وایێ، دەلێ وایێ

برا من دیسان گۆ

شەڕەکێ گەلە گران

کەتە سەرێ چیایێ هەیبەت سولتانێ

هاوینە بە خودێ یەك ڕەوەزە

دور ما دور عەردی پانە تڤەنگێ

دەستێ حەمیدێ قارەمان

قوتەیەوەیێ

بە خودای ئەلەملنە

خەنجەرێ بەرپشتێ حەمیدێ قارەمان نیرۆیە

سێ پشیك کالان زێڕە

ساف دەبانە

بەرێ سبێ لەسەرێ مەیدانێ

بە سێ دەنگان گاز دەکرد

گەلی کەو کوژان

گورگێ بەرخان

کلێ چاوێ مێران

دەست هەلێنانەکی بکەن

مەعلومە ئەورۆ ڕۆژێ مێرانە

ئێوە نزانن هات سەرەما

دوو لیوا عەسکەرێ سەلامێ

جگە دوو لیوا فرسانە

دەست هەلینانەکێ بکەن

چ گاوی
چاوی چۆپه نوقاندن
چاوی ڕاسته دانی سەر تڤەنگێ
خو به عەیانه ئەولێ گولان
له سینگێ بەعسییێ گرتن
پتکه پتکه خینێ
به سێ ڕێزه
لەسەر شانه ڕەکیزی
ڕەشاشه بلند لەسەر قەرنجێ وان دانان بوو
مەخزەن ڕەشاشا بەسلیه ئاگردانه
دیسان گەرا دارێ هاوینه
لەشکرێ میرێ یەخستن بەر مەیدانه
ئەوجه حەمیدۆ دبێ برا له حەیفه کوشتنێ خۆ دانیمه
حەیفێ من دەمینێ
گۆمی برینێ شەهیدێ کوردستانێ
ژمرا گەلەك قورن
خین لێزانه
دەلێ وایێ
حەیفه لەپاش خینێ شەهیدێ کوردستانێ
لەخۆ حەرام نەکەین
ڕووناکایێ له دنیایێ .

## (٢)
## سمایلۆ

دەربارەی سمایلۆ:

سـەربووردەی ئـەم لاوکـە بریتیـە لـە بەسـەرهاتی دوو بـرا بـە نـاوی سمایـل و حوسـێن، سمایـل عەشـقی کچـێك دەبێـت و زۆر خۆشـی دەوێـت، سمایـل لەگـەڵ حوسێن زۆر برادەریش بوونە، هەرکاتـەك بچووبایە بۆ دیتنـی کچەکە ئـەوە بـوو حوسێن– ی ئاگادار دەکردەوەو لەگەڵیـدا دەچوو بـە دیتنـی کچـەکە، حوسـێن– یش عەشقی کچەکە دەبـێ و بۆیـە حوسـێن پـیلان دادەڕێـژی بـۆ ئـەوەی سمایـل بفەوتێنێ واتـە لـەناوی بـەرێ، ڕۆژێـك کچـە لەگـەڵ سمایـل مەوعیـدیان دەبـێ لـە کۆشك، حوسێن لەپاش سمایل بە خۆیی و بـە بـراو ئامۆزایـەکی بـە دوای سمایـل دادەچن، کە بەسەر کۆشك دەکەون دەبینن سمایـل لـە کۆشـی کچـەکە خـەوی لێ کەوتووە، حوسێن یەدەگە دەمانچەکی لەسەری سمایل بەتاڵ دەکـات و هەڵدێن، کچـەکەش دەسـت بـۆ پشـدێنی سمایـل دەبـات و دەمانچـەکەی لەبـەر پشـدێنی دەردێنـێ و دەسـتڕێژ لـە حوسـێن دەکـات لـە ئەنجامـدا برایەکـەی حوسـێن و ئامۆزاکـەی حوسـێن دەکـوژی و حوسـێن هەڵدێ و ڕزگـاری دەبـێ، کچـە لـەپاش کوشتنی ئەمانە یەدەگەکیش لە خـۆی بـەتاڵ دەکـات و ئـەویش گیـانی لـە پێنـاو عەشقە پیرۆزەکەی دەسپێری و ڕوو ڕەشیش بۆ خائینان تۆمار دەکرێت .

## (٢)

## سمايلۆ

دبێ وەرە وەرا، وەرا

ئاخ لۆ سمایلۆ وەرا

بەرێ کوڕۆ شیرنۆ شەکەرۆ خەو گرانۆ

سەت جارا من گۆ دەرابە

قۆندەرە دانێ لە بگۆریا وەرا

ئەگەر گۆریاتە دڕا

شەرت و قەرار جانێ

ڕوحی ئەسمەرێ

چاو بە کل ئێر برا

بۆتە جێ بکەم

لۆ بە ئارموشێ

لۆ سۆرو زەرا

بەرێ وەسمەرێ

دەبێ کوڕۆ حوسێن و سەبابۆ

تەنەزانی بە ژنێ سمایلۆ دەلال و هانە

هاتن چەلە هابێ

لۆ ڕحانێ کارتێ

منێ بت کەیفێ دلێ خۆ چاند بوو

لە دەشتی غەریبێ

وەختێ کولیك و نێرگزان
ئێ بە خودێ دەبێ راتێ
ئەزێ سوند خۆرێ مە
بە قورئان
بە قەسەمێ
بە شێخێ لە بەغدایێ
لەپاش چاوی سمایلێ
منێ مێرکوژێ دیوانان
گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ مێران
وی دایێ
ئەزێ لە خۆم حەرام کەم
تەرکێ ولاتێ ناو خەمە
بەرێ ناکەم
حوسێنۆ ناکەم
ببیە شێخی سەنعان
زیارەت ناکەم
لە پاش چاوێ سمایلێ دەلال
مێرکوژێ دیوانان
گورگێ بەرخان
کلێ چاوێ مێران
وەی دایێ
شوو حەرام کەم و
بەرێ ئەسمەرێ
دەبێ کورۆ سەت جاران من

گۆت سمایلۆ

ئاخ دلیێ من پڕ بوو خەمێ

دنیایێ هایێ، هایێ، هایێ، هایێ

کوڕۆ شیرنۆ شەکەرۆ

قەمێ دەماچەکە خەمێ دنیایێ

لە درێ خۆ کا تەنەکێ

قامکە کێ گولان وریحان

فەسلێ دەرێ بواران

چەپکێ گولان

قەسلێ سەرێ خۆ ڕاکا

چ تەنەکی خەنجەراکا

دەبی کرمان سێ پشکە زیو

لە پشتێ خۆراکا

بالیفەکێ لە توکی بەرێ نەعامێ

هەلە نێژی مەغریبێ

تا نێژی سبەینێ

منێ ڕابم سەرێ خۆ پێ کام

دەرابە دەماچی خۆ بووە

من شیرنۆ شەکرۆ خەو گرانۆ

وەزێ قەفێ سمێلان سووسنێ

سۆر بوون لە خینان

ئەزێ ڕابم ئێدەگا

لە جەرگێ خۆم کەم

بەرێ ناکەم حوسێنۆ ناکەم

ببیە حەلوایی موسلێ تەتام ناکەم

ببیە شێخی سەنعان
زیارەت ناکەم
لە پاش چاوێ سمایڵی دەلال
مێر کوژێ دیوانان
گورگی بەرخان
کلێ چاوێ مێران
وەی دایێ شوو حەرام کەم.

## (٣)
## گوریێ

دەربارەی گوریێ:

ئەم لاوکە لاوکێکی خۆشەویستیە باس لە عەشقێکی پیرۆزی کچێك دەکات بە ناوی گوریێ، لەلایەن چەند هونەرمەندێکی دیکەش بە شێوازو دەقی دیکە گوتراوە لەوانە هونەرمەندی کۆچ کردوو موحەممەد عارف جزیری، حەسەن حەیرانیش لەبەر کاریگەری ڕووداوەکەوە لاوکێکی دەربارەی ئەم ڕووداوە عیشقە پیرۆزییە داڕشتووەو بە دەنگە بە سۆزییەکەی زۆر جوان گوتیەتی

## (٣)
## گوریێ

هاییێ، هاییێ، هاییێ گوریێ
ئاخ لۆ تێر ئاقریێ
دەوار گوریێ، دەوار گوریێ، دەوار گوریێ
چاو بە کلیێ
لۆ تێرا عاقلیێ
تە جووتەکا ڕاموسانا
کەیفا دلان من کەرەم کە
مەعلومە چاوا گورەکا من ڕەشترە
وەی داییێ من گۆ لە کانیا کلی
بەریێ گولۆ دیێ سەت جارا من گۆ
وەزیێ گوریێ هاییێ
گوریێ ئاخ لۆ وەسگور حەما
کوڕۆ لاوکۆ سوندەکا دخۆم
بە قورئانە
بە قەسەمیێ
بە شێخیێ لە بەغداییێ
تو موسلمان بی لۆ وەس فەلەمە
ئاخ بەریێ غەمیێ مەخۆ
کولکییێ شینێن و
ئەزیێ شەرت و قەرار ڕوحیێ من کەتبی
چەکی گوریێ لۆ دەستی تەمە تاوخە

دەوار گوریێ، دەوار گوریێ، دەوار گوریێ

لۆ تێر عاقلیێ

کەچیێ دەجووتەکا ڕاموسانا کەیفیێ درا من کەرم کە

مەعلومە چاوا گورەکا من ڕەشترە

وەی دایێ من گۆ لە کانیا کلیێ

دەمان گوریێ ، دەمان گوریێ

هایێ گوریێ ئاخ کەچیێ گوریێ من

تاجیر بووم لۆ لەناو ڕەزی

کەچی گوریێ تە شلکی تەنکی

لخۆ رابەردا بسك و پەرچەم لۆ شانو کەزی

من گۆ بریا جووتەکیێ ڕاموسانیێ

نوکە چەپکی گورەکی سۆر گور بایی

ئاخ من گۆ لاوکۆ لۆ سەت جار

خۆزی دەمان، خۆزی دەمان، خۆزی دەمان

لۆ تێر عاقلیێ

کەچی گوریێ من

جووتەکا ڕاموسانیێ کەیفا دلا من کەرەم کە

مەعلومە چاوا گولاکان ڕەشترە وەیی دایێ

من گورە کانیا کلیێ ئاوخە

دەمان گوریێ، دەمان گوریێ، دەمان گوریێ

هاوار گوریێ، هاوار گوریێ هاوار گولۆ

ئاوخە کەچیێ گوریێ

سەت جار من گۆ موسافیر بووم

لۆ ناو چڕی

کەچی گورەکا من قەرەمەنیانە بەویێ سپیێ دیێ

ده جار من گۆ کەچێ زالمێ ما لا مری
کەچێ جووتەکا ڕاموسانێ کەیفێ درا من کەرەم کە
چ گاوێ قەفێ سمێرا سوسنی
باوێمە سەر ناوکا کولمکا سۆر گور
ئاخ وابزانی گورێ لۆ قەت نامری
ئاو لە دەوارگورێ، دەوار گورێ، دەوار گورێ
لۆ تێر عاقلێ
کەچی جووتەکا ڕاموسانێ کەیفا درا من کەرەم کە
مەعلومە چاو گورە کا من ڕەشترە
وە درێ من گورە کا نیا کلی تاو
بەرێ کوڕۆ دەبی لاوکۆ
سەت جار من گۆ
دیسان هایێ
دیسان گو لۆ
دیسان گورێ دەبێ
کوڕۆ لاوکۆ
سەت جاران من گۆ
خۆزیا بە خۆزی داران
چا کاوێ عاشق بن
وەکی کۆتری سەر پایزان
ڕۆژێ سێ جاران کەتنا کەتێ لیسان
کوڕۆ دەڕابە
قەفێ سمێرا سوسنێ
باوێ سەناوکێ ڕوومەتێ
مەعلومە سینگێ من سپیترا

له بەفرێ سەرێ کێلی سیپان
ئاخ دەوار گورێ، دەوار گورێ، دەوار گورێ
لۆ تێر عاقلێ
کەچێ گورێ من
جووتەکە ڕاموسانێ کەیفا درێ من کەرەم کە
مەعلومە چاوا گوراکا من ڕەشترە
وەیی دایێ لە کاشیا کلێ .

# دوا لاوکی تۆمارکراوی

**دەربارەی دوا لاوك:**

ئـەم لاوکـە بـاس لـە نسـکۆی شۆرشـی ئـەیلوولی مـەزن دەکـات کەچـۆن سـێ دەوڵەت  پیلانیان دارشت و بە شـێوەیەکی کـاتی نسـکۆیان بـە شـۆڕش هێنـاوە، ئەوانیش یەکیان شایە، دووەمیان دیان بۆما دایانا، سێیەمیان سەدامە، بـەڵام بـە خـەیاڵ خاویـان دەزانـی لەبـەر ئـەوەی کـورد خـاوەنی مێرانـەو شـیعاریان یـان کوردستان یان نەمانە، کەواتـە خـاوەن ورەی بـەرزن و دوورن لـە ئومێـد بـڕی لـە ئەنجامیش ئەو ڕاستیە هاتە ئاراوەو شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز سەری هەڵداو ئێستاش ڕەنجی بەری ئەو شۆڕشـەیە بووینەتـە خـاوەن پەرلـەمان و حکوومـەتی هەرێمی کوردستان و سەربەخۆیش بەڕێوەیەو هەرسێ پیلان ڕێژیش بوونە پـەنـدی زەمانـەو ئومێـدی نسـکۆیان بـردە ژێرگـل، کـوردیش سـەربەرزانە ژیـاو گەیشـتە ئەمڕۆی ئازادی

## (٤)

## دوا لاوك

له بارەی نسكۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن

ئەوە چ قەوماوە

تەمە یان تومانە

یان ئەستێرەیە

لەمە دارێژتییە مەیدانە

سەرۆك بارزانی لە وەڵامدا دەڵێ:

نەتەمە

نەتومانە

نە ئەستێرەیە داڕێژترایە

لە مەیدانە

بەلكو ئەمە سێ دەوڵەتە

تەگبیری خۆی دانایە

یەكیان شایە

دووەمیان دیان بۆما دایانا

سێیەمیان سەدامی بێ دین و بێ ویژدانە

بەڵام خەیاڵی وان خاوە

فكرو هۆش سەرێ وان نەمایە

شۆڕشێ مە

شۆڕشی مێرانە

شوعارێ مە

كوردستان یان نەمانە.

## (٥)
## مێوان مێوان

دەربارەی مێوان مێوان:

ئەم لاوکە دەربڕینی هەستی خۆشەویستیە دەربارەی ئەو خۆشەویستانەی کە خۆشیان دەویست و هەر لەبەر ئەو خۆشەویستیەوە سەردانیان دەکرد بە تایبەت لە سەردەمی شۆڕش و غەریبایەتی چونکە ئەوزاتە زۆر بەڕێز بوو زۆر خۆشحاڵیش دەبوو بە میوانان، ئەم لاوکەش لە هەوێنی خۆشەویستەکانی داڕشتووەو لە دوای کەمێك دانیشتنی زۆربەی هاتنی میوانەکانی ئەم لاوکەی بۆ چڕیون چونکە دوای وتنی لاوکەکە ئاسوودە دەبوو تاوەکو لای میوانەکەش ڕوون و ئاشکرا بێت کە خۆشحاڵە بە هاتنی ئەو برادەرەی بەمەش دانیشتنەکە لایان خۆشتر دەبوو.

(٥)

## مێوان مێوان

دمێوان، مێوان ،مێوان ،مێوان ،مێوان ،مێوان
دەمێوانۆ ڕێ دوورو مسافرۆ
دپێیا بابێ کەوکوژۆ ماڵی بابێ بە مێوانۆ
کەچێ دەبێ مێوان دایێ
مێوانە کاوا هاتە مارێ بابێ
مێوان لەخۆ چەندە تەرزی
دەبم بە خولامی جوانیە وەسفی کوڕە لاوکی خۆنە
کا کۆمی سوارانی سەتجار دەهات گەردن لێ دەلیزی
ئەرێ کوڕۆ مێوان و شیرینۆ شەکەرۆ
گەرمن بزانم نە مێوانی شەوێی
ئێ دەمێوان خۆ تێر بکەم سینگ و مەمکان
تێکرٍ تێکەڵ بکەین قەفێ سمێڵ و سوسن و شابسك کەزی
ئاخ
دەمێوان، مێوان، مێوان، مێوان، مێوان، مێوان
دەمێوان و ڕێ دوورۆ مسافرۆ
دپێیا بابێ کەوکوژێ ماڵێ بابێ مێوان بە مێوانۆ
دەمێوان مێوان، مێوان، مێوان، مێوان، مێوان
کەچێ دەبێ دایێ دیسان مێوانەکا
هاتە مارێ بابێ مێوانێ بە مێوانێ
ئەزێ دەبم خولامی جوانیە وەسفی کوڕە لاوکێ

خۆش بیٚ داسوار بەرنگار ویٚ قەزوانیٚ
کوڕۆ میٚوانۆ شیرینۆ شەکرۆ
دپیٚیا بابە مەعلومە تە میٚوانیٚ
میٚوانیٚ جوتیٚ مەمکیٚ خڕیٚ دفنجانیٚ
گەر دایك و بابیٚ من گۆ واچیە
شەویٚ نییٚ پاراشەویٚ لیٚف و دۆشەکان دابنیٚ
زەینیٚ خۆ بدە بە نیشانیٚ
دەمیٚوان، میٚوان، میٚوان، میٚوان، میٚوان، میٚوان
دەمیٚوانۆ ڕیٚ دوورۆ مسافرۆ
دپیٚیا بابیٚ کەوکوژیٚ مالٚیٚ بابیٚ میٚوانۆ

## بەستە

دەربارەی بەستەکان

بێشك حەسەن حەیران خاوەنی وتنی دەیان گۆرانی دیکەیە بەڵام ئەوان تۆمار نەکراون، بۆیە لەناو چوون هۆی تۆمار نەکردنەکەش بەتایبەت خودی حەسەن حەیران خۆی بووە، لەبەر ئەوەی لە حەزی ئەوەدا نەبووە تۆمار بکرێت، ئەو گۆرانیەکانی تەنها لەو کاتانە بووە بەتایبەت کاتیَ لە خۆشەویستەکانی هاوسەرگیریان کردووە لەکاتی گواستنەوەی بووك بۆ ماڵی زاوا زۆرجار چەند ڕۆژێك بەر لە گواستنەوە ئاهەنگ ساز کراوەو شایی و هەڵپەڕکیَ کراوە. حەسەن حەیران جگە لەوەی کەشایی کارێکی زۆر باش بووەو زۆرینەی شاییەکانی زانیوەو زۆرینەی جار لە پێناو خۆشەویستەکانی گۆرانی وتووە بە گوێرەی نزمی شاییەکە گۆرانی چڕیوە ئەمەش بە شایەدمانی هەڤاڵە خۆشەویستەکانی، بۆیە دەڵێم ئەو هەموو گۆرانییانە تۆمار بکرانایە بێگومان خۆی لە دەیان گۆرانی دەداو ئەوکات هەم دەوڵەمەندی ئەم کتێبەو هەم دەیان گۆرانی فۆلکۆری کوردی لە فەوتان ڕزگاری دەبوو، بەڵام حەسەن حەیران ئەوەی بە هەند هەڵ نەگرتووە، ئەو هەردەم بەو ئومێدە بووە لە زۆربەی بەڕەنگار بوونەوەکانی بەرامبەر دوژمن بەشدار بێت تاوەکو بە زوویی دوژمن ناچاربێت دان بە مافی ڕەوای کورد بنێت و لە پێناویدا بحەسێتەوەو وەك دەوڵەتە سەربەخۆکان بە ئازادی بژی، حەیف لەو مێژووە پاکەیەیی و ئەو هەموو هەوڵ و بەشدارییەی لە شۆڕشدا ئەمڕۆی ئازادی بە چاوی خۆی نەبینی، بەڵام دڵی شادەو ژیانێکی سەربەرزانەو مەردانەو کورد پەروەرانەی بەسەر برد، هەموو کورد پەروەرێك شانازی پێوە دەکات

(١)

## دەڕژێ و دەڕژێ

هەی دەڕژێ و دەڕژێ و دەڕژێ
هەی مارە بابم کیژێ
هەی دەڕژێ و دەڕژێ و دەڕژێ
دەی مارە بابم کیژێ

* * *

هاتە خوار لە شەقلاوە
سپی– یە دەرێی قەنداوە
برندی بە رەك چاوە
سینگت پەمۆی سیساوە
دانە دانە کراوە

* * *

هاتە خوار لە تەلانی
وەك بڕنۆی دەست کوردانی
سینگت بەفری یەك شەوی
مەمکت لیمۆی دوکانی
پەنجەم گەییە سەر مەمەی
دەرێ داکم دەزانی

* * *

دەبڕۆ دەبڕۆ شوێنێك

جوان دەڕوا لە پێشێ
کراسەکی لە بەر دایە
تەنکە وەك پەڕی مێشێ
پەنجەم گەییە سەر مەمکی
دەگریا دەیگۆت دێشێ
ماچکە سەری کوڵمەکان
داخی دڵەکەت با بڕشێ
*   *   *

هەی دەڕژێ و دەڕژێ و دەڕژێ
دەك ماڵە بابم کیژێ
هەی دەڕژێ و دەڕژێ و دەڕژێ
دەی مارە بابم کیژێ
*   *   *

لەسەر کێوی ئەرمە لوو
هەی کورتەکەی خاڵ لە ڕوو
پێم گۆت لە بۆ ماچەکی
سوتام ئاگرم تێبەر بوو
دوو مسقال ژینم هەبوو
دامنا لەسەر باڵای توو
*   *   *

هاتە خوار لە قەراتێ
عەمر و حەیاتم فاتێ
مەمکت سێوی بێتواتێ
دوورەو دەستم نایگاتێ
یا غەوسی مار لە باتێ

لەگەر   کیژەم جووت کەی
لە سەر   سەری   قەراتیێ
* * *

ئەریێ گیان و وەی، وەی گیان
چاو ڕەشی ئەبرۆ کەوان
دران دوڕی لێو مەرجان
عەشقی دوو چاوی کارم
خرپن بچکۆلەی چاو جوان
* * *

هاتە خواریێ لە لێژی
دەرێی بڕنۆی درێژی
پێم گۆت لە بۆ ماچەکی
کیژی ئەرکانی جەیشی

(٢)
## لە گوندان کێندەر خۆشە

لە گوندان کێندەر خۆشە
سێتاقان میراتییە
دونێم چاو بە یاریێ کەت
ڕاوەستا لە حەوشییە
زولفی سۆری بە خەنە
ئارمووشی بالە دێیە

سەر چەنەگەی کوترایە
خەت قەلەمی حەشرێیە
سینگت تەختی شا عەباس
دوو گۆی ئاڵتوونی لێیە
هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم
هەر دوو چاوم لە ڕێیە
* * *
ئەرێ گیان و ئەرێ گیان
چاو ڕەشی ئەبرۆ کەوان
پێم گۆت لە بۆ ماچەکی
سورکەی خرپن چاو جوان
* * *
هاتە خوار لە نساری
دەرێی کوریکەی بە هاری
پێم گۆت لە بۆ ماچەکی
بچکۆلەی چاردە ساری

## (٣)
## کاکە سەرم زۆر دێشی

کاکە سەرێ من دێشی
دەردێ لە درم بە راوە
دەچمە سەر قەرەچووغی
زەینێ خۆم بەر دەداوە
گردەسۆری سیانان
زۆری چاو ڕەش لە ناوە
ئەو حەوشەکەی بە قەمتەر
تێیدا دوو کۆرپەی ساوا
بە ناو گوندی دادە چووم
جار ، جار ئاوڕم دەداوە
ئەو کیژە تیری لێدام
لە دری کردمە تیراوە
بێکەس و بێ مافەر بووم
لە وێندەر پارم داوە
هەندی برێی یەك و دوو
ئەو کیژە لۆم گەڕاوە
سەری منی برند کرد
لەسەر ڕانی داناوە
یەخەی سینگم هەرداوە
شەمامان ناوە ناوە

* * *

کاکه سەری من دێشی
دەردی لە درم دەناری
ئێبرا سەرم زۆر دێشی
دەردیٚ لە درم دەناری
عەشقی کیژەکی لێدام
ماریان وا لە کەنداری
پێم گۆت لە بۆ ماچەکی
بچکۆلەی چاردە ساری
ئەمن لۆ خۆ ماچم کرد
دەم بردە اوەی خواری
قافکە سمێرم لە دەو نا
شا زولفم هەر دەماری
وەك دەمانچەی چاردە خۆر
تیوی خۆم لیٚ کرد خاری
زارو مارم هاتووە
ڕەنجم چوو بە خەساری

## (٤)
## وەمەکە

وەمەکە ، وەمەکە ، وەمەکە
داکم دیارە وا مەکە
سینگت بەفری یەك شەوی
مەمکت خۆخ و هەنارە
ئاگرت لە جەرگی بەردام
کورتەکەی گێ بە گوارە
وەمەکە ، وەمەکە ، وەمەکە
داکم دیارە وا مەکە
کراسی کتان لە بەر تا
دوو هەرمێن خۆخی تارا
ئاگرت لە جەرگی بەردام
ئەو کیژەی چاردە سارە

# دواندی چەند هاوڕێیەکی نزیکی
# حەسەن حەیران

**دەربارەی دواندنی هاوڕێیەکانی:**

بۆ ئەوەی زێتر ئەو ڕاستییە دەربارەی حەسەن حەیران کە باسمان لێوە کردووە وەك ڕاو و بۆ چوون دەربارەی ئاستی ورە بەرزی شۆڕشگێڕی و بەشدارییەکان لە داستانەکان و ئاستی کورد پەروەری و دڵسۆزی بۆ ڕێبازی کوردایەتی و بارزانیی نەمرو وتنی ئەم چەند حەیران و لاوك و گۆرانییەی کە بە سادەیی تۆمارکراوە.

ڕاو و بۆ چوونی چەند هەڤاڵێکی نزیك لە خۆی کە شارەزای تەواوی هەیە لە ژیانی و بەشداری لە داستانەکان لەگەڵیداو هەم شارەزای ئاستی لاوك و حەیرانن، کە تاوەکو ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد بەردەوام بوو، بەڵێ تاوەکو زێتر خوێنەران شارەزای ئەو مرۆڤە بێت کە خاوەن چ ژیانێك بووە، بێگومان ئەو بۆ خۆی نە ژیاوە بەڵکو بۆ گەلەکەی بۆیە لای هەموو کورد پەروەرێك ئەو خۆشەویستەیە نەمرەیەو هەرگیز لە یادی ناکات تاوەکو ئەو ڕۆژەی سەردەنێتەوە،

بە هیوام هەموو لایەکمان لە بیری ئەوە بین لە دڵی میللەتەکەمان بە نەمری ماوەتەوە، ڕای ئەم هەڤالانەی کە وەرگیراون وەڵامی چەند پرسیارێکە کە ئاراستەی بەڕێزییانم کرد بوو، ئەوانیش کە وەڵامیان دامەمەوە زۆر سوپاسم کردن و ئەوانیش خۆشحاڵ بوون بە ئاوڕدانەوە لەو کەلە پیاوە شۆڕشگێرە پاك و دڵسۆزو لاوك بێژو حەیرانبێژە کەتاوەکو کۆچی دوایی سەربەرزانە ژیا.

**خورشید شێرە:**
**حەسەن حەیران....**
**وەك پێشمەرگەیەکی ئازاو نەبەرد ڕۆڵی خۆی دیوە**

حەسەن حەیران لە ساڵی ١٩٦٣ بووە پێشمەرگە، هەر لە سەرەتای پێشمەرگایەتی ناوی لەناو زۆربەی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر دەنگی دایەوە وەکو شەڕکارێکی باش و حەیرانبێژ و لاوکبێژێکی باش.

حەسەن حەیران لە ساڵی ١٩٦٣ تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ لە زۆربەی هەرە زۆری شەڕەکانی دەشتی هەولێر، سەفین، زۆزك، هەیبەت سوڵتان، ناوچەکانی سلێمانی و ناوچەی ئاکرێ بەشداری تێدا کردووەو وەکو پێشمەرگەیەکی ئازاو نەبەرد ڕۆڵی خۆی دیوە، جگە لەوەی هاندەرێکی زۆر باش بوو، لە کاتی گەرمەی شەڕەکان لە کاتێك کە دەیزانی هێرشەکانی دوژمن زۆر گەورەیەو پێشمەرگە خەریکە لە مقاوەمەت و ورە بەر بدات یەکسەر دەچووە سەر کەپکە شاخێك تڤەنگەکەی لەسەر ڕانی خۆی دادەناو دەستی لەبن گوێی دەگرت و بە دەنگە زوڵاڵە خۆشەکەی بە لاوکە خۆشەکان و حەیرانە دڵ فڕێنەکان هانی پێشمەرگەی دەداو دووبارە جۆشی دەکردنەوەو ورەیان بەرز دەکردەوەو زیاتر گیانی بەرگریان بەهێزتر دەکرد و هێرش لە دوای هێرش دوژمنانیان دەشکاندو دەتوانم بڵێم لە گەلێك لە شەڕەکان یەکێك لەهۆیە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕەکان هاندان و جۆشدانی لاوك و حەیرانەکانی حەسەن حەیران بوو.

بۆ نموونە وەك لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٣ لە چیای هەیبەت سوڵتان کە پێشمەرگەی ورە بەرز حەمید مەولود بە شێوەیەکی زۆر قارەمانانە شەهید کرا، هەر لەو شەوە لاوکی حەمیدیێ ئامادە کرد و ڕۆژی دووەمی شەڕەکە لەسەر

لوتکە هەرە بەرزەکەی چیای هەیبەت سولتان کە هێشتا جەنازەی شەهید حەمید مەولود لە گۆڕەپانی شەڕەکە بوو لە بەینی هێزی پێشمەرگە و دوژمن بوو، حەسەن حەیران بە هەموو بڕواو هێزەوە دەستی خستە بن گوێی لاوکی حەمیدوییَ دەست پێکرد، کە بووە جێگەی سەرسوڕمان بۆ پێشمەرگە، بووە هاندەرێکی یەکجار زۆر گەورە بۆ ئەوی ورەی پێشمەرگە بەرز بێتەوەو مقاوەمەتی پێشمەرگە بۆ چەند ڕۆژێکی دیکەش بەردەوام بوو هەر لە ئەنجامی هاندانی و جۆشدانی ورەی پێشمەرگەکان بەو لاوکە لەکاتی حەسەن حەیران لاوکەکەی حەمیدوییَ دەگوت پێشمەرگە لەژێر دەنگی زولاڵی حەسەن حەیران هێرشیان کردە سەر دوژمن و جەنازەی شەهید حەمید مەولودیان ڕزگار کردو دوژمنیان تێك شکاند.

هەروەها یەکێك لە شەڕە گەورەکانی سەفین لە ساڵی ١٩٦٧ هەینیَ هێزی دەشتی هەولێر بەهاواری هێزی سەفین چوو بوون، حەسەن حەیران لەگەڵ ئەو هێزە دابوو، شەڕەکە زیاتر لە دوو مانگی خایاند و دەیەها هێرشی دوژمن کرایە سەر سەفین، بەڵام پێشمەرگە بەو پەڕی خۆنەویستی خۆیان ڕاگرت و هێرش لە دوای هێرشیان دەشکاند، من بەرپرسی ناوچەی هێزی دەشتی هەولێر بووم، ڕۆژێك بۆ سەر چیای سەفین چووم بۆ سەردانی پێشمەرگەو هەندیَ وتاریان بۆ بدەم، کەسەر چیا کەوتم گەیشتمە پێشمەرگەی دەشتی هەولێر، دانیشتبوون نانی وشکیان دەخوارد، حەسەن لەناویان بوو، قسەی خۆشی بۆ دەکردن، بەڵام چاوم بە چ دیمەنێك کەوت پێشمەرگەکان هەموویان زیاتر لە دوو مانگ بوو لەسەر چیا بوون شەو و ڕۆژ لە پێش هێرشی دوژمن بوون، لەژێر بۆردومانی تۆپ و تەیارە بوون، ڕیشیان نەتراشی بوو، خۆیان نەشۆری بوو، جلیان هەمووی دڕا بوو، لەناو ئەو هەموو دارو بەردە، دوو مانگ بوو گۆشتیان نەخوارد بوو، شیویان نەخوارد بوو، زۆربەیان پێڵاویان لە پێدا دڕا بوو، حەسەن حەیران یەکێك لەوانە بوو، تاکە پێڵاوێکی لەپیَ دابوو، ئەوی دیکەی نەما بوو، فانیلەی سەر پێستی لەپیَ ئاڵاند بوو، کە ئەو دیمەنەم دیت سەرم سوڕما، چ قەناعەتێکە، چ بڕوایەکە،

چ دڵێکـه کـه ئـەو پێشـمەرگانە پـاڵ پێـوە دەنـێ، توانـای بـەرگری ئـەو هـەموو ناخۆشی و ئێش و ئازارو تاکتیکیە ڕەشە بکەن کە لە ماوەی ئـەو شـەڕە دەیـەها شـــەهید و برینـــداریان هـــەبوو، زۆربـــەیان جلوبـــەرگیان بـــە خـــوێنی شـــەهید و بریندارەکانی هەڤاڵـەکانی خۆیـان پێـوە دیـار بـوو، چـونکە ئـاو نـەبوو پێـی پـاك بکەنەوە، منیش پاش ئـەوەی هەنـدێ قسـەم بـۆ کـردن لـە حەسـەن حـەیران– م پرسی وەزعت چۆنە تاقـەتی لاوك و حـەیران– ت مـاوە، هـەردوو قاچـی بـۆ درێـژ کردم گوتی:

کاکی خورشید من بەو ژیانە ڕازی بم دوژمن چۆن پێمان دەوەستی، ئێمـە کـە ئامادەین بمرین لە چ شـتێك بترسـین، بـەڵام دیمـەنی حەسـەن حـەیران لـەو کاتـە چۆن، سەرو ڕیشی ١٠ سم زیاتر هـاتبوو، جلـەکانی بەتایبـەتی ڕانکەکـەی لـە دوو لەسەر سێی دڕا بوو، یەك تاکە پێڵاوی لە پێدابوو، لە پێنج پاکـەت فیشـەکی پـێ بوو، واتە ٢٥ فیشەك، شیو و گۆشتی وەك هەڤاڵـەکانی نـەی دیبـوو، نـانی وشـك، ئاوی گەرم ئینجا بەو هەموو ورە بەرزیەوە پاش قسەکانی دەستی بە لاوکی شێخ مـەحمودی کـرد، لاوکەکـەی لەسـەر کـۆپکی شـەهیدان لـە سـەفین بەرامبـەر بـە جاشەکان کە هەر جاری دەگەیشتە ئـەو بەنـدە کـە دەڵـێ هـاواری تورکـان کـورد خائینە، پێشمەرگەکان یەك دەست ڕێـژیان لـە سـەنگەرەکانی دوژمـن دەکـرد کـە ماوەی بەینی سەنگەری پێشمەرگەو جاشەکان زیـاتر لـە ٥٠٠ مـەتر دەبـوو، بـەڵێ حەسەن حەیرانم بەو ورە بەرزەوە دیت.

لە پاش ڕێکەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ حەسەن حەیران هەر لە هێزی دەشـتی هەولێر وەکو سـەرپەل پێشـمەرگە بـوو، پـاش هەڵگیرسـانەوەی شـەڕ دیسـان لـە هێزی دەشتی هەولێر ڕۆڵی خۆی لە شەڕەکانی چیای پیرەر و سـەفین و مـاکۆك و شیشار بە چاکی دەدیـت و چ وەکـو فەرماندەیـەکی چ وەکـو پێشـمەرگەیەکی لـە شەڕدا بوو، پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەگـەڵ دەیـەها هـەزار کـوردیتر بـووە ئاوارە لە ئێران و گواسترایەوە شاری کرمان کە لە سنوری حاجی ئۆمەرانـەوە بـۆ ئەو شارە مەزەندە بکرێت زیاتر لە ٢٥٠٠ دوو هەزارو پێنج سەد کیلۆ مـەتر دوورە

لەو شارە مایەوە، بە ئارەقەی نێو چەوانی خۆی دوو خێزانی بەڕێوە دەبرد، تا ساڵی ١٩٧٩ پاش ڕمانی ڕژێمی شا لەگەڵ هەزاران کەسیتر هاتەوە کوردستانی ئێران، بەڵام سەد موخابن توشی نەخۆشی ڕەبۆ هات، ئەو نەخۆشیە ڕێگای نەدا دووبارە بێتەوە ناو سەنگەرەکانی خۆی، بێتەوە ناو هەڤاڵەکانی هەر لە شاری نەغەدە مایەوە بەڵام ناوە، ناوە سەردانی هەندێ لە بنکەکانی پێشمەرگەی دەکرد و شمشاڵەکەشی هەمیشە لەگەڵدا بوو، گەلێ شەوان لە بنکەکانی پێشمەرگەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەمایەوەو بە دەنگە خۆشەکانی دیسان پێشمەرگەی جۆش دەدایەوەو هانی دەدان.

تاساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگەی نەغەدەو ڕەزاییە بە کارەساتی ئۆتۆمبیل کاکە حەسەن حەیران و دەنگە خۆشەکەیی ماڵ ئاوایی لە کوردستان و هەڤالانی کردو هەموو ئەو ئومێدو ئارەزوویی بە کوردستان شاد بوو، نەوەك لەگەڵ خۆی بردە ژێر خاکی بەڵام دەنگە زوڵاڵەکەی حەسەن حەیران تا ژیانێکی درێژ خایەن لەنێو هەڤالانی و گەلەکەیی و هونەر دۆستان، عاشقانی کوردستان دەمێنێت و هەمیشە دڵسۆزان و کوردی پێ دەدرێت٠

* لە ڕێکەوتی ٢٨-٥-٢٠٠١ ئەم دیمانەیەم لەگەڵیدا ساز کردووەو دوای خوێندنەوەی زۆر گریا

## ئاودەل ڕۆژبەیانی:
## حەسەن حەیران خۆی، خۆی پێگەیاند

شەهید حەسەن قادر خەلیل ناسراو بە حەسەن حەیران خزمی یەکبووینە، ڕۆژبەیانین، لەگەڵ یەکبووینە مەبدەئییەن لە پێشمەرگایەتی.

لە ساڵی ١٩٦٣ حەسەن حەیران بوو بە پێشمەرگە منیش هەر لەو ساڵی، هەردووکمان ماوەیەکی زۆر لەگەڵ یەك پێشمەرگە بووینە، حەسەن حەیران کوڕە جووتیارێکی هەژار بوو، خۆی، خۆی پێگەیاند، نە خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرز بوو، نە خاوەن عەشیرەتێکی زۆر بوو، هێزێك لەپشتی بێ، نە خاوەنی سەرمایەدارێکی زۆر، حەسەن توانی خۆی لەناو جەماوەر جێی خۆی بکاتەوەو بتوانی لەلای خەڵك خۆشەویست بێت بە چ بەو خەبات و ماندوو بوونەی، بەو خزمەتەی، بەو پێشمەرگایەتیەی.

ئێمە خزمی یەك بووین، بەڵام هاموشۆو پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر کەم بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە ماڵمان لە شاری هەولێر بوو، ئەوان ماڵیان لە گوند بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣ لە پێشمەرگایەتی لەگەڵ یەکبووین و هاموشۆی یەکتریمان کرد زۆر خۆشحاڵ بووم، لەبەر ئەوەی کابرایەکی ئاقڵ بوو، زانا بوو، پێشمەرگە بوو، شۆڕشگێڕ بوو، بە نانێك دوور ڕۆژان بەڕێوە دەچوو، هیچ کاتێك گرفتی نەبوو لە خواردن، لە بەرگ، ژن ومنداڵی برسیبایە گوێی لێ نەبوو، خزمەتەکەی پێی بە هەمووی هەبوو.

حەسەن حەیران لە شەڕەکانی دەشتی هەولێرو شەڕی سەفین دادەنیشت دڵی پێشمەرگەکانی دەدایەوە، لاوکی دەگوت، حەیرانی دەگوت، خۆی خاوەنی ژن و منداڵ بوو، خەمی ئەوانی نەبوو، خەمی ژن و منداڵی پێشمەرگەکانی بوو، هەر دەیگوت ورەتان بەرز بێت حکوومەت هیچ نییەو دەڕوخێ و ئێمە بەهێزترین لە حکوومەت تڤەنگمان ئینگلیزی بوو لەگەڵ دەبابە شەڕمان دەکرد، بڕوایی ئەوە

بوو تڤەنگەکەمان دەبابەی دەبڕیتن، بڕوای ئەوها بوو.

بە ڕاستی پێشمەرگەیەکی زۆر باش و ئازا بوو، لە شەڕی سەفین و شـەڕەکانی دیکە بڕواتان بێت کە حەسەن لاوك یـان حـەیرانی دەگـوت جاشـەکانیش تەقـەیان ڕادەگرت تاوەکو لێ دەبۆوە، کـاك خورشـید شـێرە گوتـەنی هاتینـە خـوارەوە لـە سەفینی زۆر هیلاك بووین ئەوکات بوو حەسەن پێخواس بوو، پـێڵاوی لـەپێ نـەما بوو، کەڕکەکی دڕای لەبەر بوو، ڕدێنـی زۆر هـاتبوو زۆر دڕون بـوو، هـەر گـوێی لێ نـەبوو، دەهـات لـەپێش پێشـمەرگەکان دەڕۆیشـت بەسـتەی دەگـوت و حـەیرانی دەگوت، مەقامی دەگوت دڵی ئەوانی خۆش دەکرد، هاتینەوە دەشتی هەولێر، لـە دەشتی هـەولێریش لـە شـەڕەکانی گیلـەی ڕەش و کـورداوەو چـەمرگەو دێگەڵـەو شەڕی حەوت قۆڵی و دێدەوان و..هتد بەشداری کردبوو.

ڕاسـتی حەسـەن حـەیران هەرچـەند شـەڕی دەشـتی هـەولێر و کۆیـە کرابـی بەشداری سەرجەم شەڕەکانی کردووە، دەتوانم ئەو ڕاستیە بڵێم لـە هـیچ شـەڕێك نەبووە لەگەڵ نەبێت جگە لە چەندین شەڕی دیکە لە سلێمانی و شوێنیتر لـەکاتی پێویست، کەسێکی زۆر بە هیمەت و بڕوایـی زۆر بـەهێز بـوو ، کـاتێ لـە ئێـرانیش بووین، خزمـەتی منـداڵی خـۆی دەکـردو کـادیرێکی زۆر زیـرەکیش بـوو، هـەردەم حەزی دەکرد خزمەتی کورد بکات، هەردەم حەزی دەکرد حزبایەتی بکات، حەزی دەکرد لەنێو خەڵکدا بگەڕێت.

حەسەن ئەو شتانەی هەبوو، نەیدەویست کەسـی لێ عـاجز بـیتن، لەگـەڵ هـیچ کەسێدا گرفتی نەبوو.

حەسەن حەیران کەسێکی ئازا و بە نرخ و بە قیمەت بوو، بـەس ئەوەنـدە بـوو هێزی ئـەوەی نـەبوو کـەس و کـارێکی بـەهێزی نـەبوو لەگـەلی لـە پێشـمەرگایەتی ئەگەر یەکێکی دیکە بووایە لـە جێگـای حەسـەن پشـتی گیرابوایـە، حەسـەن ئـاوا نەدەما وەکو ئەو بەرپرسانەی دەیبینی بەرپرسـی گەورەنـە لـەنێو حـزب ئـەویش یەکیك دەبوو وەکو ئەوان ئەگەر ببامایە. حەسەن کەسێکی زۆر چاك، چالاك بوو، سەرۆك بارزانیی نەمر، کاك ئیدیس بـارزانی جوانەمـەرگ و کـاك مەسـعود بـارزانی

هەموو باشیان دەناسی چونکە پێشمەرگەیەکی ناسراو بوو لە قیادە، لە مەکتەب سیاسی، لای هەموویان حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکراو بەڵێ حەسەن حەیران حیسابێکی تایبەتی خۆی هەبوو، هەتا ئەوان لە کوردایەتی بێزار بوونایە ئەو بێزار نەبوو، ئینجا بزانن کاتێ دەچووە ڕاژان مەکتەب سیاسی لەوێ بوو قسەی خۆشی بۆیان دەکرد، ورەی زۆر بەرز بوو، دەتوانم بڵێم ئەو هانی ئەوانی دەدا لەبۆ کوردایەتی ئێمە بە خۆمان ئاوارە بووین، لە ئێران بووین، دەیگوت حکوومەتی عێراق هیچ نمایە، حکوومەت خەلاس بوو، بە خوای دوو، سێ، ڕۆژی دیکەیە چاوچوقانەکە دەگەڕێینەوە بەو قسانە دڵی خۆش دەکردی ئەگەر هیچیش لە گۆڕێ نەبایە، ئەوە سەربردەی شەهید حەسەن حەیرانی، هەتا هەتایە لە بیری ناکەم چونکە لەگەڵ یەکبووینە، کەسی یەکبووینە، نە ئەمن کەسەکم هەبوو پشتگیریم بکا بە غەیری حەسەن حەیران بەولاوە لە پێشمەرگایەتی، نە حەسەن– یش کەسێکی دیکەی وای هەبوو بە توانا بە قوەتەك شتەك پشتگیری بکات، ئەمن قوەتی گەورەم حەسەن بوو، حەسەن– یش قوەتی گەورەی ئەمن بوو، هەردووکمان ئەو دوو کەسە مابووین، هەر خزمەکیشمان غەدری لێ بکرایە لەسەر خزمی خۆی بە جواب بوو نەیدەهێشت کەسێك غەدری لێ بکات، لە پەنای پێشمەرگایەتیش وای نەدەکرد بە ئاشکراش دەچوو قسەی بە کابرای دەگوت لێی دەدا، دەهاتەوە دەیگوت:

نەوەکو حزب بڵێ لە پەنای حزبە.

دەیگوت:

لە پەنای حزب نەمکردیە بەخۆم ئەو کارەم کردیە لەبەر ئەوەی غەدری لە خزمی من کردیە.

حەسەن حەیران دوو، سێ خەباتی دەکرد، کادیر بوو، لەسەر خزمایەتی خۆی بە جواب بوو، لەبۆ کوردایەتی بە جواب دەهات، لەسەر پێشمەرگەیاتی پێشمەرگەیەکی زیرەك و ئازاو چالاك بوو.

حەسەن حەیران ئەوە ڕابردووی بوو خوا لێی خۆشبێ، وتنی لاوك و حەیرانی

زۆربەی لەکاتی شەڕ بوو، کە لاوك و حەیرانی دەگوت دڵمانی پێ خۆش دەکرد بۆ ئەوەی ئەو پێشمەرگەیە بێسحەت نەبی، بەسەر شەهیدانی برادەرەکانمانی دا هەڵدەگوت، ئەوی بەبیر دەهینایەوە، لە بۆ ئەوەی بەبیر دەهینایەوە هەتا زیاتر بیر و بڕوات بەهێز بێ، بۆ نموونە باسی ڕۆستەمی دەکرد، باسی حەمیدی دەکرد، باسی عەلی تەکتریۆف و زۆر شەهیدانی دیکەی دەکرد، ئەوانەی برادەرمان بوون لەسەنگەر شەهید بوون زۆر ئەوانەی بەبیر دەینایەنەوە هەتا ورەمان بەرزبێت.

حەسەن لە هەموو داستانەکانی دەشتی هەولێر بەشداری کردووە، بە نموونە شەڕی چەمرگە و کورداوە حکوومەت هاتبوو، شەڕی دۆڵەدەماچە و بیستانە ئەوانە هێزی عارەب و کورد و جاشەکانی هەردوولا هاتبوون، شەڕی دێدەوان جاشی ئێزیدی و مزوری و هەموو بوون، حەسەن لەوانە لە هەموویان بەشداری کردیە، لە بیستانە چەندین جار شەڕ بووە لەوێ بەشداری کردیە، لە دێگەڵە جارێك هێزێك لە دێگەڵەی هات حەسەن لەویش بەشداری کردیە، جارێکی دیکە هێرشێکی حەوت قۆڵیمان بۆ هات لە دێدەوان، بیستانە، پۆریجە، چەمرگە و کورداوە، دێگەڵە، لە زێیش پەڕیەوەو لە تەقتەق و لە کۆیەش هات دە، دوازدە ڕۆژ شەڕ بەردەوام بوو حەسەن تا کۆتایی شەڕ بەشداری کرد و لەگەلمان بوو بە تفەنگێکی ئینگلیزی بڕوایی ئاوا بوو ئەو تفەنگە لەگەڵ دەبابە شەڕی پێ دەکرێ، باوەڕی ئاوا بوو، ئەو تفەنگە بەهێزترە لە دەبابەکەی، بڕوای خۆی ئاوا بوو، چوار پێنج پاکەت فیشەکی هەبوو وای دەزانی دوو مەزەب فیشەکی لە دووە هانی ئێمەی دەدا دەیگوت:

هیچ نییە حکوومەت شکا، حکوومەت ڕۆیی، جەنازە وەك خۆر بەجێمایە، هانی پێشمەرگەی دەدا وەك ڕاگەیاندکارێکی بەهێز بوو، حەسەن ببوو بە ڕادیۆمان و شەڕکارو هەموو شتێك، لەو کاتی کە حەیران و لاوکی دەگوت تەنها مەبەستی لەبۆ دڵی پێشمەرگەکان بوو، لەبەر ئەوەی هەبوو دڵی عاجز بوو، هەبوو برای شەهید بوو، هەبوو کەس و کاری گیرابوو، کە حەیران و لاوکی دەگوت بەسەر ئەو برادەرانە بوو وەك لەسەرەتا ئاماژەم پێیدا، پێشمەرگەکە غەمی لەبیر

دەچۆوەو باشتر دەبوو، بەخۆی حەسەن نەیدەزانی ماڵ و منداڵی لە کوێیە چەتۆی تازە هەبوو حسێبی ئەوەی نەدەکرد، خۆی لە هەموو کەس مەغدورتربوو، کەس نەبوو دڵی ئەو بداتەوە، ئەو دڵی پێشمەرگەکانی دەداوە، حەسەن ئەو حەیران و لاوکەی دەگوت مەبەستی هیچ شتێك نەبووە بە نموونە بڵێین بۆ پارەی بووە، یاخود یەکێك ئاهەنگێك دەگێڕی حەسەن بچێت بۆ ئاهەنگێڕانەك یاخود مەبەستێکی دیکە بەڵکو ئەو تەنها بە مەبەستی دڵدانەوەو جۆشدانی پێشمەرگە بووەو بەس، ئەمن سەرلق بووم ئەو یاریدەدەرم بوو ئەو بۆیە بۆ منی بەجێ هێشت ئەو بڕەك تەنگە نەفەس بوو، زیاتر ئەوە نەبوو بە ناوی سەرلقایەتی، بە ناوی خزمایەتی بوو زێتر لەگەڵ یەك چ حەسەن سەرلق بوایە چ ئەمن هیچ جیاوازیەك نەبوو، بەڵام حەسەن زێتر پشووم دەدایێ ئەمن بڕەك بە تواناتر بووم، بەهێزتر بووم، تەنگە نەفەسیم نەبوو.

لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ئێمە لە ئێران بووین ئیشمان نەبوو، کارمان نەبوو، پارەمان نەبوو، حەسەن دڵی ئێمەی دەدایەوە.

دەیگوت:

هەر دوو، سێ ڕۆژی دیکەیە حکوومەت نامینێ دەچینەوە، ورەی ئاوا بوو، هیچ لە گۆڕێ نەبوو حکوومەت گوندەکانیشی هەموو ڕوخاند بوو، ئەو بە دڵەکی خۆش دەیگوت:

بەسەری توو دەچینەوە ئاوا دەکەین و ئاوا دەکەین نەخشەی خۆشی دەکێشا بۆی دەڕازاندمەوە، یان نوکتەی خۆشی بۆ دەگوتم بە ڕاستی نوکتەی زۆر خۆشی هەبوو، کاتێ بۆ خۆمان دادەنیشتین شانۆی زۆر جوانی دروست دەکرد و دەیکرد قسەی خۆش و مەسەلەی خۆشی بۆ دەکردین و ئێمەش هەموومان گوێمان بۆ ڕادەگرت لە تەمسیلەکانی ئێستا کە سەیری دەکەین زۆر خۆشتر بوو.

لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی کونەگورگ و دارەتوو یادی نەورۆزمان کردەوە حەسەن حەیران لە تەمسیلیەك بەشداری کرد، حەسەن بەهرەو توانایەکی زۆری

هەبوو بۆیە زۆر سەرکەوتوو بوو، زۆرجاریش کە لەگەڵ کاك فارس باوە بـووین کـە ئەو ئامر هێزمان بوو، حەسەن قسەی زۆر خۆشی بۆ دەکرد، ئێمە هەموومان کۆچ دەکەین، لە دوای حەسەن حەیران، ئەو بە ڕێگایەکی زۆر هەق و ڕاست و پیاوانـە چوو.

حەسەن پێشمەرگەیەکی سادە نـەبوو، پێشـمەرگەیەکی زۆر بـە توانـا بـوو بـە نموونە لـە قیادەکانمـان کـاك ئیدریسـی جوانەمـەگ و کـاك مەسـعود زۆر باشـیان دەناسی، چۆن من منداڵەکانی کاك حەسەن حەیران دەناسم، ئەوانیش بەم جـۆرە حەسەن حەیرانیان دەناسی و زۆر دەچـووە لایـان، خۆشـیان دەویسـت و ڕێزیـان دەگرت چونکە ئەوان دەیان ناسی کەسێکی ماندووەو چەندین جار بریندار بـووە، جارێك تەیارە لێیدا، جارێك گوللەی پێکـەوت و چـەندانی دیکـە، جـارێکیتر ئینجـا ورەشی بەرز بوو هەتا هەتایەش لە ماڵی مەلا مستەفا دوور نەدەکەوتـەوە چـونکە دەیزانی ئەو بنەماڵەیە چۆنن و چۆن شۆڕشێکی ئومێد بەخش دەکەن کە کورد بە تەواوی مافی ڕەوای خۆی بگات، وەسـیەتی ئـەوە بـوو کوڕەکانیشـی هـەر لـەدوو ڕێبـازی ئـەوبن، لـەلای مـن باسـی ئـەوەی دەکـرد و هـیچ شـتێکمان لەیـەکتر نەدەشاردەوە لە خزمایەتی چ بووە دەرەوەو ببووە برایەتی ئامانجمـان یـەك بـوو وەك گوتم لە کاتی پێشمەرگایەتی من قوەتم حەسەن بـوو، ئـەو قـوەتی مـن بـوو، کەسمان لەگەڵ نەبوو بڵێین کەس و کارەکمان لەگـەڵ بێـت بـە قـوەت بێـت ئێمـە پێبگەیـەنی هـیچ قوەتـەك نـەبوو ئێمـە پێبگەیـەنی، ئێمـە خۆمـان، خۆمـان پێگەیاندووە، ئێمە زێتر لە ٥٠-٦٠ شەڕی هەولێر بەشـداریمان کـردووە، جگـە بـە نهێنی هاتووینەتەوە شاری هەولێرو بەسەر دادانـی چـەندین ڕەبایـەی سـەربازی و جاشەکان و هەروەها ناو شار و شارۆچکەکانی دیکە.

حەسەن چـەندین جـار برینـدار بـووە، یـەك لەوانـە لـە سـاڵی ١٩٦٩، زۆر جـار لەشەڕ لەگەڵ جاشەکان کە حەیران و لاوکـی دەگـوت جاشـەکان دەیـانگوت هـای هوو، تائهوو هەموو حەیرانـەکان و لاوکـەکان جگـە لـە لاوکـی گـوریێ هـەمووی لـە دانانی خۆیەتی، کەس حسـێبی مردنـی نـەدەکرد گـەر حسـێبی مردنمـان بکردایـە

سـەدان كاسـێتمان تۆمـار دەكـرد، چـونكە هــەردەم لەگـەڵ يـەك دادەنيشــتين كەسێكمان حسێبی ئەوەمان نەدەكرد ڕۆژەك دەمرين وامان دەزانی نامرين.

حەسەن حەيران زۆر بە زەوق بـوو، لـە شـايی چـەندان جـۆری شـايی دەزانـی لەوانە چۆپی، سێ پێيی، شێخانی و ..هند، ئەمن ئەوانەم نەدەزانی، حەسـەن لـە زەوقی حسێبی ڕۆيشت بوو، سوحبەتمان لەگەڵ يەكتر هەبوو، هەموو قسەيەكمان لەبۆ يەكتری دەكرد، يادگاريم لەگەلی ئێجگار زۆرە، هەردەم لەگەڵ يەكتری نانمان دەخوارد، جياوازيمان نەبوو.

لە دوای ڕێكەوتننامەی ساڵی ١٩٧٠ لە ساڵی ١٩٧٢ من و حەسەن و برايەكەم لەگوندی مزەحمەد تەنيشت قەتەوی خانوومان كردبوو هەريەكەی دوو چاوە بوو، زۆرجار كە دەچووينە شەڕ مانوو هيلاك بووينە ئەو بەمنی دەگوت يارمەتيت بدەم لەبۆ چەك هەڵگرتنێ، ئەوكات قەڵەوتر بووم، لاقم دەسوتايەوە.

دەمگوت:

بەخۆت پێت ناكرێ بڕۆيی.

حەسـەن لەسـاڵی ١٩٦٧ بـەدواوە تووشــی نەخۆشــی تەنگـە نەفەســی ببــوو گەرچی دەيتوانی شەڕ بكات، بڕوات، غاردانەی دەكرد، جارێكيان شەو بوو هاتينە هەولێر تەقەمان كرد هەتا نزيك كەسنەزان هەر غاريدا لەبـەر حكوومـەت كـەوتبوە دوامان، ئەوكات تەنگە نەفەسيەكەی هەبوو بەڵام زۆر نەبوو بەم دواييە لێی زيادی كـرد، كەوتــە تەمــەن نەخۆشـيەكە پشـتی لێ سـەند، وەسيەتيشـی ئـەوە بـوو بـۆ منداڵەكانی و خزم و كـەس و كـاری و بـراو ئامۆزايـەكانی ئەگـەر لەگـەڵ پـەيڕەوو پڕۆگرامی بنەماڵەی بارزانيی نەبووايە خۆشی نەدەويست ڕقی لێ دەبۆوە، دەبووە دوژمنی.

ئەو دەيگوت:

مادامەكێ خزم و كەس و كاری منە دەبی لەو ڕێبازە بێت، ئەگـەر لـەو ڕێبـازە نەبێت هيچی من نييە، برايەكانی لەوانە عەلی حەيران و برازاكانی و چەند خزمێكی لە پێشمەرگايەتی هەر لەگەلی بوون، لە يـەكێك لەوانـە بـە نـاوی قـادر خـەليل كـە

برازای بوو، شەهید بوو، چەند خزمێکی کە لەگەڵی نەبوون نەی دەگوت ئەوانە خزمی منن، عەلی حەیران لە حەسەن– ی برای بچووکتر بوو، کەم، کەم حەیرانی دەگوت بەڵام بەستەی زۆر خۆشی دەگوت، دەنگی زۆر خۆش بوو، زۆر وێنەم لەگەڵ حەسەن حەیران هەیە چونکە زۆر پێکەوە بووینە.

لە کۆتاییدا دەڵێم هەزاران ڕەحمەت لە گۆڕی بێت، ئینشاڵڵا خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش بووەو بە بەهەشتی شاد کردووە٠

* ئەم دیمانەیەم لەگەڵ بەڕێز ئاوەدەڵ ڕۆژبەیانی، ناسراو بەمام ئاودەڵ،لە ڕێکەوتی ٩– ٢– ٢٠٠٩ لەماڵی خۆی لەشاری هەولێر ساز کردووە، بەڕێزی لە دەرەوەی کوردستان دەژیا بەسەردان گەڕابۆوە .

**بارزانی مەلا خالید:**

**حەسەن حەیران ....**

**سایەبانی سۆزی دەشتی هەولێر**

لەوەتەی هەم، چاوم بە سەرابی دەشت و تامایی گەرماو تەپ و تۆزی ئەم دەشتە پان و پۆڕەی هەولێر کراوەتەوە، زستانان خولیای شەستە باران و گرم و هۆڕی گەواڵەو ترووسکەی بروسکەو پەلکە زێڕینەی ئاسمان بووم و زیق زیقەی چۆلەکەو گڤڤەی باوو لەرینەوەی سواندەی خانووە جزیرەکەمان تاکە مۆسیقای خەم ڕەوێنم بوون ٠ بەهاران ئاوێتەی

کەروێشکەی تەبارە گەنم و نەغمەو ئاوازی قازو قولێنگ و گمە گمی کۆترەکان دەبووم و لەنێو دەریای پڕ لە بەرائەتی شاد بوونی مەڕە زا بە بەرخەکانیان، باعەباع و غاردانیان نوقوم دەبووم و بە ڕەوتی پڕ لەنازی ئاسک ئاسای باغەڵ شۆڕی دزەییان و شمشاڵی خەم ڕەوێنی شوان و خرینگە خرینگی خڕخاڵی بێریان دەتوامەوە٠

پایزانیش غەمگین، غەگین دەچوومە نێو دونیای پڕ لە تراژیدیای جووتیارە چەوساوەکان وگوێ بیستی داستانی پڕ لە ئەفسانەی دیوەخان دەبووم و کۆچی بەرەو گەرمێنی قەتێ ڕەنگینەکانیش، لە خەوێکی قورس ڕایان دەچلەکاندم و دەمزانی ئیتر ئەوە بەرەو زستانێکی دوور و وشکە سەرمایەکی هەژار کوژ هەنگاو دەنێین ٠٠

ئەم دەشتەی من، دیرۆکێکی پڕ لەهات و نەهات و بینەو بەردەی داگیرکەرانی کوردستانی پێوە دیارە، هەموو داگیر کەران پتر لەهەر شوێنێکی تر، لەسەر بەروو بوومی ئێمە ژیاون و هەن بە سەدانساڵ لێیان پاڵ داوەتەوەو لەشکرەکانی خۆیان لەسەر سکی برسی دەشتەکیەکاندا بەخێو کردووەو بواریان نەداوە ئەم خەڵکە وەك مرۆڤ بژی، کوژراون، تالآن کراون، ڕەتێندراون،

دەربەدەر کراون، ئەم دەشتەی من شایەدی ستەم و خوێنڕێژی هۆلاکۆ و جەنگیزخان و سەدان زۆرداریترە، هەر بۆیە ئێستاش سیمای خۆڕاگری و دەست و بازوو بەهێزی و ئازایەتی و وڵات پارێزی بەنێو چاوانی دەشتەکیەکانەوە دەبینم و هەرگیز خەڵکێکی مشەخۆرو ترسنۆك بوو دەڵەیان تێدا بەدی دەکەم، ئەلبوومی بەسەر هاتەکانی دەشتەکەم، لە نەهاتی و ژێر دەستەیی و گەرمای سوتێنەرو سارده زستان بەدەر شتێکی دیکەی تێدا بەدی ناکرێ، هەرگیز بەهاری بە خۆیەوە نەدیوە ، بەهار هەمیشە ئاسکێکی تیژپەڕ بووە، لە ساتەوەختێکی زۆر ناسکدا فەرشی سەوزی خۆی پێچاوەتەوەو بۆنی کوڵیك وحاجیلەو کنێرو نێرگزی لێ حەرام کردووین، من نازانم چ سرێکە بەهار لەوڵاتی دەشتەکیەکاندا بێزارەو لەچاو تروکانێدا بەهاری تەمەنی لاوانم بەرەو دۆزەخی هاوین ڕاپێچ دەکا، ئەم دەشتەی من، ساڵ بە ساڵی خۆزگە بە پار خواستوەو بە درێژایی سەربردەکانی خۆی، هەر شایەدی بینینی مەرگی نەوەکانی بووەو پێ بە پێ سەردولکەی بە دوای دیرۆکی پڕ لە غەم و حەسرەتی خۆیدا گوتوە، قات و قڕی، ستەمی دەرەبەگایەتی، چەوسانەوەی چینایەتی، کۆچ و کۆچباری بە زۆرە ملێ، تا دوا ساتەکانی سەردەمی ئەم ڕژێمە فاشیستەی بەعس و تەخت کردنی گوند و شوێنەوارەکانی، لە مەرگ زێتر، لە گریان و سینگ کوتان پتر، لە هاوار بە دوای تەرمی بە غەدر شەهید کراوی جەستەی خۆیدا ، شتێکی دیکەی شادی بەخشی بە خۆیەوە نەبینیوە، دەشتەکیەکان، لە ژیان و سەربوردەو گوزەرانیاند، لە ڕەفتارو کرداریاندا، سیمای ڕاستی و بێ پێچ وپەناو قایمی و یەك دەندەییان پێوە دیارە، دەشت ئاسا وەك بەری دەستن، ئەم سەر ڕاستییەیان بۆتە هۆی دۆڕاندنی زۆر شت، تەنانەت لە دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقیشەوە بوون بە قوربانی تایبەتمەندی و سیما کانی خۆیان و ئەو زەوی و زارەی لە دەستیاندا بوو بە ئارەقەی نێو چاوانیان سەدان ساڵ پاراستبوویان و بە زەبری هەوجاڕ خۆشیان کرد بوو، پێشکەشی چەند ئاغایەکیان کرد، کەکاتی خۆی بە ڕووت و قووتی پەنایان بۆ هێنا بوون و حەواندبوویاننەوە، ئەو ئاغایانەیان کرد بە خاوەن

موڵك و سەروەری خۆیان و بە دەستی خۆیـان مـەرگی ڕەنـج و كەرامـەتی خۆیـان پێ ناشـتن، ئـەوان بـوون بـە ئاغـاو دەشـتەكییەكانیش بـە مسـكێن و خزمـەتكار، ئەگـەر ڕۆژێ لــە ڕۆژانـیش داوای سـادەترین مـافی خۆیـان بكردبایـە، یـان ڕۆژە سوخرەو بێگارێكیان ڕەت بكردبایەوە، ئەوا دەدرانە بەر شەق و بە ڕۆژی نیـوەڕۆ دێ بەدەر دەكران و بەناچاری سواڵكەر ئاسا لە پەنای ئاغایەكی تـر بـە ملكەچـی دەحەوانەوە، گەلێكیشیان لەبەر یەك نا دا، یا بە كۆمەنیست دەدرانە قەڵەم و بـە هۆی پۆلیسەوە زیندانی دەكران ، یـا ئـەوەتا دەمـو دەسـت خوێنیـان تێكـەڵ بـە ڕەوسە گەنمەكانیان دەكرا ٠

سوننەتی ژیانی دەشتەكییەكان، بە پێچەوانەی گەلێ یاساو ڕێساكانی دونیایە، لەبـەر نەخوێنـدەواری و دواكـەوتوویی خۆیانـدا، دوو چـاری گـەلێ گـیرو گرفتـی هەمەلایەنەی كۆمەڵایـەتی، چـینایەتی و بـڕوا بـوون بـە شـتە خرافیـەكان ببـوون، ئەمەش هۆكارێكی گرنگی پەرتەوازەیی و نا تەبایی ڕیزەكانیان بوو لەپـەل وپـۆی خسـتبوون، سیاسـەتی ئەوسـای دەرەبەگایـەتی ئـەوە بـوو كـە هەمیشـە لەگـەڵ یەكتریدا ناكۆك بن، ئـەم بـەرەبابیان بەگـژ ئـەوی دیكـەوە دەكـرد و لەبـەر خەتـە جۆتێـك یـەكتریان دەكوشـت، تـا سـەرەتای سـاڵانی پـەنجاكان، لێـرەو لــەوێ قوتابخانــە كرانــەوەو بزوتنــەوەی ســاڵی ١٩٥٣ ی جووتیــاریش لــە ناخــەوە جووتیارەكانی ڕاچلەكان، ئەم دوو هۆیە بوونـە سـەرەتای پەیـدا بـوونی وشـیاری چینایەتی، سیاسی، كۆمەڵایەتی، تا كار بەوە گەیشت كوڕە جووتیارەكـان بـوون بە مامۆستا، پارێزەر، دكتۆر ، دادوەر ٠٠٠٠هتد، ئیتر سەردەمیش گۆڕاو لە سـاڵی ١٩٦١ یشدا شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بەڕێبەرایەتی پارتی دیمـوكراتی كوردسـتان و سەركردایەتی بارزانیی نەمر هەڵگیرساو لەگـەڵ یەكـەمین تەققـەدا، ئـەو شۆڕشـە، سیمای شۆڕشێكی جووتیاری وەرگرت، كـوڕە جووتیـارە لـە سـتەم هـەڵاتوەكان، كەند و لەنـدەكانی دەشـتیان كـردە سـەنگەر و جـێ حەوانـەوەی خۆیـان، دەیـان داستانی عیشقیش لە پەنا تەبارەی گەنم و ژێر دەواری زوورگەكانیدا تۆمار كـران، كـەریم و سـتی نموونـەی ئاوێتـە بـوونی عیشـق و چەرمەسـەری چەوسـاندنەوەی

چینایەتین، هەر بۆیە کە هەزاران ساڵە کە حەیران بۆتە هەوێنی ئەم عیشقە پاکانەو لاوکەکانیش تراژیدیای شەهید بوونی دەیان کەریم و ستی و مەم و زین و دەروێشی عەڤدی و دیرۆکی شەڕو بەسەر هات و داستانەکانی مێژووی ئەم کوردە خۆڕاگر و قارەمانەمان بۆ دەگێڕنەوە.

حەسەن حەیران یەکێکە لە قارەمانەکانی نێو ئەم دیرۆکەو کوڕە جووتیارێکی ئەم دەشتە کاکی بە کاکیەی من بوو، ئیلهامی هونەر و ئازایەتی خۆی لە کێوی قەرەچووغ وەرگرتووەو بە هەوای بێگەردی کەندێناوەوە چاوی کردۆتەوە، لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە حەسەن پێشمەرگەیەکی خۆشەویست و بە ورێکی بوێری دەشت بووە، لاوێکی گەنم ڕەنگی تێك چەقیو بوو، ئاوڵە نەخشێکی خودایی بوو، دەم وچاوی ڕازاند بۆوە، لە ئاخاوتندا پت و لار بوو، بەڵام کە دەهاتە سەر حەیرانبێژی بەهرەیەکی خوایی و هەر دەتگوت شریتی قوت داوە، وێرای ئازایەتی نواندنی لە داستانەکانی دەشتی هەولێردا، چونکە هونەرمەندیش بوو، دەتوانم بڵێم لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ناسراوترین پێشمەرگە نەك لەسەر ئاستی دەشتی هەولێردا، بەڵکو ناوبانگی سنووری ناوچە جیا جیا کانی ناوچەکانی عێراق و پارچەکانی دیکەی کوردسانیشی بەزاند، هەمیشە لە ڕێگای حەیران و لاوکە هەناو هەژێنەکانیەوە میوانێکی ڕەزا سووکی دێهات نشین و چایخانەو دیوەخان شارنشینەکان بوو، تام و چێژی حەیرانەکانی حەسەن، تان و هێزی لاوکەکانی و کاریگەریان، ورەی پێشمەرگەکانی کوردستانیان بەرزتر دەکردەوەو پتر هانی دەدان تا جوانتر شەڕو داستانەکانیان بڕازێننەوەو باشتر دەست لە دوژمن بوەشێنن، لە گەرمەی شەڕەکاندا حەسەن بە نرکەی پڕ لە ئاوازی میوانەو کیژۆرە ئەسمەرێ و شاخۆڵان دڵی جاش و خائینانی دەسمی و بە شێوەیەك ورەی پێ بەردەدان هەرگیز نەیاندەتوانی لەبەردەم شالاوی ڕقی پیرۆزی پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی دەشت بوەستن، ئەو نەوانەی لەسەر دەمی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا پەیدا بوون، یادی ئەوان ڕۆژان دەکەنەوەو ئیلهامی شۆڕشگێڕانەیان لەوان داستان و شەڕەکانی گێرەی ڕەش و کەردزو

هــەورازی چــەمرگەو سماقــەو شــاخی گــەردەن کەشــی ســەفین و شــاخۆلان وەر گرتووە، پێم وایە لە ناوچەکەماندا، جێ نیـە شەوچـەرەی شـەوانی زسـتانیان بـە لاوك و حەیرانـەکانی حەسـەن بەسـەر نـەبردبێ و مێـوژە شـیرینەی پـڕ لـە تـامی لاوکەکانیان نەخواردبێ، وێڕای ئەم هەموو هونەرەو ئەو ژیانە پڕ لە سـەروەریەی، کاکە حەسەن حەیران تا بڵێی پیاوێکی ڕاست و گفت شـیرین و بـە ئـەزموون بـوو، سەدان نوکتەو قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی ئەزبـەر بـوو، بسـت بـە بسـتی دەشت بەڵەدو کەندو لەندەکانیشی شارەزا بوو ، لـە هـیچ پرسـیارێکدا دانـەدەماو قسە لە دەستێکی کەم وێنە بوو ، خۆشەویستی هەموو جووتیاران و پێشـمەرگەو جێ متمانەی فەرماندەو سەرکردەکان بوو، ناوبانگی حەسەن، جێ ڕێزی تەنانەت سەرۆك بارزانیی نەمرو لە دواییشدا کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و جـەنابی سـەرۆك مسعود بارزانی بوو، من بەش بە حاڵی خۆم لە کاکە حەسەن بـە تەمـەن بچـووکتر بووم، بەڵام چونکە خوێندەوار بووم، نرخ و بەهای تواناو کارامایی ئەوم دەزانی و یەکێك بووم لـە دۆسـتە هەرەنزیکـەکانی، ڕێـزم لێـدەگرت و دەمزانـی ئـەو پیـاوە مرۆڤێکی سادە نیە، هەر بە تەنها شەڕکارێکی ئـازاو پێشـمەرگەیەکی قارەمـانیش نیە، دەمزانی ئەو کوڕە جووتیارە چەندین توانای دیکەی لێ کۆبوویتەوە تـا بڵێـی مرۆڤێکــی هۆشــیار و ســەر ڕاســت و ئــاوەدان بــوو، لــە ڕووی هونەریشــەوە، هونەرمەنـدێکی بلیمـەت و دەنـگ خۆشـێکی دیـار بـوو، هــەر بۆیەکـە هــەروەکو مامۆستا سەیرم دەکرد، کە تووشی دەبووم پتر دەمدواند، شتی لێ فێـر دەبـووم، جارو باریش قسە نەسـتەقەکانیم لای خـۆم تۆمـار دەکـرد، زۆر جـار پـێم دەگـوت دەترسم ڕۆژێ لە ناکاو لاربیەوەو ئەو هەموو زانیاریەی لاتـە لەگـەڵ خۆتـدا ببەیـە ژێر گڵ ، وەرە پیاوی چابە وردە ، وردە لەسەر شریتی مسجل-یـان تۆمـار بکـە، لە بیرمـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٦٨ بـوو، لەگـەڵ کـاك حەسـەن و زۆر هێـزی دەشـتی هەولێر بـە فەرمانـدەیی خوالێخۆشـبووان کاکـە فـارس بـاوەو عـەریف عوسمـان و ئەحمەدی حـاجی عـەلی و سـەید کاکـەو لەسـەر فـەرمانی بـارزانیی نـەمر بـۆ پـاك کردنەوەی ناوچەکانی سلێمانی لە جاش بـەرەو ناوچـەی چـەرمەگا کەوتینـە ڕێ،

هێزێکـی زۆری هەمـە لایەنـەی هێزەکـانی دیکـەی شۆڕشـیش لەلایـەکی دیکـەوە هاتبوون، سەرۆك بارزانیی نـەمریش سەرپـەرشـتی هـەموو لایـەکی دەکـرد، تـا لـە نزیکەوە هەم ئەو برینانە سارێژ بکات کە ئەو تاقمە خۆ فرۆشە بە فیتی دوژمنانی کورد و کوردستان، جەستەی شۆڕشیان زامدار کرد بـوو، هـەم دوا ڕەگـی جاشـان بنبڕ بکات و هێزەکانی ڕزگـاری و خـەباتیش دەوڵەمەنـد و پتـەوتر بکـات، ئێمـەی دەشـتی هـەولێر گونـد بـە گونـد دەسـوڕاینەوە بـە گونـدەکانی کچـان، تـەڕەمار، گەورەدێ و بەرەو ئەو شوێنانە دەڕۆیشتین کـە بۆمـان دیـاری کـرا بـوو، شـەو لـە گونــدی گــورەدێ بــووین، ئــیتر کــۆڕو بــەزمی پێشــمەرگانە دەســتی پێکــرد، کەرەمستانێ، دۆمینە، زۆرانبازی و ..هتد، جارو باریش کاکە حەسەن سەر پیکـی خۆش دەکرد و چەندین حەیران و لاوکـی دەروون هـەژێنی بـۆ دەچـڕین، کوڕگـەل جمان شایی دەسـتی پێکـرد، گونـد خڕوشـا، بـوو بـە بـەزمێك هـەوای گونـدی بـە شێوەیەك خەملاند ڕەنگە پێشتر بە خۆیانەوەیان نەدەبینی، حەسەنیش کە جارو بار چاوی هەڵدەبڕی و بزەو لەنجەی کچێکی دەدی، دەبـوە یـەك پارچـە ئیلـهام، ئـەوی دەیگـوت، دووبـارەی نـە دەکـردەوە، پـتر لـە سـەعاتێك یـەك بـەین لاوك و حەیرانی چڕی کە تەواو بوو، پێشمەرگەکان سەد جار خۆیان بە قوربانی حەسـەن و حەیرانەکانی کرد، لەبەر کچەتیم و باغـەڵێ شـۆڕی دزەییـان و گـوێ بـە گـوارەی سیانان دەمردن، ستایشی گەردن بلوورینی کچـانی خۆشـناوەتی و بـەژن و بـاڵای زراقی باڵەکایەتی و چاو قەترانی بلباسان و مەمك فنجانی قەراجیان دەکرد، لـەپڕ کوڕێکی گەنم ڕەنگی باڵا کورت هەڵسـا سـەر پـێ و گـوتی ئـەرێ خـاڵۆ گیـان، بـە ساقەی چاوت بم گۆرانیەکی کوردیشمان بۆ ناڵێی، حەسەن شێت بوو نێو چـاوانی ئـاگری لێ دەبـاری، خەنجـەرت لێـدابا نەیـدەبڕی، ئەوەنـدە نـەما بـوو خـوێن لـە دەمارەکانیدا فیچقە بکا، وەك هەمیشەش قسە لە دەست بوو ، هەستا سەر پێ و تۆزێـك لــە کوڕەکــە ڕامــاو بــە هێمنــی گــوتی: هەی..ســەگباب ئــەدی ئــەمن سەعاتێکە...دەخۆم، ئیتر بەزم گەرمتر بوو ، بوو بە پێکەنین .

لە دوای شکستی شۆڕش، ئەو پەڕاگەندەی ناوچەی – کرمان– ی ئێران و مـن

بۆ گەرمای فەلوجەی پارێزگای ڕوومادی دوورخرامەوە، من دەست بەسەرو گیان لە خەتەر، ئەو ئاوارەو دڵشکاو، هەردوکمان وێنەی بێکەسی و سوارێکی لەسەر ئەسپ گلاودا، هەردووکمان دوو ڕووی کارەساتێکی مەزن و غەدرێکی مێژوویمان نیشان دەدا، کە بە پێی پیلانێکی نێو دەوڵەتی دژی شۆڕشی کوردستان ئەنجام درا بوو، هەردووکمان دوو پێشمەرگەی هەناسە درێژی لە پشتەوە پێکراو، لەنێو ژان و ئازاری کوشندەی برینەکانی خۆماندا، بێ کەس و تەنها، وەك مار جینگلمان دەداو بە دوای تیشکی خۆرێك دەگەڕاین ئومێدمان پێ ببەخشی، تا بڵێسەی شۆڕش، جارێکی تر لەسەر دووندی چیای مەتین و قەندیل– دا هەزاران دڵیان ڕۆشنکردەوەو بە نەعرەتەی– کوردستان یان نەمان– ڕوو لە شۆڕشگێڕەکانی کوردی لەنێو تەپ و تۆزی بێدادیدا ڕاچەڵەکاند و زایەڵەی دەنگی دوژمن تۆقێنەری پارتی و بارزانیی نەمر، هەترەشی دوژمنانی برد و پێی سەڵماندن کە تا چیاکانی کوردستان لەسەر پێ بن، شۆڕش و پێشمەرگە بە هەزاران پیلان و زەبرو زەنگ لەناو ناچن، من لە سەرەتای بەهاری ۱۹۷۹ دا، بە پانتۆڵ و کراسێکی لەنگەوە، گلۆڵەی ڕێگای پڕ لە کۆسپی باشۆرم هەڵدەوێژی و هێدی، هێدی پێم لە جەرگی خۆم دەناو جارێکی تر ماڵ و منداڵ و کەس و کارو خێرو خۆشی خۆمم بە قوربانی ئەو تروسکە ڕووناکییە دەکرد، کە لە شاخەکانی کوردستانەوە کزە ئومێدێکی پێ دەبەخشیم، بڕینی دەیان بازگەی دوژمن و سەدان مۆڵگەی سەربازی و هەزاران سەنگەری دەور بەمین چنراو هەروا سووك و سادە نەبوو، باران جار، جار نمە نم و جارو باریش بە لێزمە دایدەکرد، بە هێمنی لە نزیك سەنگەرەکانی دوژمن تێدەپەڕیم، دزەم لە حەرەسەکان دەکرد، ئای چەند کاتێکی ترسناك بوو کە لە ئاسمانەوە برووسکەیەك دڵی زەوی شەق دەکرد، دەترسام لەوەی بە بۆنەی ئەو برووسکەوە ئاشکرا ببم، دەربەندی ڕایات یەکەم قۆناغ و دوا قۆناغی من بوو تا ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ دا، نێوان سەنگەرەکانی دوژمن ئەوەندە نەبوو، مرۆ تەنها بە ئازادیش پشوویێك بخواتەوە، دوای دوو سەعات ڕێ کردن، دوو سەعات دڵ لە مست و بێ چرپە ڕۆیشتن، توانیم

سـەنگەرەكانی دەوری دەربەنـد بـبڕم و بـەرەو گردمەنـدیل هەڵكشـێم، لـە كانیلەكەی– شكان–دا چوڕە ئاوێكی ساردم خواردەوە، شەوەو تـرس لـە هـەموو لایەكەوە دەوری داوم، لەگەڵ هاژەی ڕووبارو چرتە چـرتی دڵۆپـە ئاوەكـانی سـەر تیشـە بـەردەكانی شـاخ و لەگـەڵ ترپـەی دڵـی خۆمـدا ڕاپـەڕیم، بـیرم لـەخۆم دەكردەوە، گریان بەرۆكی بەرنەدام، منداڵەكانم، گڕوگاڵیـان، پێكـەنینیان، شـەڕو ئاشت بوونەوەیان وەك شریتێكی سینەمایی لەبەر چاوم ڕا دەبوورین، كە هەسـتم ڕاگـرت، لـە خـۆم و پەلـە هـەورەكانی ئاسمـانی سـەر قەنـدیل و چـەند ولاغێكـی بەڕەڵڵای ناوچەكە، كە لە دەست سەربازەكانی دوژمن یاخی ببون و نیـانتوانیبوو لەگەڵ خاوەنەكانیاندا سواری زیلیان بكەن و بەرەو باشوور ڕایان بگوازن، شتێكی دیكەم بەدی نە دەكرد، ئەوەی دڵی خـۆش كـردم، هەناسـەی ئـازادی خـۆم بـوو، ڕزگار بوونم بوو لە ستەم و نەشتەری ژەهراوی سـیخوڕەكانی ڕژێـم، لـە دۆزەخـی باشـوور و بینینـی تـەرمی كوردانـەوە بـەرەو كوێسـتانی بـەفرین و مەتـەڕێزی پێشمەرگەكان هەنگاوم دەنا، بەرە بەیانێكی زوو، هێشتا تڤەنگ سـێرەی نـەدابوو گەیشـتمە سـەر دوا تـابلۆی ئاقـاری عێـراق– ئێرانـدا، ڕاوەسـتام ، ویسـتم تـۆزێ دانیشم وپشووێكی حەسانەوە بدەم، گیانم شەڵلای ئاوو ئارەقە بـوو، كـە گـەڕام، شوێنێكی وشكم نەدۆزیەوە، لەسەر تاتە بەردێكی زڵ وەستام، تـەنها هێلكەیـەكی كولاو و دوو نانـە ڕەقـەم پـێ بـوو، خـواردم، پـێم وایـە خۆشـترین خـواردنم بـوو، چـونكە پـڕ بـە دڵ و بـێ تـرس و دوور لـە سـێبەری جـەللادەكانی ڕژێـم و لەسـەر ترۆپكی – كۆدۆ– دا بۆ یەكـەمین جـار دوای چـوار سـاڵ تـرس و لـەرز، یەكـەمین لوقمەم بە ئازادی نۆش كرد، دونیا سارد بـوو، وردە، وردە لـەرزێك خـۆی نیشـان دەدام، ئـازاری پـێ و، ئـەو درکـە زیانـەی لـە گیـانم ڕوو چـوو بـوون وەك مـار دەیانگەزتمەوە، بـوارم نـەدا چیتر سـەرما كـارم تـێ بكـا، بـەرەو دۆڵـی– حـاجی برایم– شۆڕ بوومەوە، لەگەڵ یەكەمین گزنگی خۆردا، یەكەمین هەنگاوی ئازادانەم بەرەو گوندی– كۆنە لاجان– ی كوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، دوای چوار ساڵ لێكتر دابـڕان و چـوار سـاڵ غـەم وئەسـارەت، لـە شـاری– نەغـەدە– بـە كـاك حەسـەن

حەیران شاد بوومەوە، گرتمی، وەك منـداڵ لـە باوەشـی خۆیـدا گوشـیمی، ماچـی کردم، جارو باریش تێم ڕادەماو لـە ئاکامـدا دەسـتی بـە گریـان کـرد، گریـا بـەڵام چۆن، وردە، وردە هێور دەبۆوە، فرمێسکەکانی مژدەی خۆشیان پێ دەبەخشیم، هەناسەی سۆز و بەرائەتی دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ من کە دەترسـا لـە بیابانـەکانی باشووردا، لە شەوێکی قەترانی گیانکێشدا تەنها بە یـەك گوللـە نـوغرۆی زۆنگـاوە چڵکنەکانم بکەن، دەترسا جارێکی تر گوێی لە ئێـرە دەنگـی کوردسـتانی عێراقـە نەبێتەوە، بۆ ئـەوەش دەگریـا کـە توانـای دەربڕینـی ئـەو خۆشـییە لـە ناکـاوەی نەبوو، بردمیەوە ماڵ، بانگی چەتۆ و دایکی چەتۆی کرد و موژدەی پەیـدا بـوونی منی پێدان، سەری کۆت کرد، دوو جار ئحمی کرد و گوتی ئەوجا نانێکمان بـدەنێ ، تا پڕ بـە دڵـی خـۆم ژەمـە نـانێکی ئاسـوودە بخـۆم، نـان خـورا، پاڵمـان داوەو سەربردەی خۆمان بۆ یەکتر گێڕاوە، ئـاودەڵ پەیـدا بـوو، کـاك خورشـید شـێرە و مـەلا عـەزیز و ئەحمـەد دەشـتی و بـرا ئاوارەکـانی تـر وردە، وردە لێمـان کـۆ دەبوونـەوەو کـۆڕ گـەرمترو چـیرۆکی ئـەو چـوار ساڵەی لێکـدابڕانمان هـەر تـەواو نـەدەبوو، ئـای کـە نـەزانن دەسـت لێکبـەردانی عاشـقانی ئـازادی و لێکـدابڕانی هاوسەنگەرانی خەبات چەند پڕ لە ئێش و حەسرەتە، وەکو جاران، وەکـو پێشـوو لەگەڵ کاك حەسەن – دا لەیەکتر نزیك بووین، خۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش هەر بـە ڕاسـت دراوسـێی یـەکتر بـووین، هەسـتان و دانیشـتن و پیاسـەی نێـو بـازاڕدا زۆربەی هـەرە زۆری بەیـەکترەوە بـووین، سیاسـەت و قسـەی نەسـتەق و چـیرۆك گێڕانـەوەو بەسـەر هاتـەکانی شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلوول و گێڕانـەوەی مەسـەلە گرنگەکان، شەوچەرەی شەوانی یەڵداو ڕۆژانی ئاوارەییمان بوو، ڕۆژێك باس هاتـە سەر شەهید کردنی سەرکردەی ناوداری دەشتی هەولێر شـەهید سـەعدی گچـکە، هەردووکمان غەمێکی قـووڵ دایگـرتین، حەسـەن گریـا، هـۆن ، هـۆن فرمێسـك لـە چاوەکاڵەکانیدا هاتنـە خـوار، پێشـنیارم کـرد، ئـەرێ کاکـە حەسـەن دەکـرێ مـن وشەکانی ژیان و بوێری و خەبات و ئەو داستانەی سەعدی تێدا شـەهید بـوو، لـە چەند دێرێکی خەم ئامێزدا کۆکەمەوەو تۆ بیکەیتە لاوکێکی حەزین ؟

گوتی دەبنووسە خوا کەریمە.

نووسیم، بە ڕاستی جوان بوو داخەکەم لە ئاوارەیی و گواستنەوە لەم خانوو بۆ ئەو خانوەی عەجەمەکان لێم ون بوو،کە وشەکانم وەك کۆمەڵە پەپوولەیەکی باڵ ڕەنگین خستمە مستی، دوو جاری پێ خوێندمەوە، ئیتر جارێکی تر دەستی بە گریان کردەوەو گوتی:

کاکە وامن بە خوێندنەوەی تۆ خۆم پێ ڕاناگیرێ جا چۆن دەتوانم بیکەم بە لاوك.

بە داخەوە ئەوە دوا وتەی حەسەن و لاوکی ئەم هونەرمەندە بوو، کە لە دایك نەبوو، هەروەها بووە بەردێك لەسەر پەڕەی دڵم تا ئەمڕۆکەش ئازارم دەدا، کاك حەسەن، بەم دواییەدا دوو چاری نەخۆشی تەنگەنەفەسی هاتبوو، هەمیشە پەمپەکەی دەگیرفانی دابوو، دەوەرە سەیری سەربووردەی ئەم خەباتگێڕە نەفەس درێژە بکە، جا کوڕم دەوێ بتوانێ ناخی پڕ لە کەف و کول و کۆڤانی بخوێنێتەوە، حەسەن بەم تەمەنەی، ببوە یەك پارچە عاتیفە، وەك پەڕەی گوڵ دڵی ناسك بوو، لێرەو لەوێش هەر خولیای پەیداکردنی لوقمەیەکی چەور بوو بۆ منداڵەکانی، بەر لە شەهید بوونی بە یەك ڕۆژ سەیارەیەکی پەیدا کرد بوو، بەڵکو خواو ڕاستان لە ڕێگەی ئەو سەیارەوە گیرو گرفتی هەمەلایەنەی هەردوو خێزانەکەی چارەسەر بکات، بەڵام هەزار حەیف و مخابن لە ڕێگەی ورمێ– وە لەکاتی هاژوشتنی سەیارەشدا دڵە گەورەو پڕ لە خەم و کۆڤانەکانی ڕادەوەستێ و بە وەرگەڕانی سەیارەکەشی دوو جار شەهید دەبێتەوە، شەهید بوونی کاکە حەسەن بۆ هەولێریەکان، تایبەت بۆ من و دۆستە نزیکەکانی لە ئاوارەکانی ئێران، بووە کارەساتێکی لە ناکاو، من بەش بە حاڵی خۆم چەندی دەمکرد باوەڕم نەدەکرد مردبێ، ئەوکات من لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق– دا کارم دەکرد، چی بنووسم، چۆن بتوانم ژیان و خەباتی ئەم هونەرمەندە پێشمەرگە لە چوار چێوەی بەرنامەیەکدا بەرجەستە بکەم، قەڵەمەکەم لێوی تەتڵەی دەکرد، لەگەڵ چاوەکانم بە لێزمە فرمێسکیان دادەباراند، نووسیم تا توانیم، یەك پارچە

سۆز و غەم و کۆچ و کۆچباری کوردان و ژیانی غوربەتی و نەبوونی و دەستکورتی و شەوانی بێکەسی و ڕۆژانی پێشمەرگایەتی پتر لە ٣٠ساڵی کاکە حەسەنم کردە وتارێك، کە خوێندمەوەو هەواڵەکەشم بە کوردستان ڕاگەیاند، خۆم پێ ڕانەگیرا، گریام، وەك باوك کوژراوێك دەنووزامەوە، کە هەستم ڕاگرت هەموو پەناهەندە کوردەکانی ئێران و کوردستان و هونەرمەندان، وەك من مات، کپ، بێ دەنگ، بێ گفتو گۆ، گوێیان بۆ من هەڵخستبوو، بەڵکو خوا بکات ئەم هەواڵە ڕاست نەبێ، بەڵام هەیهوو، حەسەن چووە دونیای جاویدانی و هونەرەکەشی لە فراوانترین دەرگای مێژووەوە چووە نێو قەشەنگترین لاپەڕەکانی کولتووری کوردی ، شاد بێ گیانی کاك حەسەن حەیران، بە حەیرانی دەنگ و خەبات و مێر خاسی حەسەن بم.

**موحەممەد ئەمین ڕۆژبەیانی:**
**حەسەن حەیران ئیسپاتی کرد هونەرمەندە !**

*حەسەن حەیران کێ بوو، چی بوو، ژیانی چۆن بەسەر برد، چۆن و لە کوێ کۆچی دوایی کرد.

– حەسەن حەیران کێ بوو ؟

– حەسەن کوڕی قادر کوڕی خەلیل گەوەر بوو، لە بنەماڵەیەکی عەشیرەتی ڕۆژبەیانی بوو، لە ساڵی ١٩٣٧ لە بناری قەرەچووغ لە گوندی تەلەرخێمی گەورە چاوی بە دنیا هەڵێناوە، دایکی ناوی هەمین بوو، برایەکی لە خۆی گەورەتر هەبوو بە ناوی خەلیل و لە ژیاندا نەماوە، دوو خوشکی هەبوون بە ناوی خەزار لە ژیاندا نەماوەو ئەویتر بە ناوی خەماد کە تا ئێستاش لە ژیاندا ماوەو لە هەولێر دەژیت، بنەماڵەی حەسەن حەیران مەشهورن بە بنەماڵەی خەلیل گەوەر کە باپیرە گەورەیان بوو، ئەوانیش دوو برا بوون خەلیل گەوەرو ئیبراهیم گەوەر، حەسەن حەیران بە قەدو باڵا کورتە باڵا، بوێرو لێزان و چاو نەترس و زیرەك بوو، خاوەنی دوو خێزان بوو، بە ناوی حەلیمەو سەعادەت تەنها حەلیمە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، چوار کوڕ و چوار کچی هەبوو، هەموویان لە ژیان ماون، چەتۆ کوڕی گەورەو ئەمیرو ئومێدو هیواش یەك لە دوای یەکترن، کچەکانی خەرەمان ،مەهان ، پەیمان، شیلان، من لەم خاڵە تەنها ئەوە دیار دەکەم حەسەن حەیران کێ بوو.

* حەسەن حەیران چۆن بوو ؟

– لە تەمەنی منداڵیدا منداڵێکی گەمە خۆش و سەرکردایەتی منداڵانی دەکرد لە گوندەکەیان هەروەکو بۆ منیان گێڕاوەتەوە لە تەمەنی لاویەتیدا نەداری و دەست کورتی خێزانەکەی مانا باوك و دایك و برای تا چەندین ساڵ شوان و هەر لەوێ پلەی هونەرمەندی وەرگرت و دەست و پەنجەکانی عاشقی شمشاڵ بوون و لەگەڵ شمشاڵەکەی وردە، وردە بیری لە حەیران و لاوك دە کردەوە.

حەسەن حەیرانی پێشمەرگە هەر لەگەڵ چریکەی بەرپا بوونی شۆڕش وازی لە

هەموو بەرژەوەندیەکانی خۆی هێناو ئەو گۆچانەی کە هەڵی گرتبوو بۆ بژێوی خێزانەکەی داینا و لە جیاتی ئەو چەکی پێشمەرگەی کردەشان و بەڵام چ پێشمەرگە نەهەر پێشمەرگەو دۆستی چەکەکەی بێت یا لە چەك بەو لاوە لە هیچیتر نەزانێ، هونەری لەگەڵ سەنگەرو بەرگری و چەك بە یەك بەستایەوەو نەبەردی و ئازایەتی و داستانی یەك لە دوایی یەکی لێ بەدەست دەهێنا، حەیرانی بە کیژو کار و دەشت و شاخ و کانیاوی کوردستان دەوت، بۆ دڵ و هەستی پێشمەرگە لاوکی بەسەر عەگیدو سوار چاك و داستانە پڕ لە قارەمانیەکانی کورددا هەڵدەداو جۆش و خرۆشی دەدا بە پێشمەرگە، لە داستانە مەزنەکانی سەرتا سەری ئەم شۆڕشە کە بە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ناو دەبرێ، بە دەستی تڤەنگی دەگرت و بە چاو سێرەیی لە دوژمن دەگرت و بە پەنجەکانی ئاگری تڤەنگەکەی لە گیانی دوژمن بەردەدا و بە دەمە پڕ سۆزەکەشی لاوکی بەسەر پێشمەرگەدا دەگوت و بارزانیی نەمری دەکردە ڕەمزی سەرکەوتن و کوردایەتی و پێشمەرگەش سەرکەوتنیان بە دەست دەهێنا، حەسەن حەیرانی تۆڵەسێن و بە ئەمەك بۆ خوێنی شەهیدان هەوڵ و توانای خۆی دەخستە گەڕ بۆ ئەو کەسانەی کە دەستیان بە خوێنی کورد سوور دەکرد، لاوکی بەسەر شەهیدەکان دەگوتەوە، کەواتە حەسەن حەیران ئیسپاتی کردبوو کە بەڕاستی هونەرمەندە، چونکە هونەرمەند ئەگەر سوودی بۆ گەل و نیشتمانەکەی نەبێ بۆ ئەو ناوە پیرۆزە بکاتە قەدو باڵای خۆی، هونەرمەندێك هەموو توانای خۆی بۆ چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و یا لاوکی خەجێ و سیامەند بڵێتەوە، تۆز قاڵێك هونەرەکەی بۆ ئێش و ئازاری میللەتەکەی نەبێ، ئەو هونەرمەندە بە کەلکی چی و بۆ هەبێ یان هونەرمەندێك بە کۆشك و تەلاری پاشا و ئاغاو میردا بڵێت کە بیریان لە ڕزگاری گەلەکەیان نەکردبێتەوەو بگرە ڕزگاریەکەشی بووبن بۆ ناویان لێ بنرێت هونەرمەند و هەندێ جار دەیانکەنە قارەمانی فۆلکلۆری کوردیش، بۆچی قەڵەمێك باس لە هونەرمەندی حەسەن حەیرانی کردبێ و ئەوەی تۆز قاڵێك لە مانای هونەر بزانێت پێیان وابووە دلۆپێك لە دەریا باس نەکراوە، هونەرمەند لە کورد زۆر

هەڵکەوتوون و لاوکبێژو حەیرانبێژ زۆرن، زۆریشیان تا توانیبیان بۆ کورد و ئێش و ئازارەکەی مانوو بووینەو پێویستە نووسەر لەهەر هەلێکی بۆی بڕەخسێ و بەپێی شارەزای ئەمانە لەبیر نەکەن و بیانکەن بە پێشڕەوی هونەرمەندان و ئەوانەی تەنها سوودیان بۆ هەستی خۆیانیش هەبووە، لەلاپەڕەیەکی دیکە بەسەریاندا بگوترێ.

له دەشتی هەولێر کە بە دەشتی قەراج و شەمامك و کەندێناوەو بگرە تا قەرەداغ و لەوێوەش تا بارزان بگەڕێوەوەو لە ماوەی ١٤ ساڵی تەمەنی شۆڕشی ئەیلوول واتە ١٤ ساڵ تەمەنی هونەرمەند حەسەن حەیران لەگەڵ شاخ و دەشت و دۆڵ و سەرماو گەرماو ئاوو ئەشکەوت بووەو لەهەر شوێنێك لەمانە نەبووە شەڕێك یاچەندین شەڕی لێ نەبوو بێ و پێشمەرگەش داستانی قارەمانیەتی لێ تۆمار نەکردبێ و لەهەر داستانێکیش نەبووە خوێنی پێشمەرگەی لێ نەڕژابێ، حەسەن حەیران لە حەیران و لاوکە بە سۆزەکانی نە دەشت، نە دۆڵ، نە شاخ، نە ئەشکەوت داستانەکانی لەبیر نەکردوون و لاوکی بۆ شەهیدەکانیش نەهوناندبێتەوەو لەسۆزی برایەتی و کوردایەتی و ئێش و ئازاری گەلەکەی فرمێسکی بۆ شەهیدان گوڕ لە چاوەکانی نەڕژابێ و هەمووشی کردوون بە دیاری بۆ گەلەکەیی و نەوەی دواڕۆژ لە کاسێتەکانی تۆماری کردوون و هەردەم بیری لەوە دەکردەوە دەبێ نەوەی دواڕۆژ ئێش و ئازاری گەلەکەیان لەبیر نەکەن و بە لاوکەکانی داستانەکانی باوك و باپیرانی خۆیان بزانن تا لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ کە کورد خاوەنی پەڕلەمان وحکوومەتێکە بیپارێزن و بزانن کە بە خوێنی شەهیدان ئەم دەسکەوتانە هاتوونەتە دەست.

* حەسەن حەیران ژیانی چۆن بەسەر برد ؟

– ئەوەی باسم کرد، زۆر لە ژیانی ئەو هونەمەندەی بۆ کەم کردینەوە باسمان لە ١٤ ساڵ تەمەنی شۆڕشی ئەیلوول و یەعنی ١٤ ساڵ تەمەنی حەسەن حەیران لەوێ تەواو بوو، پێشتریش ژیانی منداڵی و گەنجایەتی و شوانی بووە، پاش ١٤ ساڵ تەمەنی شۆڕش و ڕێکەوتنە شومەکەی جەزائیر وەکو هەندێ کەس و بە

هەزارەها ماڵ ئاوارەی ئێران بوون و لەوێ جارێکی تر بە کۆشیێ منداڵ و لەم غەریبیە دەستی کردە کاسبی و سەیارەیەکی بۆ کرێ پێك هێنا بوو، منداڵەکانی دەژیاندو بەڵام هەموو ئێوارەکانی بە شمشاڵ و لاوك و حەیرانەکانی لەناو منداڵەکانی بەسەر دەبرد و هەندێ جاریش بۆ کوردو غەریبی دەگریاو ساڵەهای ساڵ بەم شێوەیە ژیانی بەسەر برد.

له ساڵی ١٩٨٣ چوومە لای لە نەغەدە پاش هەشت ساڵ لەیەك دوور دەستی لە ملم کرد، زۆر گریا، لە دوایی پرسیار و وەڵام گوتی:

زۆر غەریبیم چەشتووە، بۆیە دەگریم و هەناسەم تەنگ بووە، دەنا هەق نیە بگریم، لەبەر ئەوەی کورد دەستی بە شۆڕش کردۆتەوەو پێشمەرگە ژیاوەتەوەو داستانی قارەمانیەتی تۆمار دەکەن، ئەوە ئومێدێکی گەورەیە بۆ من.

لە دوایی حەسانەوەیەك گوتی:

لاوکت بۆ بڵێم یان حەیران یا شمشاڵت بۆ لێ بدەم.

منیش پێم سەیر بوو، ئەو هەموو ساڵە و لە غەریبی دەبێ چی لەبیر مابێ گوتم:

تۆ شمشاڵت ماوە ؟

گوتی:

من تا دەمرم شمشاڵ لەخۆم جیا ناکەمەوە لاوك و حەیرانەکانم لە غەریبی بە جۆشتر بووینەو خەمی خۆم بە وانە ڕەواندۆتەوەو هەردەم دەشتی هەولێر و زۆزك و هەندرێن و داستانەکانم بەبیر دێننەوە.

جارێکیتر گوتی:

دە بڵێ حەزت لە کامەیانە ؟

منیش مەسەلەیەکم بۆ هێناو پێم گوت:

دوو کەس لە ڕێگایەك بوونە، ڕەفیقی یەك و دانیشتن لە شوێنێك بۆ حەسانەوەو یەکیان هەندێ خورما و هەندێ مێوژی لابوو، دیارە کەم بووە بە ولاشەکەی گوت تۆ خورما دەخۆی یان مێوژ ولاشەکەی حەزی لە هەردووکیان

بوو، گوتی ئەگەر بڵێم خورما هەر خورمام پیێ دەدا، ئەگەر بڵێم مێوژ هەر مێوژم پیێ دەدا گوتی واچاکە بڵێم خورمژ دەخۆم، منیش حەزم لەهەر هەمووانە.

گوتی:

باشە جارێك شمشاڵت بۆ لیێ دەدەم دەستی کردە شمشاڵەکەی، شمشاڵێکی زۆر غەریبی لێداو منیش هەندێك بۆی گریام، لە دوایی ئەو حەیرانەیەکی بۆمی گوت، لەویش حەیرانی بە دەشتی قەراج و قەرەچووغ و پیرە هەولێری هەڵگوت و بەویش فرمێسك لە چاوەکانی بە گوڕ دەهاتنە خواریێ، ئەمجارەیان دەستی کردە لاوکی دەلیێ واییێ شەهیدان و هەر ئەوەندەم زانی هەناسەی تەنگ بوو لە پڕمەی گریانێکی بە کوڵێداو هەرچی منداڵ و خێزانەکەشی و منیش لەگەڵدا ماوەیەکی باش دەستمان بە گریان کرد.

* حەسەن حەیران چۆن و لە کویێ کۆچی دوایی کرد ؟

– حەسەن حەیران لێرەشەوە سەلماندی کە چرکەیەك لە ئێش و ئازاری گەلەکەی دوور نەکەوتەوەو هەموو ژیانێکی نالەباری بۆ خۆی هەڵبژارد تەنها بۆ ئەوەی میللەتەکەی ڕزگار ببیێ لە چەوسانەوە، لە شۆڕشیش خۆی جیا نەکردەوە، لە غەریبی و لە وڵاتی ئێران و لە نزیك شاری ئورمیە–ڕەزاییە– گیانی لە دەستدا بە هۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل.

چۆن ؟

عەسرێك گوتی:

برادەرێکی پەناهەندە هەیەو دکتۆرە، خۆی دەچیێ لەگەڵ پێشمەرگە بۆ کوردستان و سەیارەکەی جۆری فیئاتی قەمەرەی هەیە، بە منی گوتوە ئەگەر کارێکی پیێ بکەی پێم باشە سوودێك بۆ هەردوو لامان بێت، با بچین سەیری سەیارەکە بکەین وەکو چووین سەیارەکە ماوەی دوو ساڵ بوو لە گەراجی ماڵەوەیان ڕاگرتبوو زۆر بیێ سەرو بەربوو.

گوتم:

من عەقڵم ناگری مەسرەفی زۆر دەویێ !

گوتی:

چاكی دەكەم.

گوتم:

تاكو چاكی نەكەی بۆ ڕێگای دوور لێی نەخوڕی.

گوتی:

باشە بەیانی سەبر، سەبر دەبیەمە ئورمیە لەوێ چاكی دەكەم ئەوە لە نەغەدە بووین، بەیانی بەرەو ئورمیە چوو بوو فیتەر گوتبویان بەیانی وەرەوە عەسر هاتەوە گوتی:

بەیانی تۆش لەگەڵ من وەرە.

گوتم:

باشە بەڵام شەو من دەعوەتی خزمێك بووم، بەیانی ڕۆیشتبوو بانگی منی نەكرد بوو، دەڕوات لە نزیك ئورمیە سەیارەكەی وەردەگەڕێ و گیانی لە دەست دەدا، ئێمەش بە هاوار چووین و جەنازەكەمان بە مەراسیمێكی شایستە لە گۆڕستانی نەغەدە بە ئەمانەت بە خاكمان سپاردو پرسەیەكی یەكجار زۆر گەورەی بۆ كراو زۆربەی پەناهەندەكانی شارەكانی دووریش هاتن و پاشی پرسەكە بەڕێزان سەرۆك مسعود بارزانی و هەڤاڵی جوانەمەرگ كاك ئیدریس بارزانی لە دوایان ناردین من و شەهید جەعفەری برام و كاك ئاودەل ڕۆژبەیانی و چەتۆی كوڕی حەسەن حەیران چووین بۆ ڕاژان و جەنابی كاك عەلی عەبدوڵڵا ئەویش لەوێ بوو، كاك ئیدریسی جوانەمەرگ زۆر غەمبار بوو بە كۆچی دوایی حەسەن حەیران و زۆر بە ڕابردووی ئەوی داگوت و زۆر دڵ نەوایی ئێمەیان دایەوەو ئەوەش یەكێك بوو لەوەی كە بەڵێ حەسەن حەیران سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و سەرۆكەكەش لێی رازی بوون و ئینجا دەڵێم هەقە پێی بگوترێ حەسەن – ی شەهیدو پێشمەرگەو هونەرمەند.

لەساڵی ١٩٩١ لە ڕێگای قاچاغەوە لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمە پیرۆزەكەی گواسترایەوە گوندی تەلەرخێمی گەورەو حەسەن حەیران – ی شەهید گۆرستانی

شەهیدی ڕێبازەکەی لە کەس و کاری هەیە کە بریتین لە شەهیدان موحەممەد سادق ڕۆژبەیانی، شەمسەدین سادق رۆژبەیانی، جەعفەر سادق ڕۆژبەیانی، قادر خەلیل ڕۆژبەیانی، تاهیر ئەنوەر ڕۆژبەیانی، عەبدولڕەحمان جبرائیل ڕۆژبەیانی و دەیانی دیکە

* ئەمە پوختەی وەڵامی دیمانەیەکە لە ڕێکەوتی ١-٢-٢٠٠١ لەگەڵ بەڕێز موحەممەد ئەمین ڕۆژبەیانی سازکراوە

**ئیبراهیم حاجی عەلی:**

**کاکە حەسەن حەیران زوو، زوو سەردانی دەکردین**

ساڵی ١٩٧٥ ئێمە ماڵمان لە مهاباد بوو لەگەڵ حەسەن حەیران و سەید کاکە و عەبدوڵرەحمان حاجی عەلی و زۆر برادەری دیکە، لە دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ خەڵکێکی زۆر پەنابەر بووین لە ئێران، خەڵکێکی زۆریش ماڵی لە مهاباد بوو، بەتایبەتی خەڵکی سنوری دەشتی هەولێر، پاشی نسکۆ خەڵك زۆر غەمبار بوو چونکە ناخۆشترین ڕۆژ بوو کە بەسەر ئێمە هات وەك و پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد ، هەندێك دەچۆوە بۆ عێراق و بەشێکیش ماوە لە ئێران، ئێمە کۆمەڵێك دۆست و برادەر بڕیارماندا بمێنین لە ئێران لەبەر ئەوەی مهاباد کوردستان بوو ئێمەیان لەوێ نەهێشت و ڕایان گواستین بۆ شارە دوورە دەستەکان واتە ناو فارس و تورکەکان، ئێمە گواسترainەوە شاری یزدکراین.

حەسەن حەیران و سەید کاکە گواسترانەوە بۆ شاری کرمان و شارۆچکەی ماهان کە زیاتر لە ٢٠٠٠ دوو هەزار کیلۆ مەتر دووری سنوری عێراق بوو، هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥ ئێمە گواستراینەوە بۆ ئەم شوێنانە، ماڵمان بەجیا ڕەوان کرا خێزان بەجیا ئێمەش لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلمان هەبوو بە ئۆتۆمبیلی خۆمان ڕۆیشتین، تەنها مۆڵەتی سێ ڕۆژمان پێ درا بوو، دەبێت بگەینە ئەم شوێنانە، لە شەهرەبانی مهاباد نووسراویان بۆ کردین و بەڕێ کەوتین بەرەو ئەم شارانە لە شاری دیواندەرە ئۆتۆمبیلی من تێك چوو، دواتر چاکمان کردەوە کەمێك پێش ئێمە کاك حەسەن حەیران و سەید کاکە بەڕێکەوتین بەرەو شاری بیمار و هەمەدان، ڕێگاکە خۆل بوو قیڕ نەکرا بوو، لە لۆفەکانی بیمار هەر لەدوور دیتمان حەسەن حەیران ڕاوەستاوە زۆر ترساین، هەر کە گەیشتنینە لای وتمان چی بووە

؟

گوتی:

ئۆتۆمبیلەکەم پێ کۆنترۆڵ نەکرا لەم لۆفانەوە.

گوتی:

لالۆ فریم بەڵام تانکی بەنزینەکەم بۆ لایەکی دیکە فڕیوە، ئێمە کە دیتمان بە خۆی سەلامەتە دەستمان کرد بە پێکەنین، دواتر تانکی بەنزینەکەمان بە بەن وپەڕۆ بەست و تاکو هەمەدان، درەنگی ئێوارە بوو بڕیارماندا یەکتر بەجێ نەهێلین چونکە ئۆتۆمبیلەکەمان زۆر کۆن بوون، هی ئەم ڕێگا دوورە نەبوون، هەروەها شارەزاش نەبووین جگە لەمەش زۆر دڵ تەنگ و غەمگینیش بووین ئەو کات بە ڕاستی درەنگی شەو گەیشتین بە شاری هەمەدان، ئۆتۆمبیلەکانمان لەگەراجێك ڕاگرت و خۆشمان چووین بۆ میوانخانە، درەنگی شەو بوو سەید کاکە گوتی:

دەبێ بچین بۆلای ئۆتۆمبیلەکان هەندێك کەل و پەلی منداڵان لەناو ئۆتۆمبیل بەجێ ماوە، تەنها کاك سەید کاکە خێزانی خۆی لەگەڵ بوو من بە تەنها ناتوانم بچم بۆ ئەوێ، من و حەسەن حەیران چووین لەگەلی فارسیمان نەدەزانی ئیتر هەر چۆنێك بوو تاکسیەکمان ڕاگرتوو بە ئیشارەت و شرە فارسیەك گەیشتینە لای ئۆتۆمبیلەکان لەبەر دەرگای گەراج سەید کاکە گوتی:

من فارسی نازانم دەبێ ئێوە لە دەرگا بدەن.

حەسەن حەیران ئەویش بەمنی گوت:

دەبێ تۆ لە دەرگا بدەی منیش هەروەك ئەوان بووم فارسیەکەم تەنها چەند وشەیەك بوو، دەمزانی لە دەرگای گەراجەکەمدا کابرا بە فارسی گوتی کی ئەست منیش هیچم بۆ نەهات گوتم:

ڕانندەی لندروڤر کابرا دەرگای کردەوە، کاك سەید کاکە کەل و پەلەکانی هێناو دووبارە گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکە سەید کاکە بەمنی گوت ئەتۆ فارسی دەزانی دەبێ دیسان تاکسی ڕابگری ؟

ئیتر به تاکسی چووین بۆ میوانخانه، شەو له میوانخانـه بـووین بـەیانی بـەڕێ کەوتین شەو گەیشتینه سەفاهان و لەوێ ماین بەیانی دووبـاره بـەرەو شـاری یـزد بەڕێ کـەوتین و بـۆ ئێـواره گەیشـتین بـه یـزد ئێمـەیان گواسـتەوه یـەزد،خۆمان ناساند به ئستانداری یەزد پارێزگا، کاکه حەسەن حەیران و سەید کاکه بۆ بەیانی بەرەو کرمان و شارۆچکەی ماهان بەڕێ کەوتین، حەسەن حەیران له شارۆچـکەی ماهان نیشتەجێ کرا تاکو کودەتای ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩، کاکه حەسەن حەیران زوو، زوو سەری له ئێمەدا دەدا، هەزاران سڵاو لەگیانی شەهید حەسەن حەیران و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان و باوکی کوردی هەمیشه زیندو بارزایی نـەمرو کاکه ئیدریسی جوانەمەرگ

* ئەم دیمانەیه له ڕێکەتی ٢-٢-٢٠٠١ لەگەڵ بەڕێزی سازکراوه

١- لەڕۆژنامەی خەبات بەزنجیره لەژماره ٥٨٤٦ پێنج شەممه ١٠-١٠- ٢٠١٩ ، ٥٨٥٦ پێنج شەممه ٢٤- ١٠- ٢٠١٩ ، ٥٨٦١ پێنج شەممه ٣١- ١٠- ٢٠١٩ ، ٥٨٦٦ پێنج شەممه ٧- ١١- ٢٠١٩ ، ٥٨٨٦ پێنج شەممه ٥- ١٢- ٢٠١٩ ، ٥٨٩٦ پێنج شەممه ١٩- ١٢ - ٢٠١٩ ، ٥٩٠٧ پێنج شەممه ٩- ١- ٢٠٢٠ بڵاوم کردۆتەوه.

# ئەو نووسینانەی لە یادی حەسەن حەیران نووسیومن

## حەسەن حەیران
## ڕوحی مقاوەمەتی پێشمەرگەو شۆڕش

ڕێکەوتی شازدەی تەمووزی ئەم ساڵ تێپەڕ بوونی سێزدە ساڵ بەسەر شەهید و پێشمەرگەو حەیرانبێژو لاوکبێژ حەسەن حەیران– ە، کە مێژووی ژیانی٤٧ ساڵ بوو، ٢٣ ساڵی ڕەبەقی لەناو شۆڕشدا بەسەر برد، ژیانی پڕ سەروەری بوو، لەناو جەماوەری پێشمەرگەو هۆزەکەی ڕێزی تایبەتی هەبوو، لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بەتایبەتی لە ژیانی پێشمەرگایەتی جگە لەوەی کە سەرلق بوو ، بە گوتنی حەیران و لاوك لە گەرمەی شەڕدا دەبووە هۆی بەرز کردنەوەی مەعنەویاتی پێشمەرگە، ئێستاکەش کە دەنگە بەسۆزەکەی بە گوێی هاوسەنگەرانی دەکەوێ زیاتر بیر لە ڕۆحی مقاوەمات دەکەنەوە، بەتایبەتی لاوکی دەڵێ وایێ، وەك دەگێڕنەوەو دەڵێن لەبەر ئەوەی تۆمارکراوی کەمە چونکە خۆی گوتیەتی ئەم حەیران و لاوکانە تەنها بۆ ئەوەی دەڵێم کە گەرم دەبم لە شەڕ یا لە کاتی سەرکەوتنێکی گەورە، لاوکیشم بەسەر هاوڕێیە شەهیدەکانی خۆم دەڵێم کە هەرگیز لەیادییان ناکەم وەك شەهیدان عەلی تەکتریۆف، موحەممەد مەحمود، ڕۆستەم، حەمید، کەچۆن لە داستانی قارەمانێتیان دەوری خۆیان بینیوەو تاکو خۆیان کردۆتە قوربانی بۆ ڕێبازە پیرۆزەکەیان ، جگە لەچەند حەیران و لاوکێك نەبێ کە تۆمارکراون وەك لاوکی دەڵێ وایێ، سمایلۆ،

حەلۆکە شێخانی، چەتۆو فەرعۆ، غەزاڵ غەزاڵ ،مێوان مێوان ،بەڵێ حەسەن حەیرانی دەنگ خۆش و حەیران زان و لاوك زان و قسە خۆش و نوكتەزان و نیشانەشكێنێكی بە توانا بوو، ئەو مەجلیسەی ئەو لێی دادەنیشت گەرم و گوڕی دەكرد، چەتۆی كوڕی دەڵێ: لە سەرەتای لاوێتیدا، باوكم لاسایی حەیرانەكانی مامی دەكردەوە كە بە دەروێش خەلیل ناسرا بوو، لە لاوكیش عەشقی دەنگی حەسەن لاوك و كاوێس ئاغا بوو، گەرچی لەبەر بارو زروفی ئەم نەچوو بووە قوتابخانە بەلاَم بە هەوڵ و هیمەتی خۆی، خۆی فێری نووسین و خوێندنەوە كردبوو، گەلێ دەست نووسی شیعریشی هەبوون بەلاَم بە داخەوە ون بوون، لە كۆتاییدا دەڵێم حەیف بۆ حەسەن حەیرانی پێشمەرگەو لاوك بێژو حەیران بێژ كە لە ڕێكەوتی ١٦- ٧- ١٩٨٤ لە گەشتێكی نێوان نەغەدەو ڕەزاییە بە كارەساتی ئۆتۆمبیل شەهید دەبێت و لەسەر وەسیەتی خۆی ساڵی ١٩٩١ تەرمە پیرۆزەكەی دەگوازنەوە گوندی تەلەرخێمی گەورەو لە تەنیشت شەهیدان حەمەد عەلی، ئەنوەر تاهیر، عەزیز قادر خەلیل، دەروێش خەلیل- ی برا گەورەی دەنێژرێت، هەزاران سلاَو بۆ گیانی پاكی

* لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٣٧٤ چوارشەممە ١٦-٧-١٩٩٧ بلاَوم كردۆتەوە

## حەسەن حەیرانی ورە بەرز

**⋆حەسەن حەیران کێیە ؟**

حەسەن کوڕی قادر کوڕی خەلیل، لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی تەلەرخێمی گەورە لە دایك بووەو لە هۆزی ڕۆژبەیانیە، لە ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکات و لە ساڵی ١٩٦٣ چەکی شەرەف هەڵدەگرێ و دێتە مەیدانی خەبات، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەیەکی بە جەرگ و ورە بەرز بوو، خۆشەویستی هەموو کورد بوو پەروەرێك بوو بە تایبەتی جەماوەری شۆڕش و هۆزەکەی.

حەسەن حەیران هەردەم بەرژەوەندی میللەتەکەی خۆی زیاتر دەویست لە بەرژەوەندی خۆی بۆیە ئاوا جێگەی ڕێزو تەقدیرو ئیحترام بوو، لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجی میللەتی چیاو دەشت و دۆڵ نەما خەباتی لێ نەکات، نەداری و دەست کورتی نەما کە نەیکێشێ، زۆرجار لە دوای سەرکەوتنی گەورە لەلایەن سەرۆك بارزانیی نەمر بانگ کراوەو ڕێزی لێنراوە، مێژوو هاوسەنگەرانی شایەدمانی دەدەن و دەڵێن لەو کاتەی لە دەشتی هەولێر هاتۆتە گۆڕەپانی خەبات تاکو نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ شەڕ نەبووە بەشداری تیایدا نەکات، وەك شەڕە بەناوبانگەکان کلاو قاسم، هەیبەت سوڵتان، سەفین، زۆزك، هندرێن، کیلی ڕەش ...هتد.

* حەیران و لاوکەکانی حەسەن حەیران.

چەند حەیرانێك نەبێت بەسەر خۆشەویستی خۆیدا گوتووە، ئەوانی دیکە بەشی هەرە زۆری بەسەر جۆری کەلەپورو ناوچەکانی کوردستان گوتووە وەك مێژوو نووسێکی جوگرافی دەوری خۆی بینیوە، جگە لەمەش دەورێکی وای دەبینی لە گەرمەی شەڕ بۆ بەرز کردنەوەی مەعنەویاتی پێشمەرگە لە بەرامبەر دوژمن، جگە لە قارەمانێتی خۆی بەدەست، ئەو لاوکانەی کە تۆماریش کراون چەند لاوکێکن وەك دەلێ وایی، سمایلۆ ،عەلۆکە شێخانی، چەتۆ و فەرعۆ، غەزاڵ

غەزال، مێوان مێوان، ئەوەیش گوزارشت لە قارەمانێتی هاوسەنگەرانی دەکات

* ئەو کەسانەی کە حەسەن حەیران خۆشی دەویستن ؟

خۆشەویستانی حەسەن حەیران بریتی بوون لە بەڕێزان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و کاك مسعوود بارزانی و موحسین دزەیی و فازل میرانی و خورشید شێرەو سەید کاکەو عەبدولڕەحمان حاجی عەلی و بارزانی مەلا خالید و ڕۆستەم وحەمید و عەلی تەکتریۆف و موحەممەد مەحمود و فارس باوە و عەریف سەلیم و ئاودەل ئیبراهیم و جەعفەر سادق و موحەممەد ئەمین سادق و موحەممەد بەربەیار و دەروێش خەلیفە سادق و ئەمانەو چەندین هەڤاڵ و پێشمەرگەی قارەمانی دیکە.

* چۆن چووە مەیدانی حەیران و لاوك گوتن ؟

برایەکی هەبوو بە ناوی دەروێش خەلیل خاوەن دەنگێکی ڕەسەن بوو لە حەیران گوتن، حەسەن حەیران لاسایی دەکردەوەو کۆڵی دڵی خۆی دادەڕشت لە لاوکیش عەشقی دەنگی حەسەن لاوك و کاوێس ئاغا بوو.

* لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٢٩ پێنج شەممە ٩-١٠-١٩٩٧ بڵاوم کردۆتەوە

**حەیرانبێژی  شۆڕش و مقاوەمەت**

**حەسەن حەیران**

* بەهەشتی حەسەن حەیران کێیە ؟

حەیران بێژو لاوك بێژو شمشاڵ ژەنی شارەزای میللەتەکەمان بوو، خاوەن ژیانێکی پڕ لە سەروەری بوو، لە ٤٧ساڵ تەمەنی ٢٣ ساڵی لەناو شۆڕش و بەرەی گەلدا بەسەر برد، لەنێو خەڵك و هۆزەکەی ڕێزی هەبوو، ڕۆڵێکی بەرچاویشی هەبوو لە ژیانی پێشمەرگایەتیداو بە گوتنی حەیران و لاوك لە گەرمەی شەڕدا ورەی پێشمەرگەی بەرز دەکردەوە ئێستاکەش کە دەنگە بەسۆزەکەی بەر گوێی هاوسەنگەرانی دەکەوێ زیاتر بیر لە ڕۆژانی بەرخودان و خۆڕاگری دەکەنەوە، بە تایبەتی لاوکی دەڵێ وایێ، دوور نییە ئەم پرسیارە لە دڵی گەلێ کەسدا بێت کە بۆچی بەرهەمی کەمە ؟ وەك دەگێڕنەوەو دەڵێن خۆی گوتیەتی ئەم لاوك و حەیرانانە تەنیا بۆ ئەوەیان دەڵێم کە لە شەڕدا گەرم دەبم لەگەڵ دوژمن، لەکاتی سەرکەوتنی گەورەشدا لاوکێك بەسەر هاوڕێیە شەهیدەکانی خۆمدا دەڵێم، کە هەرگیز لە یادیان ناکەم وەك شەهیدان عەلی تەکتریۆف، موحەممەد مەحمود، ڕۆستەم، حەمید، کە چۆن لە داستانی قارەمانێتیدا درەوشاونەتەوەو خۆیان لەسەر ڕێبازی کوردایەتیدا کردوەتە قوربانی، جگە لە چەند لاوك و حەیرانێك نەبێت کە تۆمار کراون، وەك لاوکی دەڵێ وایێ، سمایلۆ ، چەتۆو فەرعۆ، مێوان مێوان، عەلۆکە شێخانی، غەزاڵ غەزاڵ، بەڵێ حەسەن حەیران دەنگ خۆش و لاوك زان و حەیران بێژو شمشاڵ ژەن ونوکتە زان و نیشانەشکێنێ بە توانا بوو، ئەو مەجلیسەی ئەو لێی دادەنیشت گەرم و گوڕی دەکرد، چەتۆی کوڕی دەڵێ: لە سەرەتای لاوێتیدا باوکم لاسایی حەیرانەکانی مامی دەکردەوە کە بە دەروێش خەلیل ناسراو بوو، لە لاوکیش عەشقی دەنگی حەسەن لاوك و کاوێس ئاغا بوو، گەرچی بۆی نەکرابوو

بچـێتە قوتابخانــە بــەڵام بــە هــەوڵ و هیمــەتی خــۆی، خــۆی فێــری نووســین و خوێندنەوە کردبوو، گەلێ دەستنووسی شیعریشــی هــەبوون بــەڵام بــە داخــەوە ون بوون.

* کورتەی ژیانی.

حەسەن کوڕی قـادر کـوڕی خـەلیل، لـە سـاڵی ١٩٣٧ لـە گونـدی تەلـەرخێمی گەورە لە دایك بووەو لە هۆزی رۆژبەیانیە، لە ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشــی ئــەیلوولی مــەزن کــردووەو لەســاڵی ١٩٦٣ بۆتــە پێشــمەرگە، لەبــەر ئــەوەی پێشمەرگەیەکی بە جەرگ و ورە بەرز بوو خۆشەویستی هـەموو کـورد پـەروەرێك بـوو بەتایبــەتی لــەنێو شــۆڕش و هۆزەکـەی، بـەڵێ حەســەن حــەیران هــەردەم بەرژەوەندی میللەتەکەی خۆی زیـاتر دەویسـت لـە بەرژەوەنـدی تایبـەتی خـۆی بۆیە ئاوا جێگەی ڕێزی تایبەتی هـەبوو لـە پێنـاو بـەدیهێنانی ئامـانجی میللـەتی، چـیاو دەشـت و دۆڵ نـەما خـەباتی لێ نـەکات، نـەداری و دەسـت کـورتی نـەما نەیکێشێ، ئاوارەیی و دەربەدەری نەما کەنەیکێشێ لە پێناو میللەتەکەی.

حەسەن حەیران گەلێك جار لەپاش سەرکەوتنی گەورە لەلایەن بـارزانیی نـەمر بانگ کراوەو ڕێزی لێنراوە، هاوسەنگەرانی شایەدمانی ئەوە دەدەن لەو کاتەی کە هاتە گۆڕەپانی خەبات تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ شـەڕ نـەبووە لـە دەشـتی هـەولێر بەژداری تیانەکات، وەك شەڕە بەناو بانگەکانی لەوانە کلاو قاسم، زۆزگ ،هنـدرێن ،سەفین ،هەیبەت سوڵتان ،گیلی رەش و..هتد.

حەسەن حەیران خاوەن دوو خێزان بوو، لە خێزانی یەکـەم کـە نـاوی حەلیمـە موحەممەد ئەمین ئیبراهیم، دایکی کوڕ و کچێك بوو، چەتۆ بە ناوی لاوکی چەتۆ و فەرعۆ، کچەش بە ناوی مەهان، ئەویش بە ناوی شارۆچکەیەك بوو لە وڵاتی ئێـران کە لەپاش نسکۆ لەوێ نیشتەجێ بوو ، خێزانـی دووەمـیش کـە نـاوی سـوعادەت ئیسـماعیل، سـێ کـوڕ بـە نـاوی ئـەمیر، کـە ناوەکـەش بـۆ قارەمـانێتی ئـەمیر ئەرسـەلان، ئومێـد، هیـوا، بـەم ئومێـد و هیوایـە بـوو کـە ئـەمرۆ تیـدا دەژیـن کـە خـاوەنی پەڕلـەمان و حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتانین، سـێ کچـیش بـە نـاوی

خەرامان و پەیمان و شیلان.

له ساڵی ١٩٧٥ كه نسكۆی شۆڕشی ئەیلول ڕوویدا، حەسەن حەیرانیش ڕوو له ئێران دەكات، گەلێك جار كه غەریبی ڕووی لێدەناو یاخود بیری له بارزانیی نەمرو هاوسەنگەرانی و خاك و جوانی كوردستان و پێشمەرگه شەهیدەكان دەكردەوه وەك عەلی تەكتریۆف، ئەحمەد حاجی عەلی، موحەممەد مەحمود، حەمید ، ڕۆستەم و چەندانی دیكه، ئەوا هوردە، هوردە فرمێسكی دەباراندو بە حەیران و لاوك وەسفی ئەو قارەمانیەتیەی دەكردن كه به چاوی خۆی بینی بووی، بەڵێ حەسەن حەیران لە سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵاندا، جاریكی دیكە چەكی پێشمەرگایەتی دەكاتەوه شان و بەشداریەكی كارای تیدا دەكات.

له ڕێكەوتی ١٦-٧ - ١٩٨٤ به هەزار حەیف و مخابن لە گەشتێكی نێوان نەغەدەو ڕەزاییه به كارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی سپارد، لە خاكی غەریبی و بە مراز نەگەیی و كه چاوەڕوانی هیوا و ئومێد بوو بۆ ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆ، لەسەر وەسیەتی خۆی كه وتبوی كە مردم تەرمەكەم بگەڕێتەوه گردی شەهیدان لە گوندی تەلەرخێم و لە نێوان شەهیدان موحەممەد عەلی ڕۆژبەیانی و ئەنوەر ڕۆژبەیانی و تاهیر ڕۆژبەیانی و عەزیز ڕۆژبەیانی و نەمران قادر خەلیل و مام دەروێش خەلیل بمنێژن ، بۆیە لە ساڵی ١٩٩١ تەرمەكەی لە نەغەدەوه دەگوازنەوه گردی شەهیدان له تەلەرخێم و وەسیەتەكەی دەهێننه دی.

* ژیانی نێو شۆڕشی .

له تەمەنی نێو شۆڕشی، هەردەم ئارەزوومەند بوو له هێرشی پێشەوه بێت، لەزۆر هێرشدا سەركەوتنی بە دەست هێناوه، بە شایەدمانی ئەوانەی ئاگادار بوونەو یاخود لەنێو سەنگەر بەشدار بوونە بۆیە زۆر جار بە هۆی ئەم سەركەوتنانه بارزانیی نەمر ڕێزی لێناوه.

*حەیران و لاوكەكانی.

چەند حەیرانێك نەبێت بەسەر خۆشەویستی خۆیدا گوتووه ئەوانی دیكە بەسەر جۆری كەلەپوورو ناوچەكانی كوردستاندا هەڵڕشتووه وەك مێژوو

نووسـێکی جـوگرافی دەوری خـۆی بینیـوە، جگـە لەمـەش لـە گەرمـەی شـەڕ مەعنەویاتی پێشمەرگەی لە بەرامبەر دوژمن بەرز دەکردەوە، بـە تایبـەت لاوکـی دەلێ وایـێ ئێجگـار کاریگـەر بـوو چـونکە تـەعبیری لـە بـەرگری و قارەمـانێتی پێشمەرگە دەکرد، هەروەها لاوکە تۆمار کراوەکانی وەك سمایلۆ ،چـەتۆو فـەرعۆ، مێوان مێوان، غەزالێ غـەزالێ، عەلۆکـە شـێخانی ئـەوانیش تـەعبیر لـە قارەمـانێتی هاوسـەنگەران دەکـات، جگـە لەمانـەش چـەند لاوکێکـی دیکـە کـە تـەعبیر لـە قارەمانێتی چەند شەهیدێك دەکات کە لـە بـەرگری کردنـدا شـەهید بوونـە لەمانـە شەهید ڕۆستەم کە لەگیلی ڕەش شەهید بوو، لە لاوکەکـە ئیشـارەی پـێ دەکـات کە دەیگوت: ئێمە کۆمەڵێك پێشمەرگە بووین، دابەشی چەند قۆپکـە شـاخێك کـرا بووین بۆ بەرگری کردن، خەریکی شەڕ بووین لەگەڵ دوژمن ئـەو قۆپکـەی شـەهید ڕۆستەم بەرگری لێ دەکرد بە توندی کەوتە بەر هێرشی تـۆپ و تـەیارەی دوژمـن، منیش چوومە هیمدادی شەهید ڕۆستەم ، بەڵام کە حەیف کە گەیشـتمە لای دیـتم پێـی پێـوە نـەماوە، لەگـەڵ ئەمـەش هـەر خـەریکی تەقـە کردنـە لـە دوژمـن، وەخوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو کە چاوی بە من کەوت گوتی: حەسەن حەیران هاتی.

گوتم: بەڵێ.

گـوتی: یـەك شـتم بـۆ بکـە، ئـەویش جـەنازەی مـن مەهێڵـە بکەوێتـە دەسـتی دوژمن، جا باوەشم لێ وەرینا لـە ئامێزمـدا گیـانی سـپارد، ئینجـا پشـدێنەکەم لـە پشتی قایم کرد و بە دوای خۆمدا ڕامکێشا، جەنازەکەم نەهێشت بکەوێتە دەستی دوژمن.

هەروا سەبارەت بە شەهید حەمید کە لە چیای هەیبەت سـوڵتان شـەهید کـرا، لە لاوکەکانی خۆی ئیشارەت بە قارەمانێتی شەهید حەمید دەکات و دەیگوت:

ئێمە لە چیای هەیبەت سولتان بووین دوژمن زۆر بە توندی ئابلۆقەی داین لـەو کاتەدا تەقەمەنیمان کەم پێ مابوو ئەفسەرێکی هێزی دوژمن بـە میکرۆفـۆن داوای تەسـلیم بـوونی لێ کـردین، هێـزی دوژمـن وردە، وردە لێمـان نزیـك دەبوونـەوە،

ئێمەش کەوتینە تەقە کردن لە دوژمن، شەهید حەمید قارەمانانە هێرشی برد بۆ ئەفسەرێك کە ڕەشاشی برێنی پێ بوو ، بە سزای گەل و شۆڕشی گەیاند، کوچکەی ڕەشاشی برێنەکەی لەسەر پشتی ئەفسەرەکە دانا، دەستی بە تەقە کردن کرد ڕووەو دوژمن و بانگی منی کردو پێی گوتم:

حەسەن حەیران شۆڕشی کورد بە گرتنی ڕەبایەك یاخود قۆپکە شاخێك نیە، دەبێ تۆ ئەو پێشمەرگانەم بۆ ڕزگار بکەی من تازە ناتوانم بگەڕێمەوە لاتان، بەڵام من ڕێگاتان بۆ دەکەمەوە، خەمی کوشتنی خۆم نییە بەڵام حەیفی ئەوەمە بە چاوی خۆم ئاڵای کوردستانم نەدیت، شەهید حەمید دەستی بە تەقە کرد لە دوژمن توانی ژمارەیەك لە دوژمن بکوژێ و ڕێگەی بۆ ئێمەش کردەوەو ١٨ پێشمەرگەشی بەم جۆرە ڕزگاریان بوو، شەهیدیش بەردەوام بوو هەتا دوا گوللەی کە ئەویشی لە خۆداو خۆی گەیاندە ڕێزی کاروانی شەهیدان.

بەڵێ حەسەن حەیران تەنیا لاوکی بۆ ئەمانەو حەیرانی بۆ سەر کەوتن و مەعنەویاتی بۆ پێشمەرگە دەیگوت، بۆیە تۆمار کراوی کەم بوو، هەروا ئەو کاسێتەی کە زۆر بڵاوە، بۆ ئەویش هەوڵی زۆردا کە کۆی بکاتەوە، بەڵام لەبەر دەنگ خۆشی و لێهاتوویی و خۆشەویستی حەسەن حەیران لەناو جەماوەری کوردستان، بە تایبەتی لە دەشتی کاکی بە کاکی هەولێردا بڵاو بۆوە، ئەم کاسێتەش کاتی خۆی لە شاری هەولێر لە ماڵی جەلال موحەممەد عەبدولڕەحمان لە گەڕەکی ڕزگاری بە ئامادەبوونی خوالێخۆشبوان لەتیف چەخماخچی و قادرو عەریف سەلیم و عەلی کەبرای حەسەن حەیران و حەسەن گەردی ئامادەی کۆڕی تۆمار کردنی کاسێتەکە بوو، سەرەتای تۆمارکردنی حەیرانەکان لە دوو پارچەی یەکەمدا پیاوێك بە ناوی سلێمان نەبی ئەویش خەڵکی هەولێر بوو لە گەرەکی ڕزگاری دادەنیشت بە شمشاڵی خۆی بۆی دەژەنی بەڵام دیار بوو، شمشاڵ ژەنینەکەی بە دڵی نەبوو ڕوخسەتی لێوەر گرت و بە خۆی تا کۆتایی شمشاڵەکەی ژەنی کە خاوەن تۆمارگا لەتیف چەخماخچی بوو، حەیف کە ئێستا کەسیان لە ژیاندا نەماون ٠

* دوا بەرهەمی حەسەن حەیران.

دوا بەرهەمی ئەم زاتە پاکە لاوکێك بوو لە بارەی نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، کە دەڵێ:

ئەوە چ قەوماوە، تەمە یان تومانە
یان ئەستێرەیە لەمە داڕێژتیە مەیدانە
سەرۆك بارزانی لە وەڵامدا دەڵێ:
نەتەمە، نەتومانە
نە ئەستێرەیە داڕێژترایە لە مەیدانە
بەڵکو ئەمە سێ دەوڵەتە
تەگبیری خۆ دانایە
یەکیان شایە
دووەمیان دیان بۆما دایانا
سێیەمیان سەدامی بێ دین و بێ ویژدانە
بەڵام خەیاڵی وان خاوە
فکرو هۆش سەرێ وان نەمایە
شۆڕشێ مە شۆڕشی مێرانە
شوعارێ مە کوردستان یان نەمانە

* لە گۆڤاری هەولێر ژمارە ٩ زستانی ٢٠٠١ بڵاوم کردۆتەوە

## حەسەن حەیران ...دەنگێکی نەمر

هەریەکـەمان چـیرۆکی تایبـەت بـە خۆمـان هەیـە، بـەڵام کـام چـیرۆك لـە خوێندنەوەی بەختیارو دڵخـۆش دەبیـت وخۆزگـەی ئـەوە دەخـوازی مێـژووی تـۆ بێت، ئەوی خۆی بە مرۆڤ پێناسە بکات ئەو مێژووەی گەرەکەو هـەوڵی بـۆ دەدات کە زۆرینەی خەڵك خۆزگەی بۆ بخوازن ژینـی ئـەوان بوایـە، لـە وانەیـە پرسـیارێك دروست بێت بۆ، لە وەڵامدا لەوە خۆشتر دەبێ هەبێت مرۆڤ لەبیر کردنەوەی ئەوە بێت ژیانی بێ سوود بەڕێ نـەکات، ئـەی ژینـی بەسـوود دەبـێ چـۆن بێـت و کـام کـەس بگرێتـەوە، ئـەوەش پێویسـتە هەریەکـە لـە ئێمـە مانـان بـە زوویـی وەك شارەزای مەیل یەکسەر زەینەکەمان بێ دوو دڵی دەست لەسەر دابنێ و بڵـێ ئـەو مرۆڤەی بۆ خۆی نـاژی بـۆ گـەل دەژی ژینـی خـۆی تـەرخان دەکـات بـۆ خزمـەت نیشتمانەکەی، ئەوەی بیر لە نەمانی گیانی ناکاتەوە بەو ئومێدەیە نیشـتمانەکەی ئازاد بێت.

لەنێو ئێمەی کورد زۆر هەبوون و ئێستاش هەن، یەکێ لەو مرۆڤانـەی چـەندین ناسنامەی لە ژینی خۆی بەخشی تا کورد مابێ دەمێنێ حەسەن حەیران بوو، ئەو زاتە کورد گوتەنی ئەوەی بیری لێ نەدەکردەوە گیانی بـوو، گەرچـی هـەمووشمان دەزانین لە گیان شیرینتر نییە، ئەو ناسـنامەی شـەهید، پـاك، هونـەر کـە خـاوەن دەنگێکـی نـەمر کـە چـەندین حەیرانبێـژ بـە لاسـایی ئەشـقی ئـەو حـەیرانیان هەڵبژاردووەو جەماوەریش لە بیستنی ئەوان دڵخۆشن، ڕەوشتی حەسەن حـەیران زۆر بـەرز بـوو، ئـەو زاتـە دڵسـۆز ،پـاك، بـە وەفـا، پێشـمەرگە، چـاونەترس، دەنگخۆش، حەیرانبێژ، لاوکبێژ، نوکتەزان، بـە زەوق، شـایی زان، شمشـاڵ ژەن، مەجلیس خۆش، حەز لەگەشـت کـردن، بۆیـە بـە زۆربـەی ناوچـەکانی کوردسـتان گەڕاوە، هەروەها بە جێگەیاندنی پەیمانەکەی کە تەمـەنی بـە کوردایـەتی بەسـەر

بـەرێت، ئەمانـەو چـەندین سـیفەتی بـەرزی دیکـەی مرۆڤایـەتی کردبـووە ئـەرکی سەرشانی خۆی بەڵگەش زۆر لە هاوڕێیە دڵسۆزەکانی لـە ژینـدا مـاون و حـەیف و مخابن بۆ کۆچی دەخوازن و ڕۆژگارە شیرین و تاڵەکانیان لەگەڵیـدا مەحاڵـە لـەبیر بکەن، ئایا هەر یەکـەمان خۆشـترین و ناخۆشـترین یادگـاری لـەیاد دەکـەین، ئـەو ڕۆژانەی لە ژینێکی ئێجگار تاڵ ژیاوین یان ئـەو ڕۆژانـەی مـوژدەی خۆشـیمان پـێ بەخشراوە چۆن لەیاد دەکرێت، ئینجا حەسەن حەیران لە مەجلیسی دانیشـتن بـە قسەی خۆش و نوکتەو زۆر جـاریش بـە دەنگـە بـە سـۆزەکەی حـەیرانی دەچـڕی یـاخود لـە بۆنـەی خۆشـی کـە دڵـی پـیر و لاوی دەگەشـاندەوە، لـە یـادەوەری هاوڕێیانیش بەتایبەت شەهیدە نەمرەکان ئەوانەی لە سەنگەر سوێندیان بە خـواو کوردستان و بارزانیی نەمر و گۆڕی شەهیدان دەخوارد پشت لـە دوژمـن نەکـەن و بە دڵە جۆشدراوەکەی شۆڕشی ئەیلوولی قوتابخانەو بە وتنی دروشمی کوردسـتان یان نەمان دەجەنگان، ئەوە بە لاوك یادی دەکردنەوە، لەوانە لاوکی دەڵێ وایێ کە یادی شەهید عەلی تەکتریۆف و حەمید و ڕۆستەم و چەندانی دیکە کە بـە لاوك لـە وەسفی قارەمانەتیان دەدوێ، بۆیە هەر یەکەی لـە ئێمـەی کـورد حـەز لـە هونـەر بکات ئەوە مەحاڵە حەز لـە دەنگـی حەسـەن حـەیران نـەکات، چـونکە ڕێگەکـەی بەسەر پێیی نەبوو، بـەڵکو بـە پـاك و ڕوحیـەتێکی ئـاوا کـە هێنـدە بـە بـاوەڕەوە گرتبویە خۆی بۆیە زۆر جاریش هەر خۆی بە شمشاڵ کـاری ئاوازەکـەی ئـەنجامی دەداو ئەمەش بۆ ئەشقەکەی بەڵگەیە، دانانی حەیرانەکان وەك جوگرافیاناسێك بۆ شوێنەکان لە گوند و ناوچەو لە وەسفیش بـۆ چـوونی جـوان و ڕاسـتگۆیانە دەدوا شمشاڵ ژەنینیش لە گەڵیدا، هەروەها لاوکـەکان بەشـێکی وەك چـەتۆ و فـەرعۆ و سمـایلۆ و چـەندی دیکـە ڕاسـتە سـوودی لـە کەسـانی دیکـە وەرگرتـووە، بـەڵام زۆرینەی خۆی دایناوەو لە وەسفی شەهیدە قارەمانـەکان دەدوێ ئەمـەش بـەهرە بەرزی ئەو دەردەخات، هەڵبـژاردنی لـە گـوتنی لاوکـەکانی دیکـە وەك بـۆ نموونـە چەتۆ و فەرعۆ و سمایلۆ و هۆی هەڵبژاردنی ئەمانەش لەبـەر وەسـفی قارەمـانێتی هەڵیبـژاردووە، گـوتنی لاوکـەکان لـەکاتی بۆنـەو یـادەوەری دەیگـوت، گـوتنی

حەیرانەکان زۆربەی لەکاتی هێرشی بردنە سەر دوژمن بە تفەنگ، بە دەنگ گوتنی حەیران بە تایبەت بـە مەبەسـتی جۆشـدانی ورە بـەرزی بـۆ پێشـمەرگەو ئومێـدی سـەرکەوتنی پێشـمەرگەو دۆڕاو و بـەزینی دوژمـن بـوو ئـەم ڕاسـتیەش برادەرانـی شایەدمانن، هـەروەها لـە مـەجلیس و بۆنـەی سـەرکەوتن و دانیشـتنی تایبـەتی و هەندێ جاریش لە کۆڕی دانیشتنی ئێواران حەیرانی دەچڕی ، حەسەن حەیران لە پاکی و دڵسۆزی و بە وەفایی ئـەوە مێـژوو شـایەدمانە زۆر لـە هاوڕێیـەکانیش لـە ژیندا ماون ئـەو ڕاسـتیەیان درکانـدووەو بـڕوا ناکـەم یـەکێ هـەبێ دڵشـکاو کرابـێ لەلایەن حەسەن حەیران تەنها دوژمنانی زۆر دڵشکاو کردووە، چاو نەترسیشی لـە زۆر داستانەکان بەشدار بووەو ئەوانەی لە تەکیا بوونە بەڵگەن کـە چـۆن لـە چـاو نەترسی ئەو زاتە باس دەکەن کـە ترسـی لـە دڵـی نـەبوو چـونکە بـەڵێنی ئـەوەی دابـوو ژیـانی لـە پێنـاو میللەتەکـەی بەسـەر بـەرێ و بـەڵێ بەسـەری بـردو ئـەو ئومێدەشی لە دڵدا بوو کە کورد بە ئاوات دەگات گەرچی مخـابن بـە چـاوی خـۆی نەیبینی، ئەوەی ماوە بڵێین سەلماندی تا کورد مابێ دەمێنێ چونکە تەنها ناوێك نییەو بەس بەڵکو خاوەن مێژوویەکە خۆزگەی زۆر کوردە کـە ببێتـە خـاوەن ئـەم مێژووە پڕ بەهایە، کورد بەردەوامە لە شۆڕش تا ڕزگاری یەکجارەکی و هونـەریش ناسنامەی میللەتـەو حەسەن حـەیران خـاوەن چـەندین لاپـەڕەی پڕشـنگدارە لـە مێــژووی شــۆڕش و داســتانی زینــدوو ئەمانــە هۆکــاری دەوڵەمەنــدی مێــژووی تۆمـارکراوی ئـەو زاتـەن کـە خـاوەن ورە بـەرزی و تـا مـەرگ هـات پێشـمەرگەو خۆشەویسـتی سـەرکردایەتی شـۆڕش و سـەرجەم بـرادەران و دڵسـۆزانی کـورد و نەوەی ئێستاکە، ئەوانەی دڵسۆزی کوردایەتین لـە ڕێگـەی خوێندنـەوەی مێـژووی بەسەر بردووی ئەم زاتە لە پێناو ڕزگاری کورد و کوردستان، ئەوە مـاوە کورتـەی ژیانی ئەم زاتە پاك و نەمرە بەم جۆرەیە.

حەسەن حەیران ناوی تەواوی حەسەن قادر خەلیل، لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی تەلەرخێمی گەورە لە دایك بووە، لە هـۆزی ڕۆژبەیانییـە، لـە ژیانیـدا دوو خێزانـی پێـك هێنـاوە، یەکـەمیان بـە نـاوی حەلیمـە موحەممـەد ئـەمین خـەڵکی گونـدی

تەلەرخێمی گەورە، کورێك و کچێکی هەیە بە ناوی چەتۆ کچە بە ناوی مەهات، لە خێزانی دووەم بە ناوی سەعادەت ئیسماعیل خەڵکی گوندی شۆڕە زەرتکە، سێ کورو سێ کچی هەیە، کوڕەکان ئەمیر، ئومێد، هیوا، کچەکان خەرەمات، پەیمان، شیلان، مەبەستی ناوەکان چەتۆ بە ناوی لاوکی چەتۆ و فەرعۆ کراوە لەبەر ئەوەی چەتۆ پاڵەوان بووە، ئەمیر بە ناوی ئەمیر ئەرسەلان ئەویش پاڵەوان بووە، ئومێد و هیوا بە ئومێد و هیوای ڕزگاری کوردستان.

لە ساڵی ١٩٥٠ ماڵیان هاتۆتە شاری هەولێر، لە سەردەمی ژیانی لە گوند بە شوانکارەیی بەسەر بردووەو دواتر بۆتە پێشمەرگە تاوەکو ڕۆژی ١٦-٧-١٩٨٤ لە گەشتێکی نێوان شاری نەغەدەو ڕەزاییە بە کارەساتی ئۆتۆمبیل وەرگەڕان گیانی پاکی سپاردووە، دواتر لەسەر وەسیەتی خۆی لە ساڵی ١٩٩١ تەرمی پیرۆزی گواستراوەتەوە بۆ گوندی تەلەرخێمی گەورەو لەوێدا نێژراوە٠

چەند نموونەیەك لە حەیرانەکانی

-١-

چەندی گاز دەکەم دەرێم
خۆزیا بە خۆزی داران دەبا من
کوریکەك بامایا لە کوریکی لەیلایێ٠
ئەوەل فەسلی دەرە بواران شین ببام
لەسەر قەراتی پیرە هەولێرێ
هەموو دانی سبەینان دەبا بەرێ خۆم دابایە
هەردوو دەرکەی سەرایێ٠
ئەمن دونێ لە مەرکەزی ژوانێ
گەیمە دوو چاوی بەرەك
لە من وابی دەگەمە مراز و مەخسودی من
نەمدەزانی لە پێیانم دەکەنەوە سندمێ
لە دەستانم دەکەنەوە کەلەمچێ

گەلە بە درەكی غەمبار دەمنێرن
حەفت قۆناغ لە خوار شارەكەی  بەغدایێ
-٢-                -
دەرێم خۆزیا بە خۆزی داران
باجگری ماچان بام لەسەر پردەكەی
كاولە ڕواندزێ
ئەوە لە من لە كیژۆرە بارەكیان
لە گەردەن كێلی ڕواندزیان
لەسەر بە تاسی خۆشناوان
یەقە بە سنجاقی كۆییان
سەر بە مۆری سولەیمانییان
لە عەبا ڕەشی هەولێرییان
لە بسك قوتی سارەییان
لە كیژی خێرەكی و ڕەوەند و ئاكۆیی و مام سار و خەیلانیان
لە شل و مل و چاو بە كل و باغەر شۆڕی دزەییان
وەكی دەری بواران دێنەوە
سەر چاكەكەی سوڵتان عبدوڵڵای  عارەبی
لە گۆڕی مێحجلی
لە گۆمی سێقۆلینجنكی
ناوەللا دەرێم
لە كەندو لەندی كالەكوشافیی
هەزاران سڵاو لە گیانی پاكی ئەو زاتەو هاوبیرانی ئەو كە نەمرن

* لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٥٥٧ دوو شەممە ١٦-٧-٢٠٠٧ بڵاوم كردۆتەوە

## له یادی ٢٦ ساڵەی شەهید حەسەن حەیران
## حەیرانبێژی نیشتمان پەروەردا

به هەردوو ڕەگەز و سەرجەم چین و توێژەکانی کورد ئەوانەی لەو ساتەی دەفامن کەسی دڵسۆزی به وەفای کورد پەروەری لەلا خۆشەویستە، چونکه کورد تاوەکو ئێستا له بەرگریدایه له بەرامبەر ئەو هەموو ناحەزو دوژمنانەی هەن، که دژی ئەوەن کورد به مافی ڕەوای خۆی بگات و لەو ڕێگایەشدا خاوەنی هەزاران شەهید و مەرگەسات و داستانی قارەمانی تۆمار کراوین، هەروەها خاوەنی هەزاران لێهاتوو که توانیویانه خزمەت به کوردستان بکەن، یەکێ لەوانه که خاوەن مێژوویەکی پاکه و دڵسۆزی و قارەمانێتی و بەرخودانی تۆمار کردووە، شەهید حەسەن حەیران–ە، له خوێندنەوەی مێژووی ئەو دڵسۆزه ڕاستیەکان دەکەونه بەر چاوان، حەسەن حەیران ژیانی هەرەزۆری لەنێو شۆڕشدا بەسەر برد وەك پێشمەرگەیەکی قارەمان و هەم دەنگێکی بەسۆز، ئەوەی شارەزای شۆڕش و بەرگری بێت ئەوە مەحاڵه حەسەن حەیران نەناسێت، وەك پێشمەرگەیەکی ئازاو به جەرگ بەشداری چەندین داستانی کردووەو، جگه لەوەی له گەرمەی هێرش بۆ سەر دوژمنانی کوردستان، حەسەن حەیران به دەنگه به سۆزەکەی حەیرانی دەچڕی که گوزارشت بوو له وره بەرزی و خودی خۆی و ئەو دڵسۆزانەی لەگەڵیدا بوون، ئەو هەر زوو ئەوەی دەردەخست پێشمەرگه که نابەزێ و سەر دەکەوێ بەسەر دوژمندا، جگه لەوەش دوای هەر سەرکەوتنێك له پشوودا یاخود لەنێو مەجلیسدا حەیرانی دەچڕی، ئەگەر کەسێکی ئازاو به جەرگ و چاونەترس له پێشمەرگەدا شەهید بووایه ئەوە به لاواندنەوە یاخود به لاوك باسی نەبەردی ئەو پێشمەرگەی دەکرد، هەندێك لەوانه که تۆمار کراون وەك شەهید عەلی تەکتریۆف، حەمید، ڕۆستەم و...هتد ، گومان لەوەدا نییه حەسەن حەیران خۆشەویستی

هەرە زۆرینەی کوردە، چونکە ژیانی لە پێناو کوردستان بەخشی بە دڵسۆزی، جگە لەوەش لەگەڵ هاوڕێکانی زۆر بە وەفاو پاك بوو، هەردەم دژی کەسانی خۆفرۆش بوو، لە دونیای حەیران جگە لە وەسفی عاشقانی پاکی کوردەواری ئەوی دیکەی گوزارشت لە خۆشەویستی هەستی نەتەوەیی دەکات، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ببێت بەو حەیرانبێژە بەناوبانگە.

حەسەن حەیران تەمەنی ٤٧ساڵ بوو، ٢٣ ساڵی ڕەبەقی لەناو شۆڕشدا بەسەر برد تاکو ڕێکەوتی ١٦-٧-١٩٨٤ لە گەشتێکی نێوان نەغەدە و ڕەزاییە بە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل شەهید دەبێت و لەسەر وەسیەتی خۆی لەساڵی ١٩٩١ تەرمە پیرۆزەکەی گەڕێندراوە گوندی تەلەرخێمی گەورە زێدی باوك و باپیرانی لە تەك شەهیدان حەمەد عەلی، ئەنوەر تاهیر، عەزیز قادر خەلیل و دەروێش خەلیل- ی برا گەورەی دەنێژرێتەوە ، ئەوەی پێویستە بگوترێت حەسەن حەیران بووە مرۆڤێکی نەمر، چونکە لە هەردوو ڕێچکەی پێشمەرگەو حەیران چڕین ژیانی بەسەر بردووە، وەك مرۆڤێکی پاك و دڵسۆزو بە ئەمەکی نەتەوەکەی لاپەڕەکانی مێژووی تۆمارکراوێکی پڕ لە شانازی ڕێبازێکی پیرۆزە، ئەو ڕێبازەی کە لەلایەن باوکی ڕوحی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر نەخشەی بۆ کێشاوە ئەویش قوتابخانەی کوردایەتییە، هەزاران سڵاو لە سەرجەم ڕێبازی کوردایەتی.

* لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٥٢٥ هەینی ١٦-٧-٢٠١٠ بڵاوم کردۆتەوە

## حەسەن حەیران
## قاڵبوو لە شۆڕش و حەیراندا

ئـــەوەی خـــۆی بـــە مـــرۆڤ بزانێـــت، ڕێچـــکەی مرۆڤایـــەتی دەگرێـــت و مەحالیشـــە کەسایەتی خۆی لەکـەدار بکـات، ئـەو کەسـانەش ناویـان لـە مێـژووی مرۆڤایـەتی تۆمار دەکرێت، یەکێك لەوانەی لەنێو کورد کە خاوەن کەسایەتیەکی بـەرز بـووەو ناوی تۆمار کراوە، حەسەن حەیران–ە، ئەو مرۆڤە خاوەن مێژوویـەکی پاکـەو بـە پاکی و دڵسۆزی بەشدار بووە لە ڕێچەکەی کوردایەتی و حەیران و لاوك گوتن، بـە هۆیـەوە بووەتـە خـاوەن کەسـایەتیەکی هێنـدە بـەرز مەحاڵـە بـەزار بگوترێـت، لەبەرئـەوەی لـەو ڕۆژەی لەسـەر ڕێبـازی بـارزانیی نـەمر بـاوەڕی بـە کوردایـەتی هێناوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو ڕێچکە پیرۆزە لای نـەداوە، بـە شـایەدمانی سـەرجەم کورد پـەروەرانیش خـاوەن ورەیـەکی هێنـدە بـەرز و چـاونەترس و پـاك و چـالاك بووە، لە شۆڕشی ئەیلوولیش کە پێشمەرگەیەکی دەشتی هـەولێر بـوو، بەشـداری بەشـی هـەرەزۆری داسـتانەکانی ئـەو دەڤـەرەی کـردووە، لـە گـوتنی حـەیران و لاوکیش ئەسپی خۆی تاوداوە، حەسەن حەیران، لـە سـاڵی ١٩٦١ تـا ئـەو ڕۆژەی سەری نایەوە پێشمەرگە بوو، لەبەرئەوەی هێندە باوەڕی بە ڕێبازەکەی بـارزانیی نەمرو کوردایەتی و بە ئومێدی ئـەوەی ئـەو ڕۆژە بێـت دوژمـن ملـی کـەچ بکـات و کورد بە مافی ڕەوای خۆی بگات، بۆیە ئاوا بـەمجۆرە بـەژداری دەکـرد لـە هێـرش کردن بۆسەر مۆڵگەی دوژمن و بەرپـەرچی هێرشەکانی دوژمنانی دەدایەوە بۆسـەر پێشمەرگە، لە دوای هەر سەرکەوتووەیەکیش، بە گوتنی حەیران خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی و کاتێکیش پێشمەرگەیەکی قارەمان شەهید دەبـوو، بـە لاوك وەسـفی نەمەردی و چاونەترسـی ئـەو شـەهیدەی دەکـرد و حـەیف و مخـابنی بـۆ شـەهید

بـوونی دەردەبـڕی، بـە کـورتی حەسـەن حـەیران خـاوەنی ئـەو ئاسـتە بـەرزە کەسـایەتییە بـوو، بۆیـە ببـوە خۆشەویسـتی سـەرجەم خـزم و دۆسـت و ناسیاوەکانی، بەو کەسایەتیە توانی نەمری بۆ خۆی تۆمار بکات، چونکە حەسەن حەیران لەبەرئەوەی وەك پێشمەرگە ئازاو چـاونەترس و ورە بـەرز بـوو، لـە ڕووی کۆمەڵایەتی خاوەن کەسایەتییەك هەردەم ئەو مەجلیسەی ئەو لێی دانیشتووە بـە هۆکاری ئاقڵمەندی و قسەخۆشەکانی و ئەو نوکتانەی کە دەیگوتن، یاخود هەندێ جاریش حەیران و لاوکی دەچـڕی، بەمـە مەجلیسـەکە زێـتر دەڕازایـەوەو دەبـووە جێگای خۆشحاڵی سەرجەم ئامـادەبووان، لـە دونیـای گـوتنی لاوك و حـەیران بـە هۆکـاری دەنـگ خۆشـی و کاریگـەری ناوەرۆکەکـەیان ئـەو زاتـە پاکـە گەیشـتۆتە لوتکە، بۆیە ئەمڕۆ چەندان لەو کەسانەی لە حەزی گوێبیستی لاوك و حەیرانن بـە لاوك و حەیرانـەکانی ئـەو حەیرانبێـژە نـەمرە حـەزەکانی خۆیـان دادەمـرکێنن و بەشـێك لـە ئەوانـەی دەنگیشـیان خۆشـە بـە دەنگـی خۆیـان لاوك و حەیرانـەکان دەبێژن و زۆریش بە گوتنەوەی لاوك و حەیرانەکانی ئەو زاتە بوونەتە حەیرانبێژ و خزمەت بەم بوارە دەکەن، حەسەن حەیران لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی تەلەرخێمی گەورە لە دایك بووەو لە ڕێککەوتی ١٦ – ٧– ١٩٨٤ لە گەشتێکی نێوان نەغەدەو ڕەزاییە بە کارەسـاتی ئۆتۆمبێـل کۆچـی دوایـی دەکـات، لـە سـاڵی ١٩٩١ تەرمـە پیرۆزەکـەی بـە قاچـاغ گەیاندرایـەوە گونـدی تەلـەرخێمی گـەورەو بـە خـاك دەسپێردرێت.

* لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٠٧١ ڕێکەوتی ١٧– ٧– ٢٠١٦ بڵاوم کردۆتەوە

پێرست

ناوەرۆك

– پێشەکی

– پێشکەشە

– کورتەی ژیانی

– حەیرانەکان

– دەربارەی حەیرانەکان

– لاوکەکان

– دەربارەی لاوکەکان

– دەلێ وایێ

– دەربارەی دەلێ وایێ

– سمایلۆ

– دەربارەی سمایلۆ

– گورێ

– دەربارەی گورێ

– دوا لاوکی تۆمارکراوی

– دەربارەی دوا لاوك

– دوا لاوك دەربارەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن

– مێوان مێوان

– دەربارەی مێوان مێوان

– بەستە

– دواندن دەربارەی بەستەکان

– دەڕژێ و دەڕژێ
– لە گوندان کێندەر خۆشە
– کاکە سەرم زۆر دێشی
– وەمەکە
– دواندنی چەند هاوڕێیەکی نزیکی حەسەن حەیران
– خورشید شێرە
– ئاودەڵ
– بارزانی مەلا خالید
– موحەممەد ئەمین ڕۆژبەیانی
– ئیبراهیم حاجی عەلی
– ئەو نووسینانەی لە یادی حەسەن حەیران نووسیومن
– حەسەن حەیران ڕوحی مقاوەمەتی پێشمەرگەو شۆڕش
– حەسەن حەیرانی ورە بەرز
– حەیران بێژی شۆڕش و مقاوەمات حەسەن حەیران
– حەسەن حەیران دەنگێکی نەمر
– لە یادی ٢٦ ساڵەی شەهید حەسەن حەیران حەیرانبێژی نیشتمان پەروەردا
– حەسەن حەیران قاڵبوو لە شۆڕش و حەیراندا